# برادەرە جوانەکە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

میخائیل دارمۆن و ئێیف دیریه

# برادەرە جوانەکە

وەرگێڕانی بۆ کوردی:
شێرزاد هەینی

ناوی کتێب: برادەرە جوانەکە
نووسینی: میخائیل دارمۆن و ئێیف دیریە
ئامادەکردن و وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: سەلیمە لبال
وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێرزاد هەینی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٢٢
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٥٢ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

برادەرە جوانەکە

تایبەتە بەو ژنە ڕەچەڵەک مەغریبییە، کە لەناو خێزانێکی هەژارەوە خۆی پێ گەیاندووە و بووە بە وەزیری دادی فەرەنسی و ئێمڕۆ کەسایەتییەکی دیپلۆماتی کاریگەرە لەو وڵاتە و ئەورووپاش، دیارە کەوا هەندێ جار جیهانی عەرەبی و ئیسلامییش شانازیی پێوە دەکەن.




بەرگی کتێبی "برادەرە جوانەکە" بە زمانی فرەنسی

## ئەو کتێبە...

کتێبەکە بەناوی (برادەرە جوانەکە) بە زمانی فرەنسی، لەسەر رەشیدە داتی ژنە موسڵمانە فرەنسییەکەیە، کە بە ڕەچەڵەک باوک مەغریبی و دایک جەزائیرییە. ئەو لە کارکەری و هەژارییەوە دەبێتە وەزیری دادی فرەنسا. دیارە کەوا کتێبەکە لە فرەنسا رەواجی زۆر بووە و وەزیرەکەشی تووڕە کردووە، بەتایبەتی کە ئاشکرا دەبێت لە پیاوێکی نەناسراوەوە ئاووس دەبێت و کچێکی دەبێت، ئامادەش نابێت ناوی باوکی کیژەکەشی ئاشکرا بکات، زۆرتریش بەوە دەناسرێت، یان قسەی لەسەر بووە کە لە سەرۆکی فرەنسی سارکۆزی و کۆنە هاوسەرەکەی سیسلیا نزیک بووە و بەردەوامیش لە کۆڕ و سەفەرەکانی سەرۆکیش هاوشان بووە.

ئەو کتێبە بە زنجیرە لە مانگی مارسی ٢٠٠٩دا لە ڕۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی بڵاو کراوەتەوە.



رەشیدە پاش دەرچوونی لە کلینکی منداڵبوونەکەی، یەکسەر
بەشداریی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات

## پێشەکیی ئامادەکارە عەرەبییەکەی

پرسیارێک لەو ساڵانە زۆر دەکرا، ئایا رەشیدە داتی، ئەو ژنە موسڵمانە مەغریبییە، چۆن گەیشتووەتە لووتکەی هەرەمی دەسەڵات لە فرەنسا، چۆن ئەو ژنە پۆستێکی گرینگی وەک پۆستی وەزارەتی دادی فرەنسی بەرکەوتووە؟

یان زۆر پرسیاریش دەکرا، چۆن ئەو ژنە ئەسمەرە توانی لە پیاو و ژنەکانی مەیدانی سیاسەت نزیک وا ببێتەوە؟

ئەو ژنە چۆن لە سیسیلیای ژنی پێشووی سەرۆکی فرەنسی نیکۆلا سارکۆزی نزیک دەبێتەوە؟

چۆن ئەو ژنە پۆستی وەزارەتی دادی فرەنسی بەردەکەوێت؟

ئەو ژنە ئێستا نێوانی لەگەڵ ژنە تازەکەی سەرۆک سارکۆزی چۆنە، واتە پێوەندیی لەگەڵ (کارلا برونی) خاتوونی یەکەمی فرەنسی چۆنە؟ ئەگەر ئەو هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ سەرۆکی ئێستای فرەنسی سارد بووە، کێ پشتیوانی لەو دەکات، واتە پاش سارکۆزی کێ دەستی لە پشتی دەدات، تا پۆستی وا باڵای بەرکەوێت؟

ئەو پرسیارانە و چەندان پرسیاری تر سەبارەت بەو ژنە لە کتێبی (برادەرە جوانەکە) وەڵام دەدرێتەوە، کە هەردوو نووسەر (میخائیل دارمۆن) و (ئێیف دیریە) سازیان کردووە. ئەو دوو نووسەرە چەندان لایەنی شاراوە و گۆشەکانی لاتەریکی ئەو ژنەیان هەڵداوەتەوە، بەتایبەتی لەو ماوەیەدا هەموو ساڵۆنەکانی میدیا سەرقاڵی ئەوەن تا بزانن باوکی ئەو کۆرپەی لە هەناوی ئەو ژنە وەزیرە دایە کێیە! هەموو لایەک دەپرسن کێ باوکی (زهرە) دەبێت.!

لەو کتێبەدا ئەو ژنە بە ژنێکی ئینتیهازی ناوی هاتووە و مەبەستیش

پێکانی چەند مەبەستێکە. دیارە ناوی کتێبەکەش لە رۆمانی (برادەرە پیاوەکە) وەرگیراوە، کە لەلایەن رۆماننووسی ناوداری فرەنسی (گی دی موباسان) نووسراوە، کە باس لە پیاوێکی مێباز و چاوبرسی و کۆششکار و هەڵەپاس دەکات، کە چۆن لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەم گەیشتووەتە پلەیەکی بالای کۆمەلایەتی، هەموو ئەو دەسکەوتانەی لە ئاکامی پێوەندییە زۆرەکانی بە جۆرەها ژنەوە هەبووە.

ئەو ژنێکی تەمەن چل و سێ سالانەیە، زۆر شەیدای پۆشاکی گرانبەهایە، بەتایبەتی پێلاوی گرانی بەرز لە پێ دەکات. ئەو ژنە لە پاش دانانی کۆرپەکەی یەکسەر لە کلینکی منداڵبوونەوە هاتووەتەوە ناو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆشکی ئەلیزێ، بەوەش هەموو ترادیسیۆنەکانی ناو کۆمەڵی لە پێ کردووە. بەکورتی ئەو ژنە زۆر شەیدای ناوداری و بوونە ستاری هەبووە، بە هەموو بوار و بەرنامەیەک کۆششکار بووە بگاتە پلەیەکی بالا. ئەو ژنە بە ئاوسبوونەکە و منداڵبوونەکەی و گەیشتنی بەو پۆستەی ناودارە نەبووە، بەڵکو ئەو زۆرتر بەوە ناسراوە کە چۆن ستراتیجییەکەی هەڵبژاردووە بۆ گەیشتن بەو پۆستە، چۆن ئەو ژنە بێگانە عەرەبە، وا ئاسان و خێرا گەیشتووەتە ئەو پۆستە بالایە.

ئەو دوو نووسەرە لە کتێبەکەیاندا زۆر کارکەر بوون تا نهێنییەکانی کۆشش و بەرنامەی گەیشتنی ئەو ژنە بەو پۆستە بدۆزنەوە، چونکە هەموو لایەک و خوێنەرانیش پەرۆشی زانینی ئەو راستییەن و وێڵن بە دوای وردەکارییەکان، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ژنە بچێتە ناو پەرلەمانی ئەورووپایش، رەنگە وردەکارەکانی کارنامەی ئەو ژنە وەزیرە زۆر سەرچڵی و گیانبازیشی تێدابێت.

## ١

## ڕەشیدە کەی لە پیاوان نزیک بوویتەوە و کەی لێیان دوورکەوتووەتەوە؟

لەو ڕۆژەی نیکۆلا سارکۆزی گەیشتووەتە سەر کورسییەکەی لە گۆڕەپانی (بوڤۆ) لە ساڵی ٢٠٠٣، بیری لە کۆشکی ئەلیزێ کردووەتەوە، نیازی گەیشتن بووە بەو شوێنە پایەدارە، ئەو خەونەشی زۆری نەخایاندووە، ماوەیەکی دوور و درێژی نەویستووە، ئەو تەنها بە چوار ساڵ خەبات و کۆشش گەیشتووەتە کۆشکی ئەلیزێ. ئەو بە ڕامانە سەنجڕاکێشەکانی، بە بەرنامە نوێیەکانی رای گشتیی فرەنسی بەزۆرینەی دەنگ بۆ لای خۆی راکێشاوە، بەوەش باڵی راسترەوەکانی ئیستفزاز دەکرد و رووبەرێکی بەرینی لە ناو جەماوەرەکەی جاک شیراک داگیر کردووە. سەرۆکی پێشووی فرەنسی جاک شیراک بەناچاری بیر و هزری ئاوێتەبوونەکەی (کوڕە لاسارەکەی) خۆی نیکۆلای پەسند کردووە و تەسلیمی ئەو بووە، پاش ئەوەی باڵی سەرۆک وەزیرانی پێشووتریان (بالادور) لە ساڵی ١٩٥٥ خیانەتیان لە سەرۆکەکەیان دەکەن، لەو ڕۆژەوە شیراک بە چاوێکی فەزوولی و نیگەرانییەوە ئاکاری نیکۆلا سارکۆزی دەهاتە پێش چاوان.

کە ئەو دوو پیاوە بەیەکەوە لە ناو بازنەی داخراودا کۆ دەبوونەوە، چەند رستە و رامانیش لە دەرەوە بەچرپە دەبیسترا، تەونی شاراوەش کەم و زۆر ئاشکرا دەبوون، لەو دەمانە نیکۆلا سارکۆزی وەزیری ناوخۆی فرەنسی بوو، لە یەکێک لەو قسانەی کە پاشان زانرا، لە دیمانەیەکانیدا شیراک بە سارکۆزیی وتبوو:

(نیکۆلا تۆ مافی خۆتە، خۆت بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی وڵات کاندید بکەیت، من هەست دەکەم وزە و بەهرەی ئەو پۆستەت تێدایە، دوودڵ

مەبە، خۆت کاندید بکە).

لەو دەمـانەشـدا هەمـوولایەک لەناو بەرەکـەی نیکۆلا سـارکـۆزی خـەریکی سـازکـردنی چەکـەکانـیان بوون، باش خۆیان ساز دەکـرد، خـۆیان چەکـدار دەکرد، نەخشـەسازیی پێویستیان دەکرد، پاڵەوانەکەی ناو گۆڕەپانی بوڤۆیش ئازایانە هـەمـوو پلانـەکەی دژ بەکـارنامـەی خـۆی هـەرەس پێ دەهێنا، هـەمـوو بەرنامـەکانـی تێک دەشکاند. ئەو منەتی بە کـەسـە نەرمـەکـان و ئارامـەکـانی مەیدانەکە نەبوو، لێیان نەدەترسا، خەمی سەرەکیی ئەو ئەوە بوو، ناوی ئەو لە سـەرەوەی دروشـمـەکان هەبێت، مـەردانە و زۆریش بە یاوەرەکـانی تیـمـەکەی وتووە:

(ئەگەر من لەو هەڵمەتەدا سەرکەوتم، هیچ کەسێک و هیچ بەرنامەیەک ناتوانێ من راگرێت، من بەو رێبازەوە بەرەو پێشەوە دەڕۆم).

لە ڕۆژی ٢٠ی نۆڤـمـبـەری ٢٠٠٣دا سـارکـۆزی بۆ پۆسـتی سـەرۆکـایەتی کاندید کرا، لەو دەمانەشـدا دوا رامانی لە بەرنامە ناودارەکەی بەناوی (١٠٠ دەقـە تا ئیـقنـاع دەبیت) دانا، کـە لە کـەنـاڵی فـرانس ٢ی تەلەڤـزێونـی پەخش دەبوو، ئێـمـەش پرسـیـارمـان ئەوەیە، ئایا سـارکۆزی لەو دەقـەیەدا بیـری لەوە کردیتەوە، ئەو ببێتە سەرۆکی فەرەنسا؟

کۆشش و خـەباتەکەی (رەشـیـدە داتی) لە بەهاری سـاڵی ٢٠٠٢وە دەسـتی پێ کـردووە، لەو دەمـانـەی ئەو لە دیوانی وەزارەتی نـاوخـۆ دەسـتی پێ کـردووە، بەردەوام بووە بۆ نەخشـەسـازی و ئامادەیی لەناو هەموو گۆشـە و بەرنامەکانی ئەو وەزارەتە زیندوودا، یەکـێـک لە کـەسـە نزیکـەکـانـی رەشـیـدە داتـی، بەو شێوەیە بۆ نووسەرانی کتێبەکە قسەی کردووە:

(کە ئەو لە وەزارەتی ناوخـۆی فرەنسـی دامەزرا، هەمـوو پەیکەرسـازی ناو وەزارەت گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە، تیـمـەکـەی سـارکـۆزی ئەوەیان نەدەخواست، بەڵام ئەو سوودی زۆر لە پشتیوانیی سارکۆزی بینیوە).

***

## من ئامادەم...!

ئەوانەی پشـتـیـوانیی رەشـیـدەیان بەئاشکرا دەکرد دڵنیا بـوون لە بەهرە و تاقـەتەکـەی، پاش مـشـتـومـڕێکی زۆر و بەنـاچاری (کلۆد غـیـان) پێشـوازیی لێ کـردووە، بەڵام دڵنیـاش بوو ڕۆژێ دێ ڕووبـەڕووی پێی دەڵێت، تۆ لەو وەزارەتە شـوێـنت نیـیـە، جـێگات لێـرە نـابێـتـەوە، بـەڵام سـەرەتا وەرگـیـرا .! بەڵام ئەو بەدڵنیاییەوە وتبووی:

(من دەمەوێ لەگەڵ ئەو کەسەدا کار بکەم، من ئامادەم هـەمـوو کارێک بکـەم وەک مـشـکێکی گـچکەش کـار دەکـەم، ئامـادەم لە بن دەسـتی (ئیمـانوئیل مینیـون)دا کار بکەم، بە پەرۆشـەوە کارکردنم لەگەڵ ئەودا پێ خۆشە).

بەڵام غیـان وەڵامی داوەتەوە، کەوا ئیمـانوئیل مـینیون پێویسـتی بە یارمـەتیی ئەو نـابێت. ئەگـەرچی بـەو کـوتکە مـەزنە لە رووی رەشـیـدە دراوە، بـەڵام ئەو دەسـتـەوەسـتـان نەبووە، کۆشـشـەکـانی نەپسـاوە، داوای بینینـی وەزیر نیکۆلا سارکۆزیی کردووە، لە سـاڵۆنی پێشـوازیی وەزیردا، یەکێک لە راوێژکـارەکانی بە رەشیدەی وتبوو:

(پێش ئێـسـتـا رووی نەداوە و نـەکـراوە، کـەسـێکی مـێـینە داوای دامـەزراندنی لە پۆستی راوێژکاری کردبێت و پێشوازیی لێ کرابێت، ئەوەیان ئاسان نییە).

بەڵام برادەرە جـوانەکە کۆتەکـان دەشکێنێت، هەمـوو یاسـاکـان دەبەزێنێت، وەزیری ناوخۆ دەبینێت. ئەو لەگەڵ سارکۆزی لە ساڵی ١٩٩٦ یەکەم دیمانەیان بووە کـە سـارکـۆزی سـەرۆک شـارەوانـی (نویی) بووە. رەشیـدە یەکێک بووە لەو کـەسـانەی پەیامی سـتـایش و رێزی بۆ سـارکـۆزی نـاردووە، ئەو ژنە ئەو جـۆرە نـامـانەی بۆ زۆر لە سیاسـەتمەدارانی ژن و پیاوی چەپ و راست ناردووە، زوو زووش نـامـەی بۆ هـونەرمـەندان و نووسـەران و ژوورنالیـسـتـانیش دەنووسی، هـەروەها نـامەشی بۆ سـترانبێژ (ئـالان سوشـون)یش نووسیوە، ئەویش بە نـامە

وەڵامی داوەتەوە. دانەری (ئەڤینی ١٨٣٠) بۆی نەکراوە بە رووی داواکەی خۆی راگرێت، کە ئەوی گێڕاوەتەوە بۆ ساتەکانی سەدەی هەژدەم.

لە ساڵی ١٩٩٦ سەرۆک شارەوانیی نویی و کۆنە وەزیرەکە، یەکێک بوو لە دیپلۆماتە ناودارەکانی ئەو ڕۆژانەی فەرەنسا، پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتیی ساڵی ١٩٩٥دا لە پشتیوانکردنی تەواوی (ئیداورد بالادور)ی هەموو شتەکانی لەدەست داوە و زۆری دۆڕاندووە، لەو دەمانەدا ڕۆژ و ئەستێرەی سیاسیی ئەو بەرەو گۆشەیەکی نادیار دەچوو. پاش ئەو رووداوە سەرۆک جاک شیراک بە هیچ شێوەیەک رازی نەبوو لە سارکۆزی خۆش بێت و لێبووردنەکەی وەرگرێت، ئامادەش نەبوو پۆستێکی وەزاریشی بداتە سارکۆزی، هەرچەندە راوێژکارەکانی شیراک پێشنیاریان کردبوو چاوێکی لە سارکۆزی بێت، بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێ رووی لێ وەرنەدەگێڕا، ئەگەرچی ئەمینی گشتیی کۆشکی ئەلیزێ (دومینیک دوڤیلیبان) و وەزیری ناوخۆ (ئالان ژووپییە)یش زۆر پشتیوانییان دەکرد و لەلای شیراک قسەی باشیان بۆی دەکرد.

سەرۆکی فەرەنسی سارکۆزی هیچی لەسەر دیمانەی رەشیدە داتی لە بیر نەماوە، بەڵام بەرپرسی ئۆفیسەکەی لەسەر ئاستی شارەوانیی نویی (فرانک لۆڤریی) دیمانەکەی ئەو کەسەی لە بیر ماوە و ئەو ئەوەیان دەگێڕێتەوە:

> (ئەو دەمانە دیمانەکانی سارکۆزی تەنها ماوەی یەک چارەگە سەعاتی دەخایاند، ئەگەر زۆر بووایە دەگەیشتە نیو سەعات، چاکم لە بیرە دیمانەکەی رەشیدە و سارکۆزی تەنها یەک چارەگە سەعات بوو).

***

## دە دەقە

رەشیدە دەڵێت، لە دیمانەیەکی دە دەقەییەدا سارکۆزی رازی بوو من دامەزرێنێت، داواکەی من تەنها دە دەقەی ویستووە. بەڵام راستیی مەسەلەی وەرگرتن و دامەزراندنەکەی مەسەلەیەکی ئاڵۆز و شێوا و بوو، هەموو

لایەنێکی نەزانراوە. یەکێک لە هاوڕێیەکانی رەشیدە داتی، کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات وتوویەتی:

لەسەر داوا و پێشنیازی (بییر بوسکیت دو فلوریا)، گلود غیان رەشیدەی دامەزراندووە، ئەو داوای کردووە، ئەمساڵ دای مەزرێنێت. ئەو لەو ساڵەدا بەرپرسی چاودێریی هەرێمەکە بووە و ماوەیەکی زۆریش بووە کە رەشیدە داتی ناسیووە، ئەو پیاوە بەوە ناسراوە، کەوا کەسێکی لێزان و پسپۆڕ بووە لە دۆزینەوەی بەهرە دەگمەنە پرشنگدارەکان. بوسکیت لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٨ بەرپرسی نووسینگەی وەزیری داد ( ئالبان شالاندون) بووە، هەر لە ساڵی ١٩٨٧ەوە ئەو چاوی لە رەشیدە بووە. رەشیدە ئەو پیاوە قۆزەی لە ئاهەنگێکی سەفارەتی جەزائیر لە پاریس ناسیووە، ئاهەنگەکە بەبۆنەی ساڵیادی سەربەخۆیی وڵاتی جەزائیر ساز کرابوو، ئەو پاش کۆششێکی زۆر توانی داوەتنامەی ئەو ئاهەنگە شکۆدارە پەیدا بکات. لەو ئاهەنگەدا رەشیدە ئەکتەر (رۆجی حنین) ناس دەکات، لەوێش ژماری تەلەفۆنەکانی ئەو وەردەگرێت، پاش ئەوەی سەرسامیی زۆری خۆی بەو ئەکتەرە ڕادەگەیەنێت، ئەویش ئامادە دەبێت ژمارەی تەلەفۆنەکانی خۆی پێشکەش بکات، هەر لەو ئاهەنگەدا رەشیدە دەگاتە لای (شالاندون)ی وەزیری داد بە نازەوە بەویش دەڵێت:

من زۆر بە تۆ سەرسامم، باوکم زۆر باسی تۆی بۆ کردووم، ئەو بێ سنوور رێزی بۆ جەنابتان هەیە. وەزیرەکە لە رووی ئەو ژنە ئەسمەرە بە شۆکەوە دەوەستێت، هەر لەوێ بەڵێنی دەداتێ، نیوەڕۆیەکیان داوەتی بکات، بەڵام داوا دەکات، دانیشتنەکەیان تایبەتی و دووقۆڵی بێت، کەسیان لەگەڵدا نەبێت. وەک چۆن بەنیاز بوون، چۆن بەرنامەیان دانابوو، زۆری نەخایاند یەکەم دیمانەیان دەبێت، رەشیدە سواری (تی جی)ەکەی ترێنە خێراکە دەبێت و دەگاتە پایەتەخت، یەکەم دیمانەیان لە هوتێلی بورڤایی لە پاریس دەبێت، رەشیدە لەگەڵ وەزیری دادی فرەنسی بەیەکەوە و لەو هەوارە نازدارە دادەنیشن، ئەوەیان یەکەم و دوا دیمانە نەبووە، زۆر نامەیان گۆڕیوەتەوە، زۆر جاری

تریش قاوەیان بەیەکەوە خواردیتەوە و نانی نیوەڕۆیشیان زۆرتر بەیەکەوە خواردووە، بۆ دیمانە و داوەتەکان بواریان دەرباز نەدەکرد. لەو دانیشتنانەدا رەشیدە بە نازەوە بە وەزیرەکە دەڵێت، حەز دەکەم کارێکم بۆ بدۆزیتەوە، وەزیرەکەش دڵی کیژە ئەسمەرە تەمەن بیست و دوو بەهارەکە ناشکێنێت، رەوانەی کۆمپانیای ( ئی، ئێل، ئێف)ی دەکات، لە ڕۆژی ١ی یەنایری ساڵی ١٩٨٨ لەو کۆمپانیایە پترۆڵییە دەستبەکار دەبێت، کە وەزیرەکەش لە وەزارەت نامینێت، ئەویش دەگاتە ئەو کۆمپانیایە و بەرژەوەندیی ژمێریارییەکەی وەردەگرێت، رەشیدە تا ساڵی ١٩٩٠ لەو کارە درێژە بەکارکردن دەدات.

***

## ئارەزوویەکی زۆر

رەشیدە ماڵەکەی دەگوازێتەوە شوقەیەکی یەک ژووری لە شەقامی (بورغونی) لە هەرێمی حەوتەمی پاریس، شوێنەکەش لە بارەگەی کۆمەڵەی نیشتمانی زۆر دوور نەبوو. لەسەر پێشنیاز و داوای کۆنە وەزیری دادەکە (بوسکیت دوڤلوریان) کە زۆر لە نێوان باڵی جاک شیراک و باڵەکەی بالادور رۆڵی زۆر کاریگەری دەبینی، زۆریش لە کەسایەتیی دومینیک دوفیلیبان نزیک بوو، بۆیە سکرتێرە گشتییەکەی کۆشکی ئەلیزێ، کە پاش دەرچوونی شیراک لە هەڵبژاردنەکەدا پۆستی وەزارەتی دەرەوەی بەردەکەوێت، هەر لەو سەردەمە و لەو گۆڕانە نوێیانەدا نزیکبوونەوەیەک لە نێوان سەرۆک شیراک و سەرۆک شارەوانیی نوییی نیکۆلا سارکۆزی پەیدا دەبێت.

کە رەشیدە داتی گەیشتووەتە ناو وەزارەتی ناوخۆ لە گۆڕەپانی بوڤۆ، نیەتی پاکی و هاوکارییەکی کاتی لە نێوان وەزیری ناوخۆی بالادوری لەگەڵ کۆنە هاوڕێیەکەی کە لە کاروباری دەرەوە کارکەر بووە کە زۆریش لەگەڵ شیراک هاوسۆز بوو، هاتووەتە کایەوە.

دیارە کەوا سارکۆزی بۆی نەدەکرا داوای کەسێکی وەک بوسکین دو فلوریان رەت بکاتەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی لە پۆستێکی پایەداری سیادی

گەڕاوەتەوە ناو حکوومەت.

برادەرە جوانەکە لە سپتێمبەری ساڵی ۲۰۰۲دا وەک ڕاوێژکارێک بۆ پرس و کاروباری لادان گەیشتووەتە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، لە دیمانەی ناسینیدا سارکۆزی وەزیر، بەو چەند وشەیە پێناسەی ڕەشیدەی بە ئامادەبووان کردووە:

(من هەرگیز پێوەندییم بە کەسێک پەیدا نەکردووە، بەقەد ئەو کەسە ئارەزووی هەبێت بەو شێوەیە کارم لەگەڵدا بکات).

وەک هەندێ کەس دەبێژن (خاوەن کارەکە) لە راوێژکارەکانی دەویست بە هەموو شێوەیەک بۆ کارکردن و هاوکاریکردنم خۆیان ساز و ئامادە بکەن، بیر لە هیچی تر نەکەنەوە، با ژیانی تایبەتیی خۆیان بخەنە ناو دوو کەوانەی داخراوەوە، بەوەش دەتوانن بچینە ناو ژیانی سەرکردەکە و زۆریش نزیک بکەونەوە، دەبێ بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش شەو و ڕۆژ کار بکەن.

لەبەرئەوەی ڕەشیدە زیاد لە پێویست و زۆریش کاری کردووە و شەو و ڕۆژ کارکەر بووە، بۆیە لەگەڵ راوێژکارەکانیدا کەوتووەتە ململانێ، زۆریش بواری نەبوو لەگەڵ تیمەکەشی یەکتری ببینن. هەموویان دەیانووت ئەو ژنە نوێیە و زۆر وریا و ئاگادار نییە، بەڵام هەموویان لەوەدا بەهەڵەدا چووبوون، ئەو زووتر پێوەندیی پتەوی بە گەورە دەسەڵاتدارەکانی حکوومەت و حزبەکە هەبوو، زۆر کۆنە وەزیرەکانی دەناسی، ئەو توێژەش بۆ ئەو بواری کارکردن و کۆششی گەرمتر دەکرد و ئارەزووی نزیکبوونەوەشی بە جۆشتر دەکرد.

***

## ئیدارە و بەردەوامی

لە ماوەی دە ساڵدا ڕەشیدە داتی سوودی زۆری لە پشتیوانیی خاوەن هەفتەنامەی (ستراتیجی) هنری نیجدام وەرگرتووە، کە ئێستا ئەو خاوەنی نوڤیل ئیکونومیستە، ئەو پیاوە ناسراوەی بواری میدیاش، زووتر ڕەشیدە نامەی بۆ نووسیبوو. هنری نیجدام سەبارەت بە نامەکەی ڕەشیدە

نووسیویەتی:

(نامەکەی ئەو رووی زۆر جوان بوو، ئەوەش بوو بواری ساز کرد من بەردەوام نامەکانی وەرگرم و بۆشی بنووسمەوە).

پیاوە ناودارەکەی میدیا کە یەکەم جار لە هوتێلی راڤاییل چاوی بە رەشیدە کەوتووە، ئەوەی لەو دیدارەی لە بیرە، بەو چەند وشەی گێڕاوەتەوە:

(ئەو هەیبەتێکی سەرنجڕاکێشی نەبوو، بەڵام لە چاوەکانیدا ئیرادە و وەستانێکی زۆر گەورەم تێدا بەدی دەکرد، بۆیە ئەو منی بەهێز هەژاند).

لە یەکەم دیمانەی رەشیدە و نیجدام، نیجدام بەوە رازی دەبێت ئامۆژگارییەک بداتە رەشیدە. هەموو لایەک دەپرسین، دەبێ ئەو ئامۆژگارییەی ئەو بۆ ئەو ژنە چی بووبێت؟

لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو ئەو پیاوە سەرقاڵە کاتی ئەوەی نەبووە، ماوەیەک کاتی خۆی بەو کیژە بەفیڕۆ بدات، بەتایبەتی ئەگەر کیژەکە ئەوەندە سەرنجراکێشیش نەبووبێت، یان کەسێکی ناوداریش نەبووبێت، بەڵام ئەو بەو شێوەیە باسی دیمانەکەی کردووە:

(قسەکانی ئەو سەرنجی راکێشام، داوای کرد من ئامۆژگاریی بکەم، من ببمە ڕابەر و مامۆستایەک بۆ ئەو).

رەشیدە زۆر جار بەو شێوازە چوویتە بەردڵان و لە کەسانی ناودار نزیک کەوتووەتەوە، لە دیمانەکانیدا زۆر ناوی کەسانی ناوداری لەسەر زاران بووە، وەک (شالاندون) و (سیمۆن ڤای) و (جۆن لۆک لاگاردیر) و (جاک ئاتالی) ...

ژوورنالیستەکە هەستی کردووە دوو کولتوور لە ناخی ئەو کیژەدا هەیە، یەکێکیان خۆرهەڵاتی تێدا دیارە، کە تێدا رۆڵی ژن چەند بەرجەستەیە، دووەمیشیان خۆرئاواییەکەیە، دیارە بە ڕووی زۆر دەروازەکە کراوەتەوە. داتی لە تەمەنی گەنجیدا زۆرجار ئەو دەستەواژەی دووبارە کردیتەوە، کە تێدا وتوویەتی:

(من خەون بەوە دەبینم لە بەرژەوەندیی ئێوە کار بکەم).

ئەو لە هەموو دیمانەکانی لەگەڵ هەر بەرپرسێک، لەگەڵ وەزیرێکدا، لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی دیاری دەزگایەک ئەو قسەیەی دووبارە کردووەتەوە. یەکێک لەو کەسانەی لەگەڵ ئەودا لە وەزارەتی ناوخۆدا کاری کردووە، وتوویەتی، کەوا رەشیدە بەو شێوازە مامەڵەی لەگەڵ کەسانی بەرامبەری کردووە، سەرچاوەی هێزەکەشی لەوەدا بووە.

***

## پیاوێکی ریکلام

فیلیب لۆزان یەکێکە لە کەسە ناودارەکانی بازاڕی گەرمی ریکلام لە فرەنسادا، ئەوە دەگێڕێتەوە کەوا رۆژێکیان لە ناکاو رەشیدە سەردانی دەکات، وەک چۆن لە ناکاو سەردانەکەی کردووە، هەر بەو شێوەیەش لەلای ئەو دەرچووە. ئەو دەڵێ:

(ئێوارەیەکیان من بۆ پیرۆزبایی جەژنی نیشتمانی سەردانی سەفارەتی مەغریبم دەکرد، لەوێ سەفیرە هاوڕێیەکەم بەڕێز (بادو) ئەوی بە من ناساند، دیارە هاوڕێیە سەفیرەکە هاوڕێی هەردوولامان بوو، لەو دیدارەدا ئەو زۆر زۆرزانانە قسەی دەکرد، لەو دیمانەدا هاوسەرەکەم (ماریشا) زۆر بەو ژنە سەرسام بوو. بەداخەوە هاوسەرەکەشم بە رووداوی ئۆتۆمۆبێل مرد، هەر شەوی رووداوەکەش ئەو هاتە سەردانم، تا کاتژمێر سێی بەیانی قسەمان کرد، من لەو شەوەدا بە رەشیدەم وت، من لە پاریس بار دەکەم و واز لە وەکالەتەکەم دەهێنم و بەیەکجاری دەچمە شاری تەنجەی مەغریب، پاش ئەو دیمانەیە چی تر نەمدیتەوە، دیارە من کەسی زۆر بایەخدار نەبووم بۆ ئەو).

پاش چەند ساڵێک رۆژێکیان دووبارە فیلیب لۆرین لە ئاهەنگێکی مێوانداریدا راوێژکاری نیکۆلا سارکۆزی دەبینێتەوە، لەوێ پێ دەڵێت:

(وا دەزانم ئێمە زووتر یەکترمان ناسیوە).

ئەویش لە وەڵامدا دەبێژێت:

(بەڵێ، منیش هەست بەوە دەکەم).

رەشـــیـــدە ڕۆژانە دەســـتی لە ناو دەفـتـــەر تەلەفـــۆنەکـــەی بووە، لە ناو ئەدرێسەکانی لای خۆی گەڕاوە، بیر و یادگارەکانی بۆ ناسینەوە و دۆزینەوەی کـەسـەکـان و ئەدرێسـەکـانـیـشی زۆر باش بـوو، بێـجگە لەوەش ئەو لـەبەر رۆشنایی زانستی رەوشت لە جیـهانی جوانیدا کاری کردووە و سـوودی لەو چەمکەش وەرگرتووە.

داتی یەکەم جار لە دادگەی بیرون کاری کردووە، ڕۆژێکیان هاوڕێیەکانی سـەرسـام کـردبوو، کـە بینیـبـوویان بەئامـادەبوونی مارسۆ لۆنگ رۆبەکـەی سیمۆن ڤای پۆشیبوو. ئەو پێش دە ساڵ لە نووسینگەی مارسۆ لۆنگ و لە بن دەسـتی شـالاندون راهێنانی کـردووە، ئەو دەمـانە ئـەو سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی باڵای میگراشوون (تێکەڵبوون) بوو.

داتی دەبێتە هاوڕێی نزیکی مارسۆ لۆنگ، هەر ئەویش رەشیدە بە سیمۆن ڤای دەناسێنێت. سیمۆن وەک ژنێکی لێزان چاودێری و رێنوێنیی رەشیدە داتی دەکات، زۆریش باسی دانوستاندنەکانی خۆی لەگەڵ سەرۆکی پێشووی یەکـێـتـیی ئەورووپیـشی بۆ دەکـات، وەزیری تەندروسـتـیی پێـشـووش لە بیرەوەرییـەکانیدا بە درێژی لە گرفـتـەکانی ناو کۆمـەڵگەی فرەنسی دواوە و باسی کردووە، هەروەها باسی بیرۆکەکانی (ریتشارد دسکۆینگ) کە تایبەت بوون بە شێوازی گەشەی زانستەکانی سیاسی لە شارۆچکەکان بۆ کردووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە ناو یەک لاپەڕەی ئەو بیرەوەرییەدا ناوی رەشیدە داتی نەهاتووە. لە بیرۆن ژنە قازییە جوانەکە لەگەڵ سـەرۆکی دادگە نانی دەخـوارد و زۆریش کـامـێـرای بردووەتە ناو سـاڵۆنەکـانی دادگـەش و لە دانیشتنەکانیشدا وێنە گیـراوە، زۆریش گوێی نەداوەتە رێنوێنییەکان و بە گلەیییـەکـانیش سـڵی لەو کـارە نەکـردووەتەوە، لەو مـاوەیەدا داتی زۆربەی

کاتەکانی لە ناو ترێنەکانی روو لە پاریس بەسەر بردووە، لەو سەفەرانەشدا زۆر بە پەلە بووە تا خوانەکانی ئێوارانی لە دەست نەچیت، یان لە شەوچەرە نازدارەکان بێ بەری نەبێت.

***

## ئەڤینی یەک لایەنە

رەشیدە داتی لەو ماوەیەدا (فریدریک ڤرنی)ی پێشکێشکاری بەرنامەی ئەدەبی (مافەکانی نووسەر)ی کەناڵی تەلەڤزێونی فرانس٥ ناسیووە. فریدریک سەبارەت بەو ژنە وتوویەتی:

(من لەگەڵ رەشیدە لە ناو چیرۆکێکی جوانی ئەڤینیدا ژیام، چیرۆکێکی راستگۆیانە بوو، من پێویستم بەدەرچوون و دوورکەوتنەوە بوو، حەزم دەکرد لەو ئەزموونەدا جوان بژیم، من تازە لە هاوسەرەکەم جیا بووبوومەوە، هەناسەیەکی خۆش و سەرفرازم پێویست بوو، من ئەوم دەبردە شانۆگەرییەکان، بەیەکەوە شەوچەرەی خۆشمان بەسەر بردووە، کاتی خۆشمان بووە، ئەویش جاروبار لە سازکردن و پێگەیاندنی بەرنامەکانمان یارمەتیی داوم، بەتایبەتی لەو دەمانە بۆ بەرنامەکەم پێویستم بە کەسانی راوێژکاری یاسایی هەبووایە، ئەو حەزی لە خوێندنەوە نەبوو، بەڵام بایەخی بە بوارەکانی میدیا دەدا).

رەشیدە هێدی هێدی گەیشتووەتە ناو گێژاوی پایەتەخت، کەوتووەتە ناو قووڵاییی شارەکە، لە لقی ئابووریی سەر بە دادگەی ئاڤری دامەزراوە.

رەشیدە لە ناو دەستەی فریدریک ڤرنی کە تێدا ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و کۆمیدی و کارسازانی تەلەڤزیۆن و بوارەکانی میدیای تێدا بوو، ئەو لە ناویاندا وەک گەنجێکی ناسکی چاولەدەر دەسووڕایەوە، لەلای ئەو ئاسان بوو کێی مەبەست بووایە بۆی خۆی رای دەکێشا، هەر بەو پێوەندییانە بوو ئەو توانی بگاتە نووسینگەی نیکۆلا سارکۆزی. ئەو کە گەیشتووەتە ئەو بوارە و ئەو دەروازەی بە روویدا کراوەتەوە، پشتی لە هاوڕێیەکەی کردووە، ئەو

کەسەی دەستی گرتووە و توانی بباتە ئەو مەیدانە، بۆیەش هێدی هێدی لە فریدریکیش دوورکەوتووتەوە، لە ئاراستەیەکی تر لە دەسەڵات نزیک کەوتووەتەوە، لە مانگی مایۆی ٢٠٠٨ بەرنامەکەی بەناوی (کەشتیی نووسەران)ی پێ راگرتووە، بەوەشیان بەهیچ شێوەیەک بیری لە دوارۆژی کۆنە هاورێیەکەی نەکردووەتەوە، بەوەشیان فریدریک تەنها ئەوەندەی وتبوو:

(بێگومان رەشیدە بە شتی ترەوە سەرقاڵە).

٢

## لە وەزارەتی ناوخۆدا

لە ساڵی ٢٠٠٣دا رەشیدە وەک راوێژکارێکی سادە و کەم ئەزموون گەیشتووەتە ناو وەزارەتی ناوخۆ، سەرەتا یەکەم پێگەی لەو وەزارەتە لا زەحمەت بوو، پاش ماوەیەکی کەم لە لۆکاڵەکاندا هەموو گۆشەکانی دۆزیوەتەوە، دەستی گەیشتووەتە بەرنامە و پلانەکانی ناو وەزارەتەکە. ئەو دەسکەوتی زۆری بەدەسهێناوە، دەسکەوتەکانی وەک دیاری بۆ ئەو رێز و کۆک ساز نەکرابوون، راستە کارکەر بوون، بەڵام بەختیاریش بوو لە گەیشتن و سەرکەوتنەکانیدا، هۆکاری سەرەکیش ئەو ژنێکی بەرچاو و شیرین بوو، وەک ژنیش رۆڵی زۆری هەبوو لە گەیشتن و چوونە پێشەوەکاندا.

راوێژکارەکانی نیکۆلا سارکۆزی ژمارەیان زۆر بوو، دەکرێ بگوترێت عەشیرەتێک دەبوون، لە ناو ئەو عەشیرەتەدا زمانی تایبەتی ئاخاوتنیان هەبوو، یاسا و رێسای گونجاو و شایستەیان هەبوو، بەرپرسی راگەیاندنەکەیان (فرانک لۆڤریی) بوو. راوێژکارە پەرلەمانییەکەشی (فریدریک لۆڤایفر) بوو، کەسێکی وەک (بریس هۆرتفۆ)ش راوێژکاری تایبەتی ئەو بوو، هەروەها هەر یەک لە هەڵبژێردراوەکان (پاتریک دفیغیان) و (کریستین ئاستور) و (ئالان جویدندات)یش هاوشانی بوون. ئەوانە هەموویان بەیەکەوە ناوکی ئەو کەسانە بوون کە سارکۆزی لە هەموو کار و بەرنامە و پلانەکانیدا پرسی پێ دەکردن، گوێی لێ رادەگرتن. ئەو ناوانە و ئەو راوێژکارانە لە دەرەوە دەناسران و دەزانرا کەوا سارکۆزی بۆچوون و پرسەکانی بەو کەسانەیە، بەڵام لە پشت پەردەشەوە، کەسانی وەک (ماری هیلین دیبار)یش رۆڵی لە کارنامەی ئەو وەزیرەدا هەبوو. سارکۆزی زوو تێگەیشت ئەو ژنە

بەتوانایە دەتوانی ورد و وریایانە بچێتە ناو کار و وزە و تاقەتەکەی ئەو بێ سنوورە، ئەو کەسێکی تکنۆکراتە و زۆر بە دیسپلینە. لەبەرئەوەی ئەو بەرەچەڵەک خەڵکی دەڤەری کورسکایە، بۆیە لەو دۆسیەیەدا شارەزایە. ئەو ژنە چەند ساڵێک بووبووە سێبەری سارکۆزی، لە زۆر لایەنەوە پشتیوانیی تەواوی کردبوو، سەرەتا و لە کۆتاییی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا لە شارەوانیی نویی کاری لەگەڵدا کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ وەک بەرێوەبەری نووسینگەی (کلۆد غیان) لە وەزارەتی ناوخۆدا دەستبەکار بووە، بۆیەش هەموو دەمێک ئەو یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی ئەو.

بەیانییەکی رۆژێکی شەموو (کاری هیلین)، لەگەڵ کلۆد غیان کە هەموو رۆژانی هەفتە کارکەر دەبوو، هەرگیز لە ئۆفیسەکەی دوور نەدەکەوتەوە، بەیەکەوە سەرقاڵی پێداچوونەوە و راستکردنەوەی راپۆرتەکان بوون. رەشیدە تازە هاتبووە بازنەی (پۆلیسی یەکەم) لە فرەنسا، لە کلیلێک دەگەڕا تا لەو بازنەیە بچێتە ژوورەوە، لەوێ هەست و بیری ئەو ژنە ئۆفیسەکەی خۆی جێ ناهێلێت و دوور ناکەوێتەوە، رۆژانی پشوودانەکانیش سەرقاڵە و ماندووە، بەدیتنی ئەو دیمەنە زۆر هزرو بیرۆکەی بەمێشکدا دەهات، بۆیە لەو رۆژەدا رەشیدە سەردانی ئەو دووکەسی کردووە، کە لەو رۆژە پشووەدا کارکەر بوون، رەشیدە لەو سەردانەدا هاتووەتە تەنیشتیان ورد و درشت سەربردەی خۆی بۆ (ماری هێلین دیبار) و کلۆد غیان گێڕاوەتەوە، باسی دەردەسەرییەکانی ژیانی خۆی کردووە، سەربردەی باوکی، تەمەنی گەنجی خۆی لە شالۆن، چۆن ئەو شووی بەپیاوێک کردووە هەرگیز خۆشی نەویستووە، رۆژێک بەکامەرانی وەک هاوسەر لەگەڵ ئەودا نەژیاوە. رەشیدە لەبەرئەوەی لە ماڵەوە کامەران و بەختیار نەبووە، بۆیە کەم ئێواران لە ماڵەکەی خۆی دا ماوەتەوە، بەڵام کە لە ساڵی ٢٠٠٣ کراوە بە راوێژکاری سارکۆزی لە وەزارەتی ناوخۆ لە گۆڕەپانی بوڤۆ، سەرجەم وردەکارییەکانی ژیانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەموو بەرنامەکانی بابەتی نوێی بۆ داڕشتووە.

***

## سەرچڵییەکانی ئەو لە یانەی سیاکلدا

ژمارەیەکی کەم لە کارمەندان و فەرمانبەرانی ناو دیوانی وەزارەتی ناوخۆ دەیانزانی رەشیدە داتی ئەندامە لە یانەی سیاکلی ناودار و پلەبەرز، کە تێدا کەسایەتی سیاسی و ئابووری و پیاوانی بازاڕ و ژوورنالیستەکان ئەندامن. کەم کەسیش دەیانزانی کەوا رەشیدە داتی ئێوارانی ڕۆژانی چوارشەمان لە بارەگەی یانەی ئۆتۆمۆبێلەکان، کە دەکەوێتە گۆڕەپانێکی دیاری ناو پاریس نان لەوێ دەخوات. ئەو یانەیە یانەیەکی کۆنە و مێژووی دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٤، کە لەلایەن (جۆرج بیرار رافاران)ەوە دامەزراوە. ئەندامانی ئەو یانەیە تا ساڵی ٢٠٠٥ دەگەیشتە ٥٨٠ کەس، لەو ساڵەوە ١٦٠ کەسی تریش چاوەڕوان بوون لەو یانەیە فۆرمی ئەندامیەتییان وەرگیرێت و بەشانازییەوە ببنە ئەندامی ئەو یانە ناودارە. ئەو لەسەر خوانەکەی ڕۆژانی چوارشەماندا هەریەک لە (فرانسوا فیون) و (جان بیار رافاران) و (لیونیل جۆسپان) و (لۆران فابیوس) و (دومینیک سترۆس خان) ئامادە دەبوون، هەروەها بێجگە لەو سیاسەتمدارانە، زۆربەی بەرێوەبەری ڕۆژنامەکانیش ئامادەییان هەبوو، وەرگیرانی ئەو ژنەش بە پشتیوانی و دەستنیشانکردنی (جیرار ورمس) لە بانکی رۆتشیلد بوو، رەشیدە لە ساڵی ٢٠٠٣ کراوە بەئەندام لەو یانەیە و ڕۆژانی چوارشەمانیش ئامادەیی لەسەر ئەو خوانانە هەبووە. جیرار ورمس وتوویەتی:

(کە کلۆد غیان ئەو ژنەی بە من ناساند، زۆرم لا سەیر بوو، ئەو وتی ئەو ژنە نیوەی کەسایەتییە دیارەکانی پاریس باش ناس دەکات).

یەکێک لە هاوڕێیە ژنەکانی رەشیدە وتوویەتی:

(زۆر بەداخەوە کە من ئەو بەهرەیەی ئەوم نییە، وەک ئەو ناتوانم ئەو هەموو خەڵکە ناس بکەم، بەهرەیەکی سەیری تێدایە، چ ژن چ پیاو ئەوەی بیبینێت بە کەسایەتییەکەی سەرسام دەبێت، زوو دەچێتە بەردڵان).

سەرەتای کارەکانی لە وەزارەت، کلۆد غیان کارێکی بۆ دەستنیشان دەکات کە لەگەڵ ئارەزوو و تاقەتی ئەو دەگونجا، ئەو دەستنیشان کرا پێوەندی و گەیشتنی وەزارەتەکە بەو گەڕەکانەی کێشە و ئاڵۆزییان تێدایە ساز و مەیسەر بکات، کە کێشەکان و رەوشەکانیان تێدا زۆر هەستیارە.

سارکۆزی لەگەڵ رووداوەکانی گەڕەکە بێگانەنشینەکان توند و یەکلاکەرەوە بوو، بۆ بەرنامەڕێژیی ئەو رۆژانە کۆبوونەوەکانی وەزیر لەگەڵ راوێژکارەکانی بەردەوام و چارەنووسساز بوو، لەوێ رەشیدە پەیامەکانی وەزارەتی دەنووسییەوە، لەبەرئەوەی زۆر لە ئامار و ژمارەکانی بەدڵ نەبوو، بۆیە زۆرجار تووڕە دەبوو، هەستی دەکرد راپۆرتەکان لە رووی ژمارە و زانیارییەکان لاوازن و لەنگییان تێدایە، هەموو شتەکانی بەوردی و بەراستی بەدەست ناگات.! سارکۆزی بڕیار دەدات لە ٢١ گەڕەکی ناو پاریس چەند پرۆسەیەکی چارەسەر ساز بکات، بۆ ئەو مەبەستەش بەرنامە و پلانێکی داڕشتبوو، بۆ ئەو هەڵمەت و بەرنامەیە سەرۆک دائیرەکانی کردبووە بەرپرس، بڕیار بوو سارکۆزی وەزیری ناوخۆ بۆ چارەسەری ناوچە گەرمە و بەگێچەڵەکان سەردانی هەموو فرەنساش بکات، بەڵام ئەو تەنها دوو هەنگاوی لە بەرنامەکە جێبەجێکرد، پاشان تەواوکردنی بەرنامەکەی داوەتە دەست رەشیدە داتی، کە سەرۆکایەتیی چەند تیمێک بکات، کە لە وەزارەت بۆ ئەو مەبەستە دانرا بوون.

ڕۆژێکیان و لە گەرمەی ڕووداوەکانی پاریسدا وەزیری ناوخۆ نیکۆلا سارکۆزی سەردانی ناوچەکەی دەکرد، لەوێ رەشیدە داتی بانگی کوڕێکی گەنج دەکات، کاسێتەکەی لەسەر دەکاتەوە و پێی دەڵێت، ئەو پیاوەی لەگەڵماندایە جەنابی وەزیرە! سارکۆزی زۆر ئەو رووداوە دەگێڕێتەوە و لە بیری ناکات و وتوویەتی:

> (ئەو ژنە نەترسە، لە هیچ شتێ ناگەڕێتەوە، من حەز دەکەم لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە کار بکەم، ئەو جۆرە نموونانە نایابن، بۆیەش بەهاوشانی ئەوانە دەگەینە هەموو شوێنێک).

لە ڕۆژی ١٣ی فبرایری ساڵی ٢٠٠٤ لە شاری لیون، رەشیدە شوفرەی نامە

تایبەتییەکەی وەزیری ناوخۆ دەکاتەوە و بەوەش لەناو بازنەی سارکۆزییەت وەردەگیرێت.

***

## لە ناو خێزانێکی بێگانەوە

ئەگەرچی رەشیدە لەگەڵ کۆمەڵگەکە زوو دەگونجێت و دەتوانی زۆر باش لەگەڵ چواردەورەکەی ئاوێتە ببێت، بەڵام هەرگیز ئەوەی لە بیر نەچووە کەوا ئەو کیژە بێگانەیەک بووە، بە کۆچ و بە پەنابەری هاتووەتە وڵاتی فرەنسا، ئەو باشی لە بیرە لە ناو خێزانێکی ژمارە زۆر گەورە بووە، باوکی وەستایەکی مەغریبی بوو، باوکی ناوی (مبارک) بوو، دایکی بەڕەچەڵەک جەزائیری بوو، ناوی (فاتیمە ئەلزەهرا دلهوم) بوو. لە ناو ئەو رەوشەدا و لەو پێگەیەوە ئەو ژنە بێگانەیە ڕۆژانەکەی نووسیوەتەوە، تا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ توانی لە نووسینگەی سارکۆزی جێگەی خۆی بکاتەوە.

برادەرە جوانەکە هاوکار و بەشدار بووە لە دامەزراندن و سازکردنی کۆمەڵەیەک بە ناوی کۆمەڵەی سەدەی بیست و یەک، پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو کۆمەڵەیەش لەسەر بناغەی فرە کولتوور و هەمەڕەنگییەوە سەرچاوەی گرتووە، کۆمەڵەیەک بووە، ژنان و پیاوانی وەردەگرت و بەیەک چاویش سەیری کردوون، لەو کۆمەڵەیەش هەموو ڕەگەز و پاشخانێک وەردەگیران، کە زۆربەیان لە پەنابەرەکانی ناوچەی مەغریبی مەزنی عەرەبییەوە بوون، خەڵکی ئەفەریقیا و بیاوانی خوارووی بوون، هەروەها لاریشیان نەبووە هاووڵاتییانی ئاسیاش لەو کۆمەڵەیە بەئەندام وەرگیرێن.

مانگانە و لە پاش خوانی ئێوارەی هەموو چوارشەمێکدا لە رێستورانتێکی لوبنانی لە گەڕەکی لاتینی، یەکێکی ئاگەدار و شارەزا لە بواری ئابووری یان شارەزا لە بوارەکانی سیاسەت و میدیا، وتەیەک بۆ ئەندامە ئامادەبووەکان پێشکێش دەکرد، لەوانە (کلۆد ببیار) کە یەکێکە لە پشتیوان و یارمەتیدەری یانەکە، یان کەسێکی وەک (جۆن مارتان فۆلز) لە بیجۆوە، یان (ئارنست

ئەنتوان سیلییر) لە میدافەوە، یان (نیکۆلا سارکۆزی) و (لۆران فابیوس) و (ئالان ژووبییە) و (فرانز ئولیفیی جیسبرت) و (جۆن بییر ئەلخباش) و...

رەشیدە موستەحیلی دەکرد تا بگاتە کەسە دەسەڵاتدارەکان، یانەکە بۆ ئەو بوارەکەی بۆ ئەو مەبەستە باش ساز دەکرد. دامەزراندنی یانەی سەدەی بیست و یەک لەلایەن ژوورنالیستانانەوە زۆر باس دەکرا و بە کارێکی باش ناویان دەبرد، قسەکەرەکانی ئەو یانەیە بە زۆری لەلایەن میدیاوە داوەت دەکران، قسەیان بەهەند وەردەگیرا، هەموویان بەرنامە و کارنامەی یانەکەیان مەبەست بوو، ئەوەش شەرعیەتی نوێی بە رەشیدە داتی بەخشی بوو کەوا سەرکەوتنی ئەو یانەیە و ناودارکردنەکەی بۆ ئەو گرەوێکی سیاسیی براوە بوو.

لەگۆڕەپانە سیاسییەکەدا شەڕەقسە پەیدا بووبوو، بۆچوون و رامانەکەی سارکۆزی، کە لە هەڵوێستەکەیدا بە (جیاکردنەوەی ئیجابی) دەناسرا، دژایەتیی توندی دەکرا، بەڵام ئەنجوومەنی باڵای میگراشوون لە فەرەنسا داواکار بوون لەسەر تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی بێگانەکان لە راپۆرتێکدا سیاسەتێکی نوێ لەو بوارەدا پەیرەو بکرێت و چاو بە بەرنامەکانی پێشووی ئەو سیاسەتەدا بخشێنن. سارکۆزی کە پیاوێکی موسڵمانی بەناوی (عیسا درموش)ی لە پۆستی ئەو دەزگایە دانابوو، هەموولایەک رەخنەی توندیان لە سارکۆزی دەگرت، بەڵام ئەو لە رۆژی ٦ی یەنایری ساڵی ٢٠٠٤دا و لە بەردەم ئامۆژگەی توێژینەوەی سیاسیدا بەرگریی لە بەرنامەکەی خۆی کرد و بەرنامەی جیاکردنەوەی ئیجابیشی بە کارێکی زۆر ئەرێنی پێناسە دەکات و زۆریش ستایشی هەڵوێستەکانی خۆی دەکات.

***

## سەرەتای تۆڵەسەندنەوەکە

وتارەکەی ئەو رۆژەی سارکۆزی لەلایەن (هۆگ موتوح)ەوە نووسرا بوو، ئەو پیاوە کەسێکی یاساناس بوو، چەندان بۆچوون و رامانی لەسەر ئەو مەسەلەیە

هەبوو، هەر ئەو کەسە لەگەڵ کلۆد غیان کارکەر بووە و لەگەڵ رەشیدەش لە هەمان کۆمەڵەدا ئەندام بوو، کە بەناوی کۆمەڵەی سەدەی بیست و یەک دایان مەزراندبوو.

باڵی شیراک و باڵی سارکۆزی لەسەر ئەو مەسەلەیە کەوتنە ململانێیەکی دژوار، پاڵەوانەکانی ئەو جارە و ئەو شەڕە، دەستەیەک لە رووناکبیرانی بەڕەچەڵەک مەغریبی بوون، لەوانە (حەکیم ئەلقەرەوی) کۆششی دەکرد، کۆمەڵەکەیان کۆمەڵەی سەدەی بیست و یەک سەربەخۆییەکەی بپارێزێت و دەستەکانی سەر بە رەوتی راستڕەوەکانی دەسەڵاتداری ناو یانەکە بالادەست نەبن، کە لەلایەن (هۆگ موتوح)ەوە رابەریەتی دەکران. لەولاشەوە رەشیدە داتی دەیویست زۆرترین کەس بەرەو مەداری سەرۆکەکەی نیکۆلا سارکۆزی رابکێشێت، گرەوەکە و هاوکێشەکە گران و ئەستەم بوو، وەزیری ناوخۆ بۆ پەیداکردنی دەنگ و پشتیوانی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی داهاتوو، دەیویست لایەنی بێگانەکان پەیدا بکات، کۆششەکە بۆ وەرگرتنی دەنگە زۆرەکانی ئەوان بوو. رەشیدە داتی دەیویست بەڕی ژێر پێی دەستەکەی ئەلقەرەوی راکێشێت، لەبەرئەوەی ئەو تازە هاتبووە ناو کۆمەڵەکە بۆیە ئەو نەیتوانی پشتی ئەلقەرەوی لە ئەرز بدات، چونکە زۆرینەی ئەندامەکانی کۆمەڵەی سەدەی بیست و یەک پشتیوانییان لە رەشیدە نەدەکرد، چونکە کەسی بەرامبەرەکەی بە هزر و بەرنامەیەکی مرۆیانە کاری دەکرد و هەمووش بەرگرییان دەکرد، نەک لەبەر رۆشنایی رەوتێکی سیاسیدا. کە رەشیدە لەو ململانێیەدا سەرنەکەوت تێگەیشت ئەندامانی یانەکەیان دووری دەخەنەوە، بۆیە خۆی پێشوەخت دەستی لە کاری کۆمەڵەکە کێشاوەتەوە، یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ئەلقەرەوی وتبووی:

(ئەوان وازیان لە رەشیدە نەدەهێنا و نیازی تۆڵەکردنەوەیان لەو ژنە هەر مابوو، چونکە وەستان و دژایەتیکردنی ئەو بۆ دەستەکەی ئەلقەرەوی بابەتێکی سادە و سەرپێی نەبوو).

لەو دەمانەدا ژنێکی تری کارامە کە ئێستا وەزیری مونتدەبە لە فرەنسا کە

چەند ساڵێکە ئەندامە لە کۆمەڵەی سەدەی بیست و یەک بووە سونبلێکی تری دیاری ئاوێتەبوونی هەمەرەنگی لە فرەنسادا (راما یاد)، ئەویش وەک کەس و وەک بەرنامە لەگەڵ رەشیدە داتی جیاوازییەکی زۆری هەبوو.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٨دا (ملکیە بن ئەلعرەبی) کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٧ راوێژکارێکی پێشووی وەزارەتی ناوخۆ بوو، سەکۆیەکی گەورەی بۆ کولتوور و زمانی عەرەبی دامەزراندبوو، بەڵام داواشی لە وەزیری دادیش نەکردبوو قسە بکات، ئەو ژنە بەوە ناسراو بوو کە پشتیوانیی جاک شیراکی دەکرد، بواری دا بە راما یاد لەو نمایشەدا پێگەیەکی دیاری هەبێت، کە هەموو ئەنتلنجسیای عەرەبی ناو فرەنسی لەخۆ گرتبوو.

لەبەرئەوەی ملکیە بن ئەلعرەبی بڕوانامەیەکی گەورەی هەبوو، وەک خەباتگێرێکیش لە بواری میگراشووندا زۆر ناسرا بوو، لە ڕووی تاقەت و جەستەش کامیلتر بوو، بۆیە رەشیدە داتی بۆی نەدەکرا بەربەرەکانێی ئەو بکات. سەبارەت بە کەسایەتیی ئەو دوو ژنە، یەکێک لە ئەندامانی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ وتبووی:

(ملکیە بەگەرمی کاری دەکرد، بەڵام رەشیدە لە کاروباری تایبەتی وەزیرەکەی لە گەشتەکانیدا لە ناو گەڕەکە گەرمەکانی پاریس زیرەکانە دەجووڵایەوە، سێ تەلەفۆنی بەس بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی، چونکە دەیزانی لەگەڵ کێ و کەی قسە دەکات، هەموو ئەگەر و بۆچوونەکانی بۆ چارەسەرییەکان ئەزبەر بوو، بۆ بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە چالاکییە گشتییەکان، دەسەڵات و تەموحێکی ڕادەبەدەری هەبوو. بەڵام ملکیە، خەریکی نووسینەوەی رێنوێنییەکان دەبوو بۆ کارە بنەڕەتییەکان).

***

## بەڕاشکاوی

نیکۆلا سارکۆزی لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ قسەکردن لەسەر ئیسلام و مەسەلەی

کۆچ و پەنابەرەکـان لە فـرەنسـا، خـوانێکی خـواردنی نیـوەڕۆی بۆ سـەفیـرە عـەرەبەکـانی پـاریسی پایەتـەخت سـاز کـردبوو. پێش ئـەوەی کـۆبوونەوەکـە و دانیشـتنەکە سـاز بێت، یەکێک لە ڕاوێژکارەکان وتـوویانە، کەوا رەشـیدە داتی لەگەڵ هـەمـوو کەسـە دیپلۆماتەکان دانیـشتووە و داوای لـێ کردبوون باس لەوە بکەن و بە سـارکـۆزی بڵێن، کەوا کـەسـایەتیی فرەنسی بەڕەچەڵەک عـەرەب لە حکومـەتی فرەنسی دامـەزرێنێت، هـەر لەو دیمانەیەدا رەشـیـدە بە مێوانەکـانی وتبـوو، کـەسـایـەتی وەک ملکیـە بن ئـەلعرەبی لە کۆبوونەوەکە دوور بخـرێتـەوە. داتی لە دیمانـەکـەدا دانیـشـتـبـوو کە سـەفیـرە عـەرەبە مـێـوانەکـان داواکـەی رەشیـدەیان باس کردبوو، پێشنیـازەکە و داواکان وەک ویست و داخوازییـەکان هـاتنـە باسکردن و جـێـبـەجـێکردن. دەکـرێ بیـر لەوە بکرێتـەوە وەزیری داد رەشـیدە داتی، مـلکیە بن ئـەلعرەبی بەیـەکجـاری لە خـەیاڵیـدا دەرهێنابێت، ئەو ژنە زۆر حـەزی لە دەرچـوون و ناوبانگی نەدەکرد، لاچەپ دەژیا و کـاری دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی مـەترسی لەسـەر ئەو نەمـا، مەسـەلەکە بەپێچەوانە کـەوتەوە، وەزیری داد خـۆی تەلەفـۆن بۆ ملکیـە دەکـات، ئەو دەمـانە ملکیـە بـەڕێوەبەری نووسـینگەی سـەرۆکی دائیـرەی بورجی بـوو، رەشـیـدە لە تـەلەفـۆنەکـەیدا بە ملکیەی وتبوو:

(من سەردانت دەکەم).

رەشـیـدە داتی لە بـارەگـەی دائیـرەدا و لە پێش پاڵێـوراوەکـاندا کە زۆربەیان ژنی چەپخوازبوون، بـەگەرمی پێشـوازی لە ملکیە بن ئەلعـرەبی دەکات، داواش دەکات شوێنی دانیشـتنەکەی ملکیە لە تەنیشت خۆی بێت، ئەوەش بەدەنگێکی ئاشـکرا دەڵێت، بۆ ئەو ژنـەی داواکـارە هـەمــەڕەنگی بەرقــرار بێت، شــوێنی تایبـەتی بۆ دابنێن. ئامادەبووان ئەوە بە وتنەوەی دەرسێک دەزانن لە رەوشت، کە لەو دەمەدا رەشـیدە پێی ڕاگەیاندن. ژنە مێوانەکەش بەو پێشوازییـە گەرمە دەشـێوێت، داوا دەکـات کەمـێک لەگەڵ کۆنە هـاوڕێیەکەی بەتەنـها دابنیشـێت، بەیەکەوە بن و تێ بگات رەشیدە مەبەستی چییە. ئەو بە رەشیدە دەڵێت:

(رەشیـدە بێهیـوا مەبە، کۆشش بکە و بەردەوام بە، گوێ مەدەرە ئەم و

ئەو، تۆ ئێستا لە لووتکەی سەرکەوتنیت؟).

ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

(من راستییەکانت پێ دەبێژم، تۆ خاوەن سەرمایەکی مەزن و گەورەیت، ژیانت خۆشە، تۆ سێ منداڵت هەیە، من تەنیا هەست دەکەم ئەو کۆشش و ئارەزووی کارکردنم هەیە و بەس من هیچی تر لەو دونیایە شک نابەم).

رەشیدە ئەو قسانە بۆ ملکیە دەکات و هەردوو ژنەکە دەگەڕێنەوە شوێنەکەی خۆیان، بەڵام پاش ئەوەی راشکاوانە چەند پەیڤێک بەیەک دەڵێن، دڵی خۆیان بۆ یەکتری دەکەنەوە. ملکیە بن ئەلعرەبی پاش چەند هەفتەیەک لە دیمانە و داوەتەکەی وەزیری داد دەبێتە جێگری سەرۆکی دائیرەیەک لە پاریس. پاش وەرگرتنی ئەو پۆستە ملکیە دەستەوەستان نابێت، کۆشش دەکات بە تەلەفۆن پێوەندی دەکات بە سکرتێری گشتیی وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام کۆششەکەی بەرهەمی نابێت و سەرناکەوێت. لەو ڕۆژەوە ملکیە بن ئەلعرەبی بە پشتیوانیی کۆنە هاوڕێیەکەی (فریدیریک لیفیبفر) کە کەسایەتییەکی ناسراو و گرانی بواری میدیایە و حسێبی تایبەتی بۆ دەکرێت، هەروەها ئەو کۆنە هاوڕێیەشی پەیڤداری رەسمیی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی مىللییە، دەچێتە ناو گۆڕەپانی سیاسی.

***

## کەسایەتییە ناودارەکان چی دەبێژن؟

زۆر لە کەسایەتیی بەڕەچەڵەک مەغریبی، لەسەر ئەو ژنە قسەیان هەیە، زۆریان لە ڕەوشت و بەرنامەکانی ئەو رازی نەبوون، زۆرن ئەوانەی گلەییان هەیە، ئەوانەی بۆچوونی سلبییان لەسەر رەشیدە وتووە، لەوانە:

محەمەد مبتول، بەرهەمهێن و بێژەری بەرنامە ئیسلامییەکان لە تەلەڤزێونی فرەنسی وتوویەتی:

(رەشیدە سەردانی کردووم و تێدا داواکار بووە من کاسێتی بەرنامە

ئاینییەکانی خۆمانی بۆ کۆپی بکەم، تا کاسێتەکان بۆ دایکی ببات، چونکە دایکی نەخۆشە و نەخۆشیی کانسەر هیلاکی کردووە، بۆیەش زۆر جار دایکی بواری نابێت راستەوخۆ بەرنامە ئاینییەکانمان ببینێت، بەوەیان نیگەرانیی زۆری دایکی کەم دەکاتەوە).

لەو سەردانەدا پیاوەکە بەو ژنە سەرسام دەبێت، داوای لێ دەکات دابنیشێت و ماوەیەک چاوەڕوان بکە، دیارە کۆپیکردنەوەی بەرنامەکە کاتی ویستووە. رەشیدە لەو کاتەی چاوەڕوان بووە، نەویستووە کاتەکە بەفیرۆ بدات، دەیزانی ئەو پیاوە کەسێکی دیار و کاریگەرە لە ناو موسڵمانەکانی ناو فرەنسا و لە ناو حزبی ئیشتراکیش رۆڵی هەیە، بۆیە زۆری قسە بۆ کردووە، تا کۆپیکردنەکە تەواو بووە، ئەو باسی بەرنامە و هیواکانی دوارۆژی خۆی بۆ کردووە. کابرا دەڵێت قسەکانی ئەو زۆر کراوە و ئازادانە بوو، هەموو شتەکانی بێ پەردە بۆ من باس دەکرد. رەشیدە سەرچاوەی زۆری کارەسات بووە، بۆیە رۆژێکیان وتوویەتی:

(ئەو فرەنسییانە هەر ئەوەندە دەزانن لەگەڵ کیژە مەغریبییەکانمان بخەون و رابوێرن، منیش کیژێکی پاکیزەم زۆریش ئازادم).

***

٣

## لە نێوان دوو کولتووردا

ڕەشیدە زۆرجار وتوویەتی، من ژنێکی ئازادم، زۆریش کراوەم، ئەوەی بەئازادی لە پەیامەکانیدا وتووتەوە، دیارە ئەوەش بەپێچەوانەی ئەو مۆراڵەن کە لە ماڵەوە ئەو پێی پەروەردە کراوە، دایک و باوکی وایان بەخێو نەکردووە.

یەکێک لە هاوڕێیەکانی وتوویەتی:

(لەو حاڵەدا ئەو ژنە وەک کەسێکی شاراوە دەژیت، من ناتوانم ڕەوشتە تایبەتییەکانی ئەو دەستنیشان بکەم، وا دیارە سیسەتەمە تەقلیدییەکەی جارانی کاریگەری لەسەر ئەودا هەبووە، بیریش لەوە دەکاتەوە کۆتەکان بشکێنێت).

ڕەشیدە خۆی بەیەکێک لە ئێمەی وتبوو:

(زۆرجار من خۆم لە ڕەوشی زۆر نامەعقول دەبینم، کە لە وڵاتی مەغریب دەبم، کە لە ناو بنەماڵەکەمان دەبم، لە ناو خوشک و براکانم، لە ناو ئامۆزا و مامەکانم دەبم، ماڵەکە قەرەباڵغە هەموو لایەک دەنگی بەرزە و هاوار دەکەن، لەولاشەوە ژمارەیەک دەگرین، منیش سەرقاڵی کاری ناوماڵ دەبم، لەگەڵیاندا کار دەکەم، لەو دەمانەدا زەنگی مۆبایلەکەم لێ دەدات، کە وەڵام دەدەمەوە، سارکۆزی لەسەر خەتە، لەو دەمانەدا بەرنامەی پڕۆژەیەکی هەیە، دەیەوێ پرسم پێ بکات، لەسەر ڕەوتی کۆبوونەوەیەک پرسی هەیە، لەسەر پارێزگارەکان پرسیاری هەیە، من خۆم دوور ڕادەگرم، نامەوێ ئەو گوێی لەو دەنگەدەنگەی ناوماڵە گەورەکەمان بێت).

جـارێکیـان دیســان لە مــاڵە گــەورەکــەی خــۆیان دەبێت لە مــەغــریب، ژوورنالیـسـتـێک لە ڕۆژنامـەی لۆمـۆند، لەســەر کـوشـتـنی منداڵێک لـە پاریس تەلەفۆنی بۆ دەکات، دەیەوێ لەسەر ئەو ڕووداوە بۆچوونی ئەو بزانێت.

لە نـاو مـاڵی ئەواندا وشــەکـانـی سـێکس و رووتبـوونەوە و دەسـتـدرێژیی سێکسی و بەزۆرکردنی کاری سێکسی ناوهێنانی بقە بووە، ئەو بۆی نەکراوە لە مــاڵەوە ئەو وشـانـە دەرببـڕێت، ئەگــەر باوکی رەشـیـدە لەو نزیک بووایە و ئەویش دیمانەیەکی هـەبووایەو یان ناچار بووایە ئەو وشـانە بڵێت، ئەوە ناچار دەبوو وشەی شوفرەدار بەکارب هێنێت.

لە پاش دیمانەیـەکی تایبـەتدا، رەشـیـدە لە حـەوشــەی بنەمــاڵەکـەیاندا دانیـشـتـبـوو، لەسـەر ئەرزەکـە پاڵ دەداتەوە و بیر لـە حـاڵی خـۆی دەکـاتەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

(من لە نێوان دوو کولتووری جیاوازدا بوومەتە دوو کەرت، دوو شێوەی ژیان و ڕۆژانە مـنی هـەراســان کــردووە، کــە لە پاریسم لەگــەڵ کەسایەتییە گەورەکانی فرەنسی، لەگەڵ ئەکتەرە ناودارەکان، لەگەڵ بەرپرسی گەورەی دەزگا و کۆمپانیاکاندا دادەنیشم، لەگەڵ ئەواندا نان دەخۆم، کە دەگەڕێمەوە وڵاتەکەم لە مەغریبیش دەبوومەوە رەشیدە گچکەکەی ماڵەوە و ناچارم خەم لە هەموو لایەکیان بخۆم).

***

## سـارکۆزی وەزیری دارایی

لەگــەڵ بەیانیی ڕۆژێکی نوێی ٣١ی مــارسـی ٢٠٠٤ نیکۆلا ســارکــۆزی سـەرقاڵی ئەوە بوو، ناوی ئەو ڕاوێژکارانەی خۆی هاوێر بکات، تا لەگەڵ خۆیدا بیـانبـاتە وەزارەتی دارایی، کـە نـاوەکـانـی پاکنووس کـردبوو، دەرچوو ناوی رەشیدەی تێدا نییە. سارکۆزی دەستەکەی کۆ دەکاتەوە و پێیان دەڵێت:

(وەک چۆن وەزیری نـاوخــۆ بووم، بـەو شـــێــوەیـەش دەبمە وەزیری داراییش).

پێش ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ لە گۆڕەپانی بوقۆ جێ بهێڵێت بەرنامەکەی ساز دەکات، یەکەمین کاریش کە زۆر نوێ و سەرنجڕاکێش بوو، کە ئەو کردبووی کلۆد غیانی کردبووە بەڕێوەبەری دیوان لە وەزارەتە نوێیەکەی. سارکۆزی پێش یازدە ساڵ وەزیری میزانییە بوو، پاش ئەو ماوەیە دووبارە وەک وەزیری دارایی، بەجۆشێکی گەرمەوە گەڕاوەتەوە ئەو بوارە.

لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە پرسی سارکۆزی بەرەو گەشەبوون و دەسەڵاتی زۆرتر دەچوو، بۆیە دارودەستەکەی بیریان لەوە کردووەتەوە بەرنامەی گەیشتنی ئەو بە پۆستی سەرۆکایەتی بۆ دابڕێژن، لە ژێرەوەش و لە پەناکانەوە دەستەیەک کاریان دەکرد بەرژەوەندییەکان بپارێزن، یەکێک لە ئەندامە کارەکانی ئەو تیمە سیسیلیای هاوسەری بوو. لەو دەمانەدا رەشیدە نەیتوانی بەئاسانی بگاتە ناو ئەو تۆڕە نزیکەی سارکۆزی، بەڵام باش کەسایەتی و ناوی خۆی ناساندبوو. کەسێکی وەک (شانتال جوانۆ) کە نووسەرێکی پێشووی وەزیری ناوخۆ بوو، ئەوەی لە بیرە کەوا، رەشیدە هاوڕێیەکی باش بوو، زۆرجار ئێمەی بە پێکەنین دەخست، ئەو کەسێکی رووی خۆش بوو، لە گەرمەی ئیش و ماندبوونەکاندا هەموومانی دڵشاد دەکرد. یەکێک لە هاوڕێیەکانی ناو وەزارەت دەڵێت، ئەو ژنە دیسپلینی تکنۆقراتیانەی نەبوو، جارێکیش رێنوێنییەک یان راسپاردەیەکی دەرنەکردبوو. ئەوەشیان شاراوە نییە، هەموو لایەک ئەوە باش دەزانن کەوا سیسیلیا رەشیدەی بە سندریلایەک پێناسە دەکرد، هیچیش بڕوای پێ نەدەکرد، دڵی بە هەیبەتی نەدەکرایەوە، بەکورتی رەشیدە بەهۆی راوێژکارەکانی ناو وەزارەتی دارایی خۆی باش هێناوەتەوە پێشەوە و پێوەندییەکانی باش و زۆر کردووە.

***

## خۆپارستن

رەشیدە توانی بەرگری لە خۆی بکات، پێگەی خۆی باش قایم بکات، لەولاشەوە سارکۆزی زۆر داکۆکیی لەو دەکرد تا ببێتە ئەندامێک لەو

دەســـتـــەیەی لەگـــەڵ خـــۆیدا لە وەزارەتی دارایی کـــاری لەگـــەڵدا بکات، دانوسـتـاندنـەکەیان لە یـەکەم دیمانە بـوو کە لە نـووسـینگـەکەی ئەو کـرا بوو، هـەروەها وەزیری مونتدەب بۆ ئازادییە ناوخۆیییەکان (پاتریک دفیجیان) ڕۆڵی لە نێوانیاندا دەبینی، بۆیە ئەو پێیو تبوو:

(ئەگـەر سـارکـۆزی نەتبـاتە وەزارەتی دارایی، ئەوا من ئـامـادەم لەگەڵ خۆمدا بچینە وەزارەتی پیشەسازی، نیگەران مەبە).

بەڵام رەشیدە لێرە سـەرسام دەبێت و چاوی لە تیمـەکەی سـارکۆزی دەبێت. لە کـۆتاییـدا ڕۆژێکیـان کلۆد غـیـان ئاگەداری دەکـاتەوە کەوا دەتـوانی ببێـتـە راوێژکار لە کـاروباری دەزگـا ئیـفـلاسـبـووەکان، چونکە ئەو قـازی بووە لە لقی دارایی دادگەی ئایڤری. بەو هـەواڵە برادەرە جـوانەکە هـەناسـەی شـادومـانی هەڵدەکێشێت، بـەڵام ئەو بیـر لەوە دەکاتەوە لەو پرسـە دەرسێـک فێـر بێت، لە داهاتوودا کـار بۆ ئەوە بکات هـەردەم لە ناو بازنەکـانی یەکەمی دەسـەڵات بێت، هـەرگیز لەو هێڵەدا پاش نەکەوێت.

***

## گرفت و پێوەندییەکان

رەشـیـدە بەوە دەناسـرا کـەوا بـەهرە و وزەکـانـی سنووردار بوو، بـەڵام ئەو پشـتـی بەو تۆڕە پێـوەنـدییـانە ئەسـتـوور بـوو، کە توانیـبـووی پەیدایـان بکات، بەوەش باش بەرز دەبێتەوە و ناودار دەبێت، هـەر ئەو پێوەندییە زۆرانەشی زۆر گرفـتی بۆ دروست دەکـرد. لە ناو پاریس پڕوپاگـەندەیەک بڵاو کرایـەوە، کەوا رەشـیـدە پێـوەندی و دۆسـتـایـەتیی لەگەڵ وەزیری داراییـدا هـەیە، دیارە ئەوەش سـیـسـیلیـای هـاوسـەری سـارکـۆزی وەزیری دارایی بێـزار و تووڕە دەکـات، بۆیەش ئەو زوو چڕنووکە دڕەکانی نیشـان دەدات، دیارە کـەوا ئەو پڕوپاگـەندە چەواشە هـەلانە لەلایەن دەسـتـەی کەسـایـەتی سـەرمایـەدار (هـنری بروجلیو)ەوە کاری لەسـەر کرابوو، دەسـتـەیەک لە ڕاوێژکارانی بروجلیو بە بوونی پێوەندیی رەشـیـدە و بـروجلیـو نیگەران بـوون، بۆیە دەیانویست سـیـسـیلیـای هـاوسـەری

سـارکـۆزی لەو هـار بکەن، بـەوەش بەڕێوەبـەرەکـەیان لـەو ژنە گـەنجـە دوورخستەوە. یەکێک لە کەسە نزیکەکان لە سارکۆزی وتوویەتی:

(لەبەر ئەو هۆیە بـوو، ئێمە لـە وەزارەتی دارایی نێوانمان لەگەڵ ئەودا باش نەبوو).

نیکۆلا سارکۆزی بەرنامـەی سەردانی وڵاتی جەزائیری هەبوو، سیسیلیا کە بەناو بەرپرسی نووسـینگەیەک بوو لە وەزارەت، ئەو زوو ناوی ڕەشـیـدەی لە دەستەی وەفدەکە دەرهێنابوو، لەبەرئەوەی دایکی ڕەشیدە لە جەزائیر لە دایک بووبوو، بۆیە ئـەو لەگەڵ وەفدەکە دانرا بوو، بەڵام سیسیلیا لەبەر غیرەی لە مێـرەکەی بواری نەدابوو ڕەشـیدە لەگـەڵیاندا سـەفـەر بکات، لەوانـەی لەگەڵ وەفدەکە بوون بەڕێوەبەری دەزگای فیولیا بوون. برادەرە جوانەکە هەستی بەو جموجۆڵانە دەکرد و بە هەموو شێوەیەک لە دەروازەیەک دەگەڕا باشترین پێگە و پایە بۆ خـۆی تێدا دەسـتەبەر بکات، لـە جیاتی کار لە دەزگا حکوومییەکەی بکات کـە سەرپەرشتیی دەزگا ئیفلاسبووەکانی دەکرد، چاوی تەنها بڕیبووە ویسـتـە تایبـەتییـەکـانی بۆ دابینکردنی شـێـوە و ڕێبـازێک بۆ خـۆپاراستن و خۆدەربازکردن، تا بەوەیان ببێتە کەسێکی بەهێز و پشت ئەستوور تا کـەس نەتوانێت دژایەتیی ئەو بکات.

***

## تووڕەییی سەرۆک

ڕەشیدە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجیەتە نوێیەکەی، کەمتـەرخەمیی نەدەکرد لە بەخشـینی دیاری و خەڵات بۆ سکرتێرەکانی دیوانی سـارکۆزی، بۆ زۆربەی ژنەکـان، مـارکـە باشــە ناودارەکـانی جلی ژێرەوەی بەدیاری بۆ دەنـاردن، لە ڕۆژی بوونیـاندا دیاری دەنارد، نایابتـرین جـۆری شکۆلاتەی بـۆ دەناردن، بۆ منداڵەکانیـان لە ڕۆژی بوونیاندا دیاری بەهاداری بۆ ڕەوانە دەکردن. بەوەش ژنە سکرتێرەکان لە زۆر بابەتی هەستیار و لە ئەجندەی سارکۆزی ئاگەداریان دەکـردەوە، بەهۆی ئەوانە کـارنامـەی بەڕێوەبەرە گـشـتـیـیـەکـانی دەکـەوتە بن

دەستـان، دەیزانی سـارکـۆزی کـار و بەرنامـەکـانی کـەی دەست پێ دەکـات، دەیزانـی ئاراسـتـەکـان بـەرەو کـێندەرێ دەڕۆن، بەو شـێـوەیە هەمـوو ڕێنوێنییەکانی بەدەست دەگەیشت. ڕەشیدە لە نەیارەکانی باش حاڵی بووبوو، بەو ئاراسـتـەیەش کـاری دەکـرد. لـەو دەمـانـەشـدا سـارکـۆزی زۆر ڕووی لەو راوێژکارە نەدەکرد، زۆرتر ئاراستەکەی بەرەو بەرنامەکەی خۆی بوو، کە لەبەر رۆشناییەکی براگماتی نوێ دای ڕشتبوون، کە لە چەندان پڕۆژەدا بەرجەستە بووبوون.

جـاک شـیـراک بە کـردەوەکـانی وەزیری دارایی سـارکـۆزی زۆر نیگەران و تووڕە بووبوو، کـە لە بەرنامـەیەکی تەلەڤزیۆنیـدا دەنگی خـۆی بەرز دەکـاتەوە و دەڵێت:

(من بڕیار دەدەم، ئەو دەبێ تەنیا بڕیارەکانی من جێبەجێ بکات).

شـیـراک ناوی لـە بەرنامـە و سـیـاسـەتەکـەی نیکۆلا سـارکـۆزی نـابوو، سـیـاسـەتی کـوڕە گـچکەکـە. سـارکـۆزی بە هـاوارەکـەی شـیـراک وازی لە بەرنـامـەکـەی خـۆی نـەهێناوە و ئـیـدارەی یـەکـێـتی لە پێناوی بزاڤـی مـیللـی گرتووەتە دەست، ئەوەش پاش ئەوە هـات کە شیـراک بە مـەرجی وازهێنانی لە حکوومەت ڕەزامەندیی بۆ کردبوو.

لەو دەمـانەدا و پاش حـەوت مـانگ لە وەرگـرتنی پۆسـتـی وەزارەتی دارایی، سـارکـۆزی ناچار بـوو تیـمـەکـەی سـەرلەنوێ دامـەزرێنـێـتـەوە، بۆ ئەوەش گەڕاوەتەوە سەر پشتیوانییە میللییەکەی لە ئەنجوومەنی باڵی دەڤەری (ئۆ دو سین) کە پاش مـردنی (شارل باسکا) ئەو سەرۆکایەتیی دەکرد، لەوێ دەتوانێ کادیرە نوێیـەکانی ناو حزبەکە باش دەسـتنیشان بکات، بۆ کۆتاییـهێنانیش بە مـەسـەلەکان لەوێ و سـەرلەنوێ پۆستـەکـانیشی دابەش کـردووە. سـارکـۆزی زۆری لا باش بـوو ڕەشـیــدە دۆسـیــەی کـۆچ و شــارەکــە لەســەر ئاســتی ئەنجـوومـەنی گـشـتـیی شـاری (نانتـیـر) وەرگـرێت، بەڵام ئەو پۆسـتـەکـەی وەرنەگـرتووە و لە نۆڤـمبـەری سـاڵی ٢٠٠٤دا پەنای بردووەتـە بەر بەڕێوەبەری گشتـیی خزمـەتگوزاری لەو شـارەدا تا بیکاتە بەڕێوەبەری کاروباری یاسـایی.

یەکێک لە فەرمانبەرانی ئەنجوومەنە گشتییەکە دەڵێن، ئەو مەبەستی بوو بەهرەو شارەزاییەکانی لەو بوارەدا بخاتە کار.

***

## هێزەکانی رەشیدە

دووبارە ئازایەتی و لێهاتوویی رەشیدە لەو بابەتەدا دەردەکەوێت، توانی بەڕێوەبەرە گشتییەکە رازی بکات، ئەو کەسەی بۆ پۆستی یاساییەکە دانراوە لاببات، ئەو لەو پۆستەدا دابنرێت، بەوەش رەشیدە زۆرتر و زۆرتر لە پۆستە و پێگەکان جێگیرتر دەبوو.

ئەو بەردەوام خۆی وەک قازییەک پێناسە دەکرد، دەیویست بە خەڵکەکە بڵێت من قازیم، داواشی لە نووسینگەی پارێزەرانی پاریس دەکرد کەوا دۆسیە ئاڵۆز و گرفتە گرانەکان وەرگرێت، لەوانە نووسینگەی ئوگست و دیوزیی نزیک لە هنری بورجیلو. نووسینگەکانی پارێزگارەکان بۆ رەشیدە بەرەکەت و چاکە بوون، لەو دەروازەوە بەئاسانی دەیتوانی خێر و چاکە بۆ هاوڕێیەکانی خۆی و هاوڕێ هاوڕێیەکانیشی مەیسەر بکات، لێرەش بوار بۆ خۆشی ساز دەبێت تا بتوانێت چەند لایەنێکی کارەکانی ڕاپەڕێنێت، لەوێش دیمانەی لەگەڵ ئەکتەری هاوڕێی (ئیزابیل ئادجانی) ساز بوو کە بە نیکۆلا سارکۆزیی ناساندبوو. رەشیدە دۆسیەی زۆری دەدایە نووسینگەکانی پارێزەران، بەوەش پارەیەکی زۆر دەکەوتە سەر خەزینەی گشتی، بۆیە بەڕێوەبەرە گشتییەکەی ئاگاداری رەشیدەیان کردووەتەوە ئەو کۆنتراکتانە کەم بکاتەوە. یەکێک لەوانەی لەو بەشە یاساییەدا کاریان لەگەڵ رەشیدە کردووە، دەڵێت:

(ئەو وەک بەرپرسی بەشی یاسایی لە سالۆنەکانی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی لە نانتیر دەسووڕایەوە و زۆر نهێنیی هاوڕێیەکانی کۆ کردەوە و ئێوارانیش و لە پاش کاتژمێری حەوت و نیو سەرجەم هەواڵ و دەنگوباسەکانی دەگەیاندە کلۆد غیان، چونکە ئەو ڕۆژانەو

لەو کاتانەدا سەردانی نووسینگەکەی ئەوی دەکرد).

***

## قۆناخێکی نوێ

ڕۆژ ڕۆژی ڕەشیدە بوو، لە پاش ڕۆژی ١٢ی مایۆی ساڵی ٢٠٠٥ سارکۆزی لە کۆبوونەوەیەکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللیدا بە ڕەشیدە داتی ڕاگەیاندووە، کەوا ئەویش دەبێتە ئەندامێکی دەستە و تیمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتیی فرەنسی، لەو ڕۆژەوە ژیان و کارنامەی ئەو ژنە زۆر بە خێرایی چووەتە پێشەوە. لەو شوێنەی کە کۆشکی سپۆرتەکانی پاریس بوو، کە تێدا کۆبوونەوەیەکی گەرم و چارەنووسسازی یەکێتی بەبۆنەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی تایبەت بە ریفراندۆم لەسەر دەستووری ئەورووپی تێدا دەگێڕا، دڵی ڕەشیدە بە توندی کەوتووەتە لێدان، بۆیەش سیسیلیای هاوسەری سارکۆزی وەک ڕێکخەری بەرنامە و دانیشتنەکە و بە ئامۆژگاری (کریستۆف لامبیر)ی کەسی ژمارەی سێ لە تیم و دەستەی بوبلسیس، داوای لە ڕەشیدە داتی وەک ژنێکی فرەنسیی مەغریبی کردووە، بەو بۆنەیە وتەیەک پێشکێش بکات، باس لەو ئەزموونە نوێیەی خۆی بکات کە لەو ڕۆژەوە پێ دەنێتە بواری سیاسەت. بەبۆچوونی نیکۆلای سارکۆزی ڕەشیدە داتی نموونەیەکی دەگمەن بوو لە جۆری جیاکردنەوەی ئیجابیدا، ئەگەر لەسەر سەکۆکەش بابەتەکانیش ئاڵوگۆڕیش بکات. ئەگەرچی (کریستۆف لامبرت) لە کار و بەرنامەی سازکردنی دیمانەی لەو شێوەیەش پسپۆڕیش نەبوو، بۆیە داوای لە (ئیفانس وولد واید)ی یاریدەری سەرۆکی بوبلسیس (ریتشارد ئیتیاس) کردبوو یارمەتیی بدات، بەڵام ئیتاس لەو دەمانەدا سەرقاڵی دڵی سیسیلیا بوو. پێش سازبوونی کۆبوونەوەکە ئیتیاس و سیسیلیا چەند جار دەقە نووسراوەکەی کە بڕیار بوو بیخوێنێتەوە پێیان خوێندووەتەوە، ئامۆژگارییان دەکرد چۆن دەنگ هەڵبڕێت، چەند و لە کێ دەنگی بگۆڕیت، چۆن دەنگی بگەیەنێتە هەموو گۆشەکانی هۆڵەکە.

ئەگــەرچی رەشــیــدە لـەو ڕۆژانەدا بەڕێوەبەری نووســینگەیەک بـوو، بەڵام بەردەوام لـە کـۆشـکی ســپــۆرتـەکــانـی پاریس وەک بەڕێوەبەرێکی هـونەری دەجـووڵایەوە، زۆر لەوێ دەمـایەوە و پرۆڤـەی لەسـەر سـەمـاعـەکان دەکرد و لە گوێیەکانی دەبەستا، ئامێرەکانی تۆکی ووکی لەدەست دابوو تێستی دەکرد، وازی لە نووسینگەکەی خۆی لە یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی هێنا بوو. کە ئامــادەکـارییــەکـان هـەمـوو تەواو بـوون، بەو بۆنەیە و لە کلوپێکی شـەوانەی پاریس شـەوچـەرەیەکی خـۆشـیـان سـاز کـردبوو، بەڵام سـیـسـیلیـا لـەبەر سـەرقاڵییـەکـانی بەناردنی نامـە تەلەفۆنییـەکان و وەرگرتنەوەی وەڵامەکـانیـان بواری نەبـوو لەو شـەوەدا بەشـداریی ئاهەنگە خـۆشـەکـەیان بکات. بەڵام لەو دەمــانەدا مــێـوانی بەرنـامــەی نهـێنیـیــە گـچکەکـان، کـە لەلایەن (ئاریان ماسینیت)ەوە لە کەناڵی پاریس برومبیر نمایش دەکرێت، لە ناو ئامادەبوواندا بوو.

سیسیلیا کە لە نامـەیەکی ڤیدیۆییدا بینیبووی کیژەکەی سارکۆزی تێدا باوکی هان دەدات لەو کاروانەدا بەرەو پێشـەوە بڕوات و بەهیچ شێوەیەک سڵ نەکاتەوە، ئەویش لە وەڵامدا بە کیژەکەی دەڵێت:

(کیژەکەم خەمت نەبێت بڕوای زۆرت بە باوکت هەبێت، ترسی ناوێ).

سـیلسـیـا بەو دیمەنـە زەوقی تێک دەچێت. سـیـسـیلیـا نیگەران بوو لەوێ ڕۆژێک دابێت ئەو ببـێـتـە خـاتوونی یەکـەمی فـرەنسـا، لەو ڕۆژەوە بنەمـاڵەی سـارکۆزی و ڕۆژانە و هـەواڵەکانیان بووە کـەرەسـتـەیەکی باش و سـوودبەخش بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

***

## کارێکی تایبـەتی

سـیـسـیلیا تا بگاتـە دۆسـتـەکـەی (ریتشـارد ئیـتیـاس) و مـاوەیەک بەیەکـەوە بژین، ئەو بەرەو شـاری بترای ئوردنی دەفڕێت، ئەو ئەڤینەی ئەو دوو دڵدارە لە یەکـەم نیگاوە دروست بـوو، ئەو ئەڤـینـە نوێیـە بازنـەی یەکـەمی سـارکـۆزی

تەقاندەوە، هەموو راوێژکارەکانی زوو لە سارکۆزی کۆبوونەوە، زۆر باس لە لایەنە تایبەتییەکانی تاکە کەسیان دەکرد و نهێنییەکانیان ئاشکرا دەکرد، ئەو داوای کۆمەک و پشتیوانیی لە هەموویان دەخواست، بۆیە و بەناچاری سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی داوای لە رەشیدە داتی کردووە پێوەندی بە سیسیلیای هاوسەری سارکۆزی بکات تا بگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە لەو دەمانە سارکۆزی کاری زۆری بەو دەبێت، لە پاش ئەو رووداوە برادەرە جوانەکە لە ناو دڵی تیمەکە جێگای دەردەکەوێت، زۆرتر ناوی هاتووە، زۆرتر گەیشتووەتە ناو کێشە تایبەتییەکەی سارکۆزی.

رەشیدە بۆ رازیکردنی سەرۆکەکەی چەندان نامەی تەلەفۆنیی بۆ ژنە دوورکەوتووتەوەکەی ناردووە، لە نامەکانیدا لە سیلسیا دەپاڕێتەوە تا بگەڕێتەوە فرەنسا، چونکە رۆیشتنی ئەو کاریگەری و باندۆری زۆری لەسەر کەسایەتیی سارکۆزی مێردی دەبێت. کەسە نزیکەکانی سارکۆزی وا تێدەگەیشتن کەوا رەشیدە کە رۆڵی پێناویی لە نێوان ئەو ژنە و مێردە دەگێڕا، لە هەردوولا سوودمەند دەبوو. ئەو بە هۆی نامەکان لەسەر سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی نزیک دەکەوتەوە، لە سیسیلیاش نزیک دەکەوتەوە، ئەو کەسەی جاران متمانەی پێ نەبوو. کە دومینیک دوفیلبان لە ڕۆژی ١ی یونیۆی ساڵی ٢٠٠٥ پۆستی سەرۆک وەزیرانی فرەنسی وەردەگرێت دووبارە سارکۆزی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرێتەوە، ئەوەش لەلای هەموو لایەک جێگای سەرسڕمان بوو، ئەوەش پاش ئەو هەلە هات کە سەرۆک جاک شیراک کە زۆر گاڵتەی بە سارکۆزی دەهات، رەوش و بەرنامەکانی شێلو و ناڕێک بوو. پاش ئەوەی شیراک ڕازی نەبوو ئەو پۆستی سەرۆکایەتیی حزبەکەی و وەزارەتی ناوخۆ بەیەکەوە ببینێت، وا ئەو دووبارە پۆستی وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرێتەوە، بەڵام کە لە ریفراندۆمەکەی دەستووری ئەوروپی سەرنەکەوتن، هەموو پارسەنگەکان بەرەواژ بوونەتەوە، گەمەکە کەوتووەتە بن دەستی سارکۆزی، لەو ڕۆژەوە ئەو بڕیار دەدات و شیراکیش بەناچاری بڕیارەکانی ئەوی جێبەجێ دەکرد.

٤

## کیژەکەت لەلای من دوارۆژێکی پرشنگداری دەبێت

لە ڕۆژی باوکدا و لە ١٦ی یونیۆدا لە گەڕەکی ٤٠٠٠ لە کورنۆفدا لە ئەنجامی ناکۆکییەک و شەڕێک لە نێوان چەند گەنجێک بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتی نێوان خۆیاندا، تێدا منداڵێک بە گوللەیەکی وێڵ کوژرا. نیکۆلا سارکۆزی بە سیفەتی وەزیری ناوخۆ سەردانی شوێنی ڕووداوەکەی کردبوو، بە تەنیا لەگەڵ خانەوادەی منداڵە کوژراوەکە دادەنیشت، زووتر ژوورنالیستێکی ڕۆژنامەی لۆمۆند لەوێ ئامادە بوو، لەوێ ڕۆژنامەنووسەکە گوێی لەوە بوو کەوا وەزیری ناوخۆ لە شوێنی ڕووداوەکە وتبووی:

(ئێمە ئەو گەڕەکە لە کەسانی بێگانە و کۆچبەرەکان پاک دەکەینەوە).

ئەو پەیڤەی وەزیرەکە بارەکەی ئاڵۆز کردبوو، چونکە قسەکەی ئەو لە سەروبەندی خۆکاندیدکردنی ئەو بوو بۆ سەرۆکایەتیی فەرەنسا لە ساڵی ٢٠٠٧، بۆیەش ناچار بوو یاسایەک بۆ چارەسەری لە لادان دەربکات، ئەگەرچی ئەو یاسایە لەلایەن باڵەکەی جاک شیراکەوە دژایەتیی توندی دەکرا، هاندەری سەرەکی و پشتیوانیی تەواوی دەرکردنی یاساکەش ڕەشیدە داتی بوو، چونکە ئەو ڕاوێژکاری یاساییەکەی سارکۆزی بوو، زۆریش لەگەڵ دەرچوونی یاسایەک بوو بۆ کەمکردنەوەی ڕووداو و لاساریی نەوجەوانان، لەو دەمانەشدا (باسکال کلیۆن)ی وەزیری داد سەرقاڵی دەرکردنی دەقێکی یاسایی بوو بۆ پاراستنی مافی گەنجان، ڕەشیدە کۆششی زۆری کرد سارکۆزی پشتیوانیی بکات دەقە یاساییەکی وەزیری داد سەرنەگرێت و هەرەس بهێنێت، بۆیەش سارکۆزی ڕەشیدە بۆ ئەو مەبەستە ڕادەسپێرێت.

## شەڕەجنێو

بەسەرپەرشتیی ڕەشیدە داتی لە دیوانی وەزارەتی داد چەند دیمانەی وەزاری بەڕێوە چوو، لەوێ برادەرە جوانەکە هەڵمەتێکی دژوار و هێرشێکی توندی کردووەتە سەر کارمەندانی وەزارەتی داد، بەرپرسێک لە ئیدارەی پاراستنی گەنجان دەڵێت:

(لە سەرەتای دەست پێکردنی کۆبوونەوەکەی نێوان کارمەند و ڕاوێژکارانی هەردوو وەزارەتی داد و ناوخۆ، هەستمان دەکرد ڕەفتار و جووڵانەوەکانی ڕەشیدە داتی دژوار و توندبوو، ئەو زوو بە ئێمەی ڕاگەیاند کەوا ئەو ئەرکە و ئەو بڕیارە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە جێبەجێ دەکرێت، بۆیەش ئێمە زوو ئەوەمان گەیاندە وەزارەتی داد، چونکە هەستمان دەکرد بۆچوونی هەردوو وەزارەتەکە لەسەر ئەو پرسە زۆر جیاواز و لەیەک دوورە، ئەو ژنە وەک وەزیرێک هەڵسوکەوتی دەکرد، لە ڕاستیدا ئەو تەنیا ڕاوێژکارێکی وەزارەتەکە بوو، نەک وەزیری ناوخۆ، ئەو ئێواران بەرنامەی کۆبوونەوەکانی دادەڕشت، بەمەرجێک ماوەی بەرنامەکان ئەوەندە درێژ بوون دەگەیشتە سێ کاتژمێری تەواو، دیمانە و دانوستاندنەکان تا سەعات یازدەی شەوانی دەخایاند، بۆیە هەموو ئامادەبووان پاش کارکردنە دوور و درێژەکە هەستیان دەکرد شەکەت و ماندوو دەبوون و وزەی کاریان لە جەستە و هۆشدا نەدەما، بابەتەکانیش گران و ڕەق دەبوون، زۆریش لە کۆبوونەوەکان بە شەڕەجنێو و دەمەقاڵێیەکی توند و ناخۆش دوماهی دەهات).

ڕەشیدە بۆ بنبەستکردنی دیمانەکە و نەبوونی ئەنجامێکی ڕوون لەلایەن ئامادەبووانەوە بەرنامەڕێژی زۆری کردبوو، ستافی هەردوو وەزارەت نەگەیشتە کۆنووسی ئەنجام و دەرخستەیەک، بۆیە بەرەنجام کێشە و مەسەلە هەڵپەسێردراوەکانیان خستووتەوە بن دەستی هەردوو وەزیری ناوخۆ و

وەزیری داد تا ئەوان دوا بڕیار لەسەر مەسەلەکان بدەن. لە دوا بڕیارەکانی هەردوو وەزیرەکە وەزیری داد باسکال کلیۆن چەکەکانی خۆی لە بەردەم نیکۆلا سارکۆزی وەزیری ناوخۆ دادەنێت.

***

## جاسووسەکەی سیسیلیا

سەرەڕای سەرقاڵی گرەوە زۆرەکانی رەشیدە بایەخی بە رەوشە تایبەتییەکەی سیسیلیا و مێردەکەشی دەدا، بەردەوام خۆی لە نووسینگە و کارنامەی سارکۆزی نزیک دەخستەوە تا زۆرترین زانیاری لەسەر ئەو پیاوە کۆ بکاتەوە، زانیارییەکانیشی ورد و درشت لە پێش ژنەکەی هەڵدەڕشت. ئەگەرچی خۆی زۆر لە پاریس دوور بوو، بەڵام لە ئەنجامی دووزمانی و جاسووسییەکەی برادەرە جوانەکەی هاوڕێی، سیسیلیا لە هەموو وردەکارییەکانی سارکۆزی ئاگەدار دەبوو، وای دەزانی لە ماڵەکەی خۆیەتی.

سارکۆزی دروشمی بەرنامەی (لێکترازن)ی گەڵاڵە کرد و تیمەکەی خۆی کۆ کردەوە تا ناوەرۆک و مەبەستی دروشمەکەیان پێ راگەیەنێت، کە نیازی بوو لە هەڵمەتی سەرۆکایەتی بەرزی بکاتەوە و کاری پێ بکات، لەو دەمانەی سارکۆزی لە ناو کێشە خێزانییەکەیدا گینگڵی دەداو هیچ ترووسکایی و هیوایەکی ئاشتبوونەوەی بەدی نەدەکرد، لە گۆڕەپانی لابول و لە پێش دۆستەکانیدا دومینیک دوفیلیبان کە لە راپرسییە ناوخۆییەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ بە پێش سارکۆزی دەکەوت و لەوێش هێرشێکی توندی کردە سەر سارکۆزی. لەسەر سەکۆی بانگهێشتنی هەڵبژاردندا و لە پێش جەماوەرەکەیدا سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی باسی کێشە و گرفتە شەخسییەکانی خۆی کرد، بەوەش بە توندی ڕووبەڕووی نەیارەکەی وەستا و وتی:

(هیچ شتێکی بەرجەستە و کەسیش ناتوانێت من لە بەرەو پێشچوونم ڕام گرێت، کەس ناتوانێت من لە گەیشتن بە ئامانجەکەم بەربەستم بکات کە بەرنامەڕێژیم بۆی کردبێت).

## من حەقی ئەوەم نییە

ساركۆزی لە دەزگەكانی راگەیاندن بەردەوام بوو لەسەر پەیڕەوكردنی سیاسەتی ئیستفزاز و كۆكردنەوەی ژمارەیەكی زۆری خەڵك، بۆیەش چەندان ژوورنالیست و نووسەران و سیاسەتمداران و هونەرمەندان هەڵپەی ئەوەیان بوو بگەنە ناو بازنەكەی ئەو، لەو دەمانەدا بارەگەی وەزارەتی ناوخۆ جمەی دەهات لە جۆرەها خەڵك. بەوەش رەشیدە هەموو وردەكارییەكانی ساركۆزی و كارنامەی ئەو ژیانەی نوێیەی بە سیسیلیا ڕادەگەیاند، لەگەڵ ئەو رەوشە و ئەو پێشهاتەی بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەكان هاوشانی ساركۆزی و لە زۆر شوێندا كیژێكی ناسكی جوانیش بەردەوام لەگەڵیدا دەبینرا. ئەو سەبارەت بە نزیكیی ئەو كیژە لەو وتبووی:

(ئەویش ئەندامێكی ستاف و نووسینگەكەمانە).

لە ناو ئەو گۆڕانەدا رەشیدەش سەرقاڵی ئەوە بوو خەمێك لە داهاتووی خۆی بخوات و چارەنووسی خۆی روون و ئاشكرا بزانێت، دیارە پاش ئەو هەموو گۆڕان و پێشهاتانە رەشیدە وەك جاران ئارەزووی كاری داد و قازییەتی نەما بوو، هەروەها لەو مەیدانەش هەستی دەكرد پشتیوانییە پێویستییەكەی جارانی نەماوە، وەك یەكێك لە هاوڕێیەكانیشی ئامۆژگاریی كردبوو كاركردن لەبەر بەرژەوەندیی دامەزراوە پیشەسازییەكان چی تر بەكەڵك ئەو نایەت. رەشیدە چاوی لەوە بوو پۆستێك بەدەست بخات، لەوێ ئەو دەتوانێت هەموو بەهرەو شارەزاییەكانی بخاتە كار و سوودیان لێوە وەرگرێت، بۆیەش بەردەوام و ڕۆژانە سەردانی (ژوورەكەی شەڕ)ی لە گۆڕەپانی بوڤۆ دەكرد، ئەو ژوورەش لە راستیدا ژووری جەنگ و ململانێ نەبوو، تەنیا ئەوەیان (لۆران سولی) سەرۆكی نووسینگەی دیوان بوو. هەموو بەیانییەكیش پاش كۆبوونەوەكانی وەزارەت هەردوو كوڕەكەی ساركۆزی دەهاتنە شوێنەكە، بەڵام ئەو دەمانە رەشیدە لەوێ نەدەمایەوە. كە رەشیدە دەچووە ناو ئەو ساڵۆنەی كۆبوونەوەكەی لێ دەگیرا، داوای لێبووردنی دەكرد و دەیوت:

(لەگەڵ لێبووردنەوە من هاتووم، ئەوەیان شوێنی من نییە، نەدەبوو من ئامادە بم).

پاش داوای لێبووردنەکە دەرگەکەی دادەخست، لەو پەنایەک دادەنیشت، دەستی دەکرد بە قاوە خواردنەوە و گوێی لە هەموو قسەکانی ناو دیمانەکە دەگرت، بەوەش ئاگەداری هەموو وردەکارییەکان دەبوو، زۆرجاریش لە ناو قسەکاندا ناوی سیسیلیاش دەهات، یان زانیاریی نهێنیشی دەبیست. ئەو هەموو قسەکانی ئەزبەر دەکرد، تا بە وردی بۆ سیسیلیای بگێڕێتەوە، ئەو بەرنامەی و بۆ دابینکردنی دواڕۆژی خۆی ڕۆژانە لەو کارخانەیە بەبەرهەمەوە دەردەچوو.

***

## دەرفەتێکی نوێ

پاش مانەوەی هەشت مانگ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سیسیلیا گەڕاوەتەوە ماڵەکەی خۆی لە پاریس، سارکۆزی بەبۆنەی گەڕانەوەی سیسیلیای هاوسەری ئاهەنگێکی گەورە ساز دەکات، مێوانەکان وەک دەستەیەکی داوەتکراو لەسەر شەرەفی مێوانەکەیان وەستابوون لەوانە رەشیدەش لەوێ بوو. لەو ڕۆژەی سیسیلیا گەڕاوەتەوە هاوشانی سارکۆزی مێردی بەرەو گەیشتن بە کۆشکی ئەلیزێ کاری دەکرد، لە ناو ئامادەبوواندا کەسانی وایان لەناودا بوو کەیفیان بە هاتنەوە و گەڕانەوەی سیسیلیا نەدەهات، بۆیە رەشیدەی دەم نادەمێ بە چرپەیەک بە سیسیلیای رادەگەیاند و دەیوت، ئەوەیان قسەکانی هەموو دوورن لە راستی، ئەوەشیان بوختانی بۆت هەڵدەبەستا، ئەوەیان دەیویست تاقیت بکاتەوە.

دەبێ ئەو دەمانە سیسیلیا لە گەمەکانی رەشیدە تێ نەگەیشتبێت؟ یەکێک لە کەسە نزیکەکانی هاوسەرەکەی نیکۆلا سارکۆزی وا دەزانێت، کە سیسیلیا گەڕاوەتەوە گۆڕەپانی بوقۆ، تاکە کەس پشتیوانی و هاوڕێیەتیی کردبێت رەشیدە بوو. رەشیدەش لە هەموو گرفت و دەستبادانێکی ناو وەزارەتدا

دەگەڕایەوە و ژوورەکەی سیسیلیا لەلای ئەو سەری بەمێزەکەی ئەو کردووە و لە خەفەتا تێر دەگریا، بۆیەش سیسیلیا یەک بەدەنگی خۆی و بەئاشکرا پشتیوانیی خۆی بۆ رەشیدە بە هەمووان راگەیاندووە و وتوویەتی:

(کەس ناتوانێت دەست لە تاڵە موویێکی ئەو ژنە بدات، هەتا راوێژکاری دیپلۆماس (دیڤید مارتینون)یش).

لەو ساتەوە دەست و دەسەڵاتی رەشیدە تەنیا دەستی دەسەڵات و بەڕێوەبردن و کارکردن نەبوو، دەستی زەبری رووخانیشی پەیدا کردبوو، بۆیە دەستی کردووە بەیەکلاکردنەوەی کۆنە حیسابەتەکانی، کەوتووەتە دژایەتیکردنی رکابەرەکانی لە ناو کۆمەڵەی سەدەی بیست و یەکدا، لەوانە و لە پێشەوەی هەموویانیشەوە هۆج موتوح، کە بووبووە یەکێک لەهەرە راوێژکارە دەسبەکارەکانی کلۆد غیان، بەڵام کەسانی واش هەبوون، وایان دەزانی کەوا ململانێیەکەی رەشیدە لەگەڵ موتوح لەسەر کۆمەڵەکە نەبوو، بەڵکو کێشەکانیان لەسەر مەسەلەیەکی تر بووە، دەڵێن گوایە رەشیدە رقی لە موتوح بوو، لەسەر ئەوەی پێوەندیی ئەو لەگەڵ کلۆد غیان زۆر پتەو بووە و بۆیەش ئەو غیرەی لە موتوح کردووە.

نووسینگەکەی کلۆد غیان ڕۆژانە لە شکایەتی راوێژکارەکان لە رەشیدە جەمەی دەهات، لە هەموویان زۆرتر هۆج موتوح و (کدیریک گونی) زۆر بە گازاندە بوون. یەکێک لە راوێژکارەکان هاتبوو شکایەتی لە رەشیدە دەکرد و دەیوت، ئەو ژنە کێشە و ناکۆکیی تایبەتیمان بۆ پەیدا دەکات، یەکێکی تریان بە تووڕەییەوە هاتبوو دەیوت، رەشیدە ژیانی تاڵ کردووین، موستەحیلە بەو جۆرە بژین. ڕۆژانە غیان گوێی لەو شکایەت و گازاندانە دەگرت، بەڵام بێ دەسەڵات بوو، هیچی پێ چارەسەر نەدەکرا، بۆیەش کارمەندانی ناو وەزارەت بووبوونە دوو بەش، بەشێکیان لەگەڵ سیسیلیا بوون، بەشەکەی تریشیان دژایەتییان دەکرد.

***

## کابوسی یاسا

دیارە کەوا رەشیدە لەو ململانێیەدا دەچێتە پاڵ بەرەو دۆستەکانی سیسیلیا، لەوانە بەڕێوەبەری گەیاندن لە (برادا) کە ناوی (مالتیلد ئاگوستینیلی) بوو، هەروەها (ئاگنیس کرومباک) بەڕێوەبەری (تیڤانی)ی فرەنسا، ئەویش وەک ئەوان خۆی دەپۆشی و لەگەڵ ئەواندا دەچووە دەرەوە.

لەو دەمانەی یاسای خۆپاراستن لە لادان لە ڕۆژانی ٢٤ی نۆڤەمبەر تا ١ی دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٦ لە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە دەکرا، رەشیدە داتی لە کابوسێکدا دەژیا، دیارە ئەو پرۆژە یاسایەش لەسەر پێشنیازی سارکۆزی بووەو رەشیدەش بەو کارە هەڵساوە، بەبوونی کەموکوڕییەکان ئەو نیگەران بووبوو، چونکە بەردەوام سارکۆزی گۆڕان و دەستکاریی دەویست. وەزیری ناوخۆ لەوێ لە پێگەی حکوومەت دانیشتووە و مەسەلەکەش زۆر خێرا رێ دەکات، سارکۆزیش بەردەوام پرسیار دەکات، دەستی بۆ پشتەوەی خۆی درێژ دەکات، پسوولە پرسیاری دەنارد و وەڵامەکانیشی لە پشتەوەی خۆی وەردەگرتەوە.

پرسیارەکان زۆر بوون، ئەو خاڵانەی سارکۆزی تێبینیی لەسەر هەبوون زۆر بوون، بۆیەش رەشیدە دەرەقەتی نەدەهات و باش بێزار بووبوو. لەولاشەوە سارکۆزی چاوەڕوانی زۆرترین روونکردنەوە و ژمارە و راسپاردە دەبوو. رەشیدە بە رەخنەکان سەرگران نەدەبوو، ئەوەی بۆ ئەو گرینگ و پڕ بایەخ بوو، ئەو لەگەڵ دەستە باڵاکەی دەسەڵاتە. رەشیدە لە ٢٣ی فبرایری ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ وەزیری ناوخۆ دەچێتە لیون، لەوێ کۆبوونەوەیەکی چوارگۆشەیی لەسەر رەوشی ئابووریی گەڕەکە هەستیارەکان بەئامادەبوونی چەند کەسێکی ناوخۆییی براوەی پرۆسەی هەڵبژاردن ساز دەکرا، لەوێ (جاک ئاتالی) هاتبوو داکۆکی لە بۆچوونێکی خۆی دەکرد بۆ پێدانی قەرزی سووک و کەم بە بەڵێندەرە گچکەکان.

لەو کۆبوونەوەیەدا رەشیدە (جاک ئاتالی)ی کۆنە هاوڕێی دەدۆزێتەوە کە

بەراسـپاردەی ئەو مـاوەی یـەک سـاڵی تەواو لە لـەندەن کـاری کـردووە، کـە ئەو بانکی ئـەوروپی بۆ دروسـتکردن و گـەشـەپێـدانی بەڕێوە بردووە، سـارکـۆزی و ئاتالی ئەو دوو پیـاوە باش یەکتریان ناسـیوە، هـەردووکیـان بە ماڵ و خێزانەوە لە نویی ژیاون، منداڵەکانیان لەگەڵ یەکتردا هاوڕێ بوون.

جاک ئاتالی لە نووسـینگەکەی خۆی لە کۆشکی ئالیزێ ڕۆژێکیـان نامەیەکی لە پارێـزەرێکی گـەنج پێ دەگـات، لە نامـەکـەدا پـارێزەرەکـە داواکـارە ڕێنـوێنی بکات و فێری ئەو بەرنامەی بکات چۆن کەسێکی وەک ئەو دەبێتە سەرکۆماری وڵات، نامـەنووسـەکـەش سـارکۆزی بـووە، کە بـەهـۆی ئەو نامـەیە توانیـویەتی بۆ یەکـەم جـار لە ژیـانیـدا بەهـۆی جـاک ئاتالـی پێ بنێـتـە نـاو کـۆشـکی (فـۆبورگ سانت هۆنوری).

***

## وەک پێویست نەبوون

لە ڕۆژی ١٠ی ئوکـتـۆبـەری سـاڵی ٢٠٠٦ سـارکـۆزی پێشـوازی لە (گزافیـی برتـراند) دەکـات تـا هـاوشـانـی ڕەشـیـدە داتی بیکاتـە پەیڤـداری هـەڵمـەتی هەڵبژاردنەکەی، دیارە ئەو دوو کەسە یەکتریان نەناسیوە، بۆیە سـارکۆزی لەو پێشوازییەدا بەمێوانەکەی کە وەزیری تەندروستی و هاوکاری بوو گوتبوو:

(دەکرێ سیسیلیا بۆ ئەو مەبەستە ببینیت).

سیسیلیا لەسەر داوای مێردەکەی پیاوەکە دەبینێت، پاش ئەوەی لە بەرنامە و شـارەزاییـیـەکـەی دڵنیـا دەبێت، ڕازی دەبێت بچێـتـە هـاوشـانـی ڕەشـیـدە و دەستبەکار بێت، بە مێردەکەشی دەڵێت:

(ڕەشیدە و گزافیی برتراند دوو کەسن لەیەک دەوەشێنەوە و بەیەکەوە جـووتێکی بەسـوود پێک دەهێنن، ئەو جـووتەش دەکـرێ بڵـێن ئەوانە دەبنە سمبولی فرەنسای نوێ).

برتراند لەبـەرئـەوەی ڕەشـــیـــدەی نەدەناسـی، بۆیە ســـەرەتا بەئاگـــاوە هـەڵسـوکـەوتی دەکـرد، پرسـی وردی لە کـەسـایەتیی ئەو کـرد، لە ئـەنجـامـدا

گەیشتووەتە ئەو رایە کەوا ئەو ژنە لەلایەن ئەو ژن و مێردە وە دەپارێزرێت. رەشیدە هەموو ئێواران لە کۆبوونەوە سیاسییەکان و لەسەر ئاستی گۆڕەپانی بوڤۆدا ئامادەیی هەبوو.

برتراند گزافیی بەناوی خۆگونجاندن و شەفافیەت لە ڕۆژی ٢ی دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٦دا بووە ئەندامێکی تیمەکەی نیکۆلا سارکۆزی، بەوەش سارکۆزی بەڕەسمی رای گەیاند کەوا هەریەک لە برتراند گزافیی و رەشیدە داتی پەیڤداری ئەو دەبن، بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکەشی خستووەتە ئەستۆی بەڕێوەبەری نووسینگەکەی کلۆد غیان، تا ئەودەمانەش ناوێکی دیار بێ ناونیشان و بێ پۆست بوو، ئەویش (بریس هورتفۆ) بوو، ئەویش کە هەواڵی دامەزراندنی ئەوانە دەبیستێت بێزار و تووڕە دەبێت، چونکە ئەو خۆی یەکێک بوو لە هاوڕێیە کۆنەکانی سارکۆزی و حەقیان لەسەر یەک هەبوو.

بریس هورتفۆ کەسایەتیی برتراندی بە کەسێکی خۆڕەپێشکەر دەزانێت، سەبارەت بەرەشیدەش بە ژنێکی ئاست نزمی دەبینی، بۆیەش سەبارەت بەو ژنە وتبووی:

(ئێمە هەموومان ئەوە باش دەزانین ئەو ژنە چۆن و بە چی پێ گەیشتووە، ئەو چۆن پلە بەپلە سەرکەوت، بۆیەش لەگەڵ سارکۆزی زۆر هاوسۆزە، بێجگە لەوەش مەسەلەکە بوونی بۆشاییەکی رەهایە و تەواو).

سەبارەت بە رەشیدە هەموو ئەوانەی لە بازنەکەی سارکۆزییەوە نزیک بوون هەمان بۆچوونیان نەبوو، کەسانی وا لە ناو بازنەکەدا هەبوون دەیانوت ئەو ژنە ڕاوێژکارێکی یاسایی بەتوانایە و وزە و بەهەرەیەکی زۆری تێدایە، لەو بوارەشدا زۆر بە تاقەتە، لەوانە (فرانک لۆڤرنی)، کە یەکێک بوو لە راوێژکارەکانی نزیک و بەوەفاکانی سارکۆزی. بۆیەش هورتفۆ داوای لە سارکۆزی کردبوو بەو مەسەلە دابچێتەوە و گۆڕانێک لەو پۆستانەدا بکاتەوە.

***

## پەیڤدار بەناوی سارکۆزی

هەموو لایەک نامە و پەیامی کاندیدەکەیان پێ گەیشت کەوا سەرۆکی دەستەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە سیسیلیایە، ئەویش ناوی سەرکردەی کەرتەکانی دیار دەکات، لەوانە (دیڤید مارتینۆن) بەڵێنی ئەوەشی وەرگرتبوو ئەگەر سارکۆزی لەو هەڵبژاردنە سەرکەوت ئەوا ئەو دەبێتە سەرۆکی دیوان.

لە گەشتێکیدا بۆ کارگەی ماسۆن رەشیدە بەیەک لە یاوەرەکانی وتبوو:

(تەواو، هەموو شتەکان گەیشتە کۆتایی، دوێنی ئێواریێ من بوومە پەیڤداری رەسمیی ئەو، بۆیەش مەسەلەکە ئاسان نییە، وەزیر خۆی لە پێش ئامادەبووان ئەوەی راگەیاند، بەڵام ئامادەبووان کەسیان پیرۆزباییان لە من نەکرد، من هەست دەکەم دەتەقم بۆ گەیشتن بە مەرامەکانم، من دەخوازم هیواکەم بهێنمە دی، دەبی بگەمێ... نازانم چۆن؟ تا بگەمە هیواکانم دەبێ پرس بە کلۆد غیان بکەم، دەچمە لای ئەو لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە لەگەڵ ئەودا دەکەم).

رەشیدە لەو قۆناخەدا کاتی ئەوەی نەبوو بیر لە ستراتیجییەک بکاتەوە لەگەڵ رەوشە نوێیەکەی بگونجێت.

هەر لەو ڕۆژەدا رەشیدە لە ناو یەکێک لە کۆڵانەکانی کارگەی ئاڤیرا، مبارکی باوکی بەسارکۆزی دەناسێنێت، کە کۆنە وەستایەک بوو، سارکۆزی بە مبارکی باوکی رەشیدە دەڵێت:

(کیژەکەت لەگەڵ مندایە، دواڕۆژێکی پرشنگداری لە پێشدایە).

لە ڕۆژی ١٤ی ینایری ساڵی ٢٠٠٧دا سارکۆزی بە رەسمی وەک پاڵێوراوی حزبی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللیدا بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کاندید کرا، لە پەیامی هەڵبژاردنەکەیدا چەندان نامە و هیوای بە کۆمەڵگەی فرەنسی راگەیاند، لەوانە رەچاوکردنی فرە ڕەگەزەکان بەهەند و بە بایەخ وەرگیرێت، دانانی رەشیدەش وەک پەیڤداری رەسمیی خۆیدا لەو بەرنامەیەدا بوو.

له بەیانیی ڕۆژی ١٥ی ینایر ڕەشیدە لە خەو هەڵدەستێت، بەڵام ئەو بەیانییە بۆ پرۆڤەکردنی خوێندنەوەی پەیامی بانگەوازی هەڵبژاردنەکە لە ئێستگەی یوروب ٠١ یەکەم دیمانەش لەگەڵ ڕەشیدە لەلایەن (جان بییر الخباش)ەوە وەک کەسێکی تایبەت و لە پۆستێکی نوێیدا، لەو دەمانەدا ڕەشیدە هەموو گیانی دەلەرزی، چونکە ئاسان نییە ئەو بەتەنیا بە ١٥ خولەک بتوانێت کاروانە درێژەکەی خۆی لە ڕەشیدەیەکی گچکەوە بۆ قازییەک و پاش راوێژکارێکی سارکۆزی بەرجەستە بکات. ئەو ژنە سارکۆزییە دەستی بەوە کرد پشتیوانی و دەنگ بۆ کاندیدی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی کۆ بکاتەوە، بەیانیان و ئێواران دیمانەی هەبوو، بۆیەش دیکۆری نووسینگەکەی لە بارەگەی هەڵمەتەکە لە شەقامی ئانگین دەگۆڕی.

***

٥

## وەزیری داد و بە جلی ڕووتی مەلەوانی

ململانێیەکانی نێوان هەردوو پەیڤدارەکانی سارکۆزی، رەشیدە داتی و برتراند گرافیی زۆر توند و دژوار بوو، تا ئەوەی گەیشتە ئاستێک تەحەمول نەدەکرا، رەشیدە بەهیچ شێوەیەک پێی خۆش نەبوو سارکۆزی هیچ لێدوانێک، یان روونکردنەوەیەک بداتە پەیڤداری دووەمەکەی، جا لەسەر هەر ئاستێک و سەبارەت بە هەر بابەتێک بووایە.

ڕۆژێکیان سارکۆزی خەریکی سازکردنی پرێس کۆنفرانسێک بوو، رەشیدە سەرقاڵی ئامادەکارییەکان بوو، چەند چرکەیەک مابوو بۆ دەست پێکردنی پرێس کۆنفرانسەکە، لەو دەمانە و بە پەلە گرافیی هاوپیشەکەی ئامادە بوو، بەو هاتنە ناوەختەی ئەو رەشیدە زۆر تووڕە بوو، بەوەیان رەشیدە هەستی دەکرد ئەو پیاوە بە ئەنقەست لە کاتە دیاریکراوەکاندا دوا دەکەوێت و پێش ماوەیەکی کەم دەردەکەوێت، دیارە مەبەستی ئەوە بوو لەگەڵ ئەودا بەیەکەوە سازکارییەکان نەکات، دڵی بەئامادەبوونی رەشیدەش خۆش نەبوو. هەموو لایەک ئەو دەمە تووڕەبوونەکەی رەشیدەیان لە ئاکاریدا بینیبوو، کە هەموو لایەک بە سەرسڕمانەوە دیقەتیان دەدایێ، بۆیەش ئەمجارە زوو سارد و هێمن دەبێتەوە. کە برتراند دەگاتە شوێنەکە رووی خۆی دەگۆڕێت، کۆنگرەکەش بەپێی نەخشەکە کۆتاییی پێ دێت. یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی هەڵمەتە هەڵبژاردنەکەی سارکۆزی وتبووی:

(رەشیدە بڕوای بەخۆی نەبوو، لەو ڕەوشانەدا ترسی هەبوو، بۆیەش کۆنترۆڵی لەسەر خۆی نەدەما و شپرزە دەبوو، بۆ هەموو بابەتەکانیش دەشێوا).

## دوژمنەکانی ڕەشیدە

ڕەشیدە ڕێنوێنییە یاساییەکانی هۆج موتوحی جێبەجێ نەدەکرد، ئەو پیاوەشی بە دوژمنی سەرەکیی خۆی دەزانی، هەر جارێک ڕێنوێنییەکی بۆ کردبووایە، ئەو لە نووسینگەکەی خۆیەوە دەیکردە هاتوهاوار و دەیوت:

(دیارە ئەوە دەستخەتی موتوحە، من نامەوێ تێبینییەکانی ئەو بە چاوانم ببینم، من نامەوێ).

یەکێک لە کارمەندەکانی ئیدارەی هەڵمەتەکە دەبێژێت:

(ئێمە زۆرمان بە ڕەشیدە دەوت، ناکرێ کارێک بۆ چاکسازیی دامەزراوەکان بێت پشتگوێ بخرێت).

بەڵام ئەو وەڵامی ئێمەی بەو شێوەیە داوەتەوە:

(هیچ مەجالی تێدا نییە، تەواو من هەموو شتێکی ئەوم قبووڵ نییە، شتەکانی موتوح هەموو ڕەفز دەکەمەوە).

***

## هەڵسوکەوتە ناپەسندەکانی

یەکێک لە ستوونە هەرە دیاری هەڵمەتەکە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

(ئێمە هەموومان ئەندامانی دەستەی هەڵمەتەکە لەو ڕەفتارانەی ڕەشیدە بێزار بووین، زۆریش خەریکی ئەوە دەبوو بنچینە سەرەکییەکانی چەندان بابەتی سیاسییە گشتییەکانمان بۆی شرۆڤە دەکرد، زۆری لەگەڵ دەڕۆیشتین، زۆرمان ئەزبەر دەکرد، هەر جارێک لە تەلەڤزیۆندا دیمانەی هەبووبێت، ئەو وتوویەتی، کەسانی چەپڕەو هەرگیز سەردانی ناوچە هەژارنشینەکان ناکەن سەیرکەن، چۆن سارکۆزی تا ئیمڕۆ ٥٠٠ جار سەردانی ئەو گەڕەکانەی کردووە، بەڵام ئەوان ناچن، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە لەوەتی لە وەزارەتی ناوخۆ بووین، دەزانین کەوا سارکۆزی تەنیا ١٥ جار سەردانی ئەو گەڕەکانەمان

کردووه، ئەویش ١٥ جارەکەی دەکردە ٥٠٠ جار و هەموو جاریش ئەو ژمارەیەی دووبارە دەکردەوە، ئینجا کەسمان ئەوەمان بەرووید نەدەدایەوە).

سارکۆزی توانی گرژییەکان سارد بکاتەوە، کە ئەو جۆرە رەفتارەش زۆر لە ناو تیمەکەی ئەودا بوونی هەبووە، لەلایەک جەماوەرەکە سەرقاڵی ململانێی دژواری نێوان ئیشتراکییەکان بە سەرۆکایەتیی سیگۆلین روایال و راستڕەوەکان بە سەرۆکایەتیی سارکۆزی گەرم بوو، لە ناو تیمەکەی سارکۆزی گرژییەکان قاڵبێکی تری بەخۆوە گرتبوو، ئەوەش بەڕوونی لە ناو کۆبوونەوەکان رەنگی دەدایەوە.

***

## لێکترازانێکی ئاشکرا و روون

لە کاتژمێری هەشت و نیو کلۆد غیان سەرقاڵی کۆکردنەوەی دەستەکەی بوو بۆ کۆبوونەوەیەک لە بارەگەی سەرکردایەتیی گشتی، لەو دەمانەدا (بریس هورتفۆ) لە نووسینگەی وەزارەت، لەلایەکی تریشەوە بەنیاز بوو لە بارەگەی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللیدا دیمانە ساز بکات، رەشیدە دەیویست لەهەردوو شوێن و لە هەموو دیمانەکان ئامادەیی هەبێت، بۆیەش لێکترازانەکان دەگەیشتە لووتکە، سارکۆزی تا برادەرە جوانەکە رازی بکات و کێشەکە چارەسەر بکات، تیمەکەی بریس هورتفۆی هەڵوەشاندەوە. رەشیدە وەک سێبەر بە سەرۆکەکەی وەنووسا بوو، دەیویست لە کاتی نانخواردنەکانی نیوەڕۆش لەگەڵ سارکۆزیدا بێت، زۆریش دڵگران تووڕە دەبوو کە سارکۆزی دەردەچوو ئەوی لەگەڵ خۆیدا نەبردبووایە دەرەوە، چونکە ئەو نیوەڕۆیان لەگەڵ سیسیلیا و منداڵەکانی نانی دەخوارد و دانیشتنەکانی خێزانی بوون. رەشیدە چاودێریی مەسەلە تایبەتییەکانی سارکۆزیشی دەکرد، دەیویست بزانێت لەگەڵ سیسیلیا نێوانیان چۆنە، بەردەوامیش ورد و درشتی مەسەلەکانی بە سیلسلیا ڕادەگەیاند، بۆیەش ئەو ژنە گەیشتبووە پلەیەکی زۆر

نزیک لە ژیانی سارکۆزیدا، ئاگەداری هەموو لایەنەکانی ژیانی بوو.

***

**رۆڵێکی دووسەرە**

لە سەروبەندی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی رەشیدەش لەگەڵ سیسیلیا بۆ یەک چرکەش لای سارکۆزی بەرنەداوە، دەم نادەمیش دەیچرپاندە گوێیەکانی سیسیلیا و دەیوت:

(دەزانی تۆ زۆر بەختیاریت، زۆرت نەماوە ببیتە خاتوونی یەکەمی وڵات، دیارە پیاوەکەشت زۆر تۆی خۆش دەوێت، تۆش ئاگات لە خۆت بێت، لەو ماوەیەدا زۆر نەرم و باش بە لەگەڵ سارکۆزی، ئەو بەراستی شێتی تۆیە).

سیسیلیا زۆر هۆگری رەشیدە بووبوو، ئەو گوێ لە هەموو قسەکانی خاتوونی یەکەم رادەگرت، بۆ هیچ شتێ نەیدەوت نا، ئەو ژنەش لە هاوڕێیەکی لەم شێوە و بەو رەفتارە دەگەڕا، رەشیدە لە وەڵامدانەوەکانی بە بەڵێ، یەک چرکە دوا نەدەکەوت، بەدڵی ئەو قسەی دەکرد و پێی دەوت:

(چیرۆکی تۆ و ئیتیاس زۆر دەگمەنە، پێویستە بۆ خۆیان بەیەکەوە ئارام و کامەران بژین).

کەسانی ئاگەدار لە رەشیدە شاهیدی ئەوە دەدەن، کەوا برادەرە جوانەکە بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دۆستەکەی خاتوونی یەکەم دەکرد و پێوەندییەکانی ئەو دوو عاشقەی گەرم و بەجۆشتر دەکرد، بە پیاوەکەشی وتووە:

(تۆ تاکە پیاوی لە ژیانی سیسیلیا، بۆیەش من ئەو جۆرە قسانە دەکەم، من بەختیاریی تۆم دەوێت).

ئەو جۆرە قسانەش کابرای مەغریبی بۆ سووتانی بۆ سیسیلیا هان دەدا و گەرمتری دەکرد.

***

## دڵی دەسەڵات

هەموو رەوشەکان لەبار بوون رەشیدە بگاتە دڵی دەسەڵات، بەتایبەتی پاش ئەوەی باڵەکەی سیسیلیا لە شەڕەکانی ناو ئیدارەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە سەرکەوتن. رەشیدە داتی لە ڕۆژی ٨ی مایۆی بە رێگەی سکرتێرەکەی نامەیەکی لە کلۆد غیانەوە دەگاتە دەست، ئەوەی خوارەوەش لە دەقی نامەکەدا هاتبوو:

(وا باشە کەلوپەلەکانت کۆ بکەیتەوە و یەکسەر دەگەیتە بارەگەکانی شەقامی سانت دومینیک).

کۆماری فرەنسی پاشکۆیەکی بۆ بەرژەوەندییەکانی وەزیری یەکەم تەرخان دەکات، ئەو بارەگەیەش دەکەوێتە بن دەسەڵاتی سەرۆکە هەڵبژێردراوەکە، ئەگەرچی وەزیرە مونتەدەبەکە سەرقاڵی کاری تایبەتیش بوو لە حکوومەتەکی فیلبیان، دەبووایە ئەو لەو شوێنەدا بمێنێتەوە.

***

## پێوەندییەکانی بە ژنە سکرتێرەکان

سارکۆزی خۆی ساز دەکرد دەسەڵات و ئەرکەکانی لە کۆشکی ئەلیزێ وەرگرێت، بۆ ئەو مەبەستە دەیویست دەستەی نووسینگەکەی ساز بکات، سەبارەت بە سیسیلیاش هەردوو پشتیوانەکەی دیڤید مارتینون و رەشیدە داتی بۆ ئەو دەستەوەستان بوون، بەڵام خۆی سەبارەت بەچارەنووسی پاش ئەو گۆڕانە بەڕۆژنامەنووسانی وتبوو:

(من نازانم دەگەمە کێندەرێ، منیش وەک کاریتینی چاوەڕوان دەبم).

لە ناوەوەش رەوشێکی تر لە ئارادا بوو، نووسینگەکان کەم بوون، پاشکۆکەی سەرۆک و هاوسەرەکەی و هەردوو کەسە نزیکەکانیان لەدەست دابوو، بۆیەش رەشیدە ترسی لێ نیشتبوو، بۆیە زوو دۆستایەتیی لەگەڵ ژنە سکرتێرەکانی ناو کۆشکی ئالیزێ پەیدا دەکات و نێوانیان لەگەڵدا گەرم

دەکات، ئەوان خەریکی پۆستەکردن و زەرف داخستن بوون، بە فێڵی یارمەتیدانیان لەوان نزیک دەکەتەوە و پێی دەوتن:

(کیژەکان کە بێ ئیشم من یارمەتیتان دەدەم، من ئێستا دەستبەتاڵم).

پاش ماوەیەک رەشیدە تۆڕێک هاوڕێی لەگەڵ ئەو سکرتێرانە پەیدا دەکات، ئەوانیش ئاگەداری هەموو بەرنامە ستراتیجییەکان بوون، هەموو رۆژڤەکان شارەزا بوون. لەو دەمانە یەکێکیان پارەی تاکسی دەکەوێتە لای ئەمینی خەزینەکەیان (ئیریک ورس) ئەو بۆ وەرگرتنی پارەکەیان گۆبەندێک دەنێتەوە و خۆی بە هاوکار و دڵسۆزیان نیشان دەدات، ئەوانیش دەڵێن، رەشیدە لەو کارانەدا یارمەتیی داون.

***

## دانوستانە سیاسییەکان

لەو ماوەیەدا سیسیلیا لەگەڵ سارکۆزی نەدەژیا، خاتوونی یەکەم بڕیاری دابوو لە ناوچەی نویی شوقەیەک بەکرێ بگرێت، سارکۆزی هاوسەرەکەشی لە (لۆنتارن) دەمایەوە، کە دەکاتە هەمان ئەو باڵەخانەی کە وەزیری یەکەمی فرەنسا پشووەکانی کۆتاییی هەفتەی تێدا بەسەر دەبات. سیلسیلیا بەردەوام سەردانی ئەو ڤیلایانەی دەکرد، کە تێدا دانوستاندنەکانی تێدا گەرم بوو، لەو سەردانانەشدا رەشیدە داتی هاوشانی دەبوو، خاتوونی یەکەم چەندان پێشنیازی هەبوو، هەندێکیان لەلایەن سارکۆزی هاوسەرەکەیەوە رەفز دەکران، بەڵام بەشێکیشی پێ باش بوو، بەهەمان شێوەش پێشنیازەکانی پەیڤدارەکەی سەرۆکایەتیی (دیڤید مارتینون)یش بەشێکیان رەت دەکرانەوە. لەو پێشنیازانەی سارکۆزی رازی نەبوو قبووڵی بکات گۆڕینی (لیرنار لابۆرت)ی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سپۆرت بە یاریزان (جۆن تیڤانا)، بۆیە کۆنە وەزیرەکەی لە پۆستەکەی خۆیدا هێشتووتەوە.

سیسیلیا داوای لە سارکۆزیی هاوسەری کردبوو کەوا پۆستی وەزارەتی ئابووری و دارایی بداتە (کریستین لاگارد)، پاش مشتومڕێکی دوور و درێژ لە

مێردەکەی دەپارێتەوە کەوا (بریس هورتڤۆ) لە حکوومەتەکەی دانەنێت، بەڵام ئەو بەگوێی ناکات، بەڵام سیسیلیا ڕەشیدەی دەستەخۆشکی دڵنیا دەکاتەوە کەوا ناوی لە ناو تاقمەکەی حکوومەت دایە، بەو پێناسەیەش باس لە ڕەشیدە دەکات:

(ئەو برادەرمە، وەک خوشکم وایە من دەستبەرداری نابم، من هەموو لایەنێکی ئەو ژنە شارەزام).

***

## وەزیری داد

ڕەشیدە دەیزانی پۆستی وەزارەتی داد بۆ ئەو زۆر باشە، بۆیەش سیسیلیا بەمێردەکەی دەڵێت، لەبەر بەهرە و شارەزاییەکانی، نەک لەبەر ڕەچەڵەکی ئەو ژنە بکرێتە وەزیری داد. سەبارەت بە دانانی ڕەشیدە سارکۆزی لە نێوان دوو هێڵی سووردا بوو، هێڵێکیان ژنەکەی بوو، دووەمیشیان کۆمەڵگەی فرەنسی بوو، چونکە زۆر پرسیار دەکرا، ئەو ژنە تەنیا ماوەی پێنج ساڵە گەیشتووتە ناو بازنەکەی سارکۆزی، دوایی ئەو کەسێکی هەڵبژێردراویش نییە، بڕوا ناکرێت بەهرە و تاقەتەکانی بەرگەی ئەو کارە بگرێت. سارکۆزی بەراوردێکی وردیشی لە چالاکییەکانی هەردوو وەزیری دادی سەردەمی حکوومیی شیراک، (دومینیک باریان) و (باسکال کلیمۆن) دەکرد، بۆی ڕوون دەبێتەوە کەوا هەردووکیان ئەوەندە چالاک نەبوون. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانە سارکۆزی گەیشتووەتە قەناعەت کەوا ڕەشیدە پشتیوانیی دەوێت، بەتایبەتی کە (ئالان مان) چرپاندوویەتی گوێی سارکۆزی و وتوویەتی:

(ڕەشیدە باشترە و گونجاوترە، ئەگەر دەتانەوێت لە کەرتی قەزا قازییەکان چاکسازی بکەن، دیارە ئەگەر هێرشی بکرێتە سەر، بە کەسانی نەژادپەرست ناویان دەبەن).

هەموو لایەک ڕوویان لە شەقامی سانت دومینیک دەکرد، گەورە فەرمانبەرەکان و ڕاوێژکارەکان ڕوویان لە نووسینگەی سەرۆک دەکرد و

پێشبڕکێیان بوو لە گەیشتن بە سەرۆک، ئەویش سەرقاڵی هەڵبژاردنی ناوەکانی حکومەتە نوێیەکەی بوو. ڕۆژێکیان سارکۆزی بە ڕەشیدەی وتبوو، تۆ دەبیتە وەزیری داد. کە ڕەشیدە ئەو قسەیە دەبیستێت یەکسەر لە خۆشیاندا دەشڵەژێت، لەو دەمانەدا فیلمی ژیاننامەی خۆی و ماڵەوە و بنەماڵەکەی بەبیر دێتەوە، باوک و ڕەچەڵەکی بەبیر دێتەوە، سارکۆزی لە ژوورەکەی دەچێتە دەرەوە و سیسیلیای بەتەنیا جێ دەهێڵێت، لەو دەمەدا سیسیلیا دەچێتە لای ڕەشیدەو پێدەڵێت:

(ڕەشیدە بەسە مەگریێ، بزانە نیکۆلا بەرگەی ئەو ژنانە ناگرێت کە دەگرییێن).

***

## هەڵوێستێک لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی (یۆروب)دا

ژوورنالیست کاترین نای، لە ناو یەکێک لە ساڵۆنەکانی مکیاژی کەناڵێکی تەلەڤزیۆندا لە یەکەم ڕۆژی وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی داد ڕووبەڕووی ڕەشیدەی وەزیری داد دەبێتەوە، ئەو ژنە کە لە بەرنامەی یۆروب١ ئامادەکارە و یەکێکە لە هاوڕێیەکانی ئالبان شالۆندون، لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنی برادەرە جوانەکە بۆ پاریس یەکتریان ناسیوە، ئەو دەمانە بوو کە ڕەشیدە لە پاریس لە هەموو دەرگایەکی دەدا، ئەوەش دەزانێت کەوا شالۆندون چ خەباتێکی بۆ ڕەشیدە کردووە تا خوێندنەکانی تەواو بکات و کاروانە پیشەییەکەی بەرەو پێشەوە بچێت. کاترین ژنێکی ئاگەدار بوو، باش کەسایەتیی داتی دەناسی و زۆریش شارەزای ببوو، بۆیە لە ناو ژوورەکەی مکیاجی کەناڵەکە لە ڕەشیدە نزیک دەبێتەوە و بە گوێیەکانیدا دەچرپێنێت و دەڵێت:

(باشە وا تۆ بوویتە وەزیری داد، زۆرت کرد، بەڵام ئەوانەی تۆیان دروستکردو تۆیان پێ گەیاند لە بیریان مەکە، هۆشیارت دەکەمەوە ئالبان لە بیر نەکەیت).

ژنە ژوورنالیستەکە دەیزانی چ بە ڕەشیدە دەڵێت، هەموو بابەتەکانی ئەوی

باش دەزانی، ڕەشیدەش باش لە پەیامەکەی ئەو تێ گەیشت، زانی باسی چ دەکات و مەبەستی چییە، بەڵام پاشان زانرا لە ئاهەنگی وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی داد لە حکوومەتی فەرەنسیدا، ئەو داوەتی شالۆندونی نەکردبوو، کە ئەو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتییەوە بنیاتی ڕەشیدەی کردبوو. بە دەرچوونی برادەرە جوانەکە لە ستۆدیۆکە تا دڵنیا بێت ئالبان شالۆندون لە تەنیشتیەتی تەلەفۆنێکی کردبوو.

***

## ڕەشیدە بە جلی دەریاوە

یەکەم بڕیاری ڕەشیدە داتی وەک وەزیری داد، دامەزراندنی (لۆران لۆ ماسل) بوو وەک بەڕێوەبەری نووسینگەکەی، ئەو زووتر لە نێوان سالانی ۲۰۰۲ تا ۲۰۰٤ ڕاوێژکاری سەرۆکی فەرەنسی جاک شیراک بوو، پاشان کرابووە بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری داد (دومینیک باریان)، لە سپتەمبەری ساڵی ۲۰۰٦ەوە ئەو لە پۆستی جێگری نائیبی عام بووە لە دادگەی ئیستئناف لە پاریس.

ئەگەرچی ڕەشیدە وەک وەزیری داد خۆی ستافی وەزارەتەکانی دانابوو، بەڵام کۆشکی ئالیزێ دەستکاریی هەندێ لە ناو و پۆستەکانی کردبوو، بۆ ئەو مەبەستە کلۆد غیان، (لۆرانس لاسیر)ی بەرپرسی ڕاگەیاندنی پێشووی سەرۆک حکوومەت (جۆن بییر رافاران)ی بانگی نووسینگەکەی خۆی کردبوو. ئەو کیژە گەنجە زۆر حەزی لە سیاسەت بووە، لەلای ژوورنالیستانیشەوە خۆشەویست بوو، لەو دیمانەدا کلۆد غیان داوای لێ دەکات ئەو بچێتە ناو ستافەکەی ڕەشیدە داتی.

لە یەکەم دیمانەی ئەو دوو ژنە، ئەو دانوستاندنە چی دەبێت:

ڕەشیدە داتی: چۆن مەسەلەکان دەبینی؟

کیژە مێوانەکە: من وا دەزانم دەبێ پێوەندییەکانت لەگەڵ سەرکۆمار بگۆڕیت، ئەوەشیان زۆر گرینگ و پڕ بایەخە.

رەشیدە داتی: ئاھ... بۆ...؟

کـیــژە مــێــوانـەکــە: تۆ بەرپرسی لە دابینکردنی ســەربەخــۆییی داد و دادپەروەریدا، ئـەوەیان ئەرکی تۆیـە وەک وەزیری دادی ئەو حکوومـەتە، چونکە تۆ مەسـداقیەتت نامێنێت ئەگەر جارێکی تر تۆ بە جلی مـەلەوانی لەسەر دەریا لەگەڵ ئەودا ببینرێت.

دیمانەکەیان بەبێدەنگییەکی ترسناک کۆتاییی ھاتبوو.

***

## مۆڵەت لە ئەمەریکا

پاش تێـپـەڕبوونـی چەند ڕۆژێک لەو گـۆڕانکارییــەدا ژن و مــێــردەکــە بۆ بەسـەربردنی مۆڵەتەکەیان دەچنە ئەمـەریکا، لەوێ دەگەنە ولفیـور و لە ولایەتی نیوھامشـیر، لەوێ یەکێک لە بەرپرسـەکانی مایکرۆسۆفت دەرگەی ڤیلایەک بۆ خـانەوادەی سـارکـۆزی دەخـاتە سـەرپشت، ئەوەی زانـراوە ئەو خـانووە و لەو شـوێنە ھەفـتانـە کرێیەکی دەگاتە سی ھەزار دۆلار. سـیـسـیلیا لەو سـەفـەرەدا ھەردوو دەسـتـەخـوشکی (ئاگوسـتینلی) و (ئەنیـاس کرومـباک) لەگـەڵ خـۆیدا دەبات، بۆ پارەی سەفـەرەکەیان بەشـێک یارمەتیش وەردەگرن. لـەو مۆڵەتە و لە سـەفـەرەیـان بۆ ئەمـەریکا وێنەیەک کـە لە وەکـالـەتی ئـەسـیـوشـیـتـدەوە بڵاو دەکرێتەوە، ھەڵایەکی زۆر و دەنگێکی گەورە دەنـێـتـەوە، کە تێدا لە وێنەکەدا و لە تەنیـشـت سـیـسـیلیـا و سـارکـۆزی مـێردی و رەشـیـدە بە جلـی زۆر تەنکەوە وەسـتـاوە دیارە، ھەرسـێکیـان لەسـەر پشـتی بەلەمێکی گـەشـتـیـارین لە ناو دەریاچەی وینیسوک.

***

## ئاژاوە لە ناو وەزارەتی ناوخۆدا

ھەمـوو وەزیـرەکان کـۆبوونـەوەکـانیـان بە سـەرپەرشـتـیی بەڕێوەبەرەکـانیـان دەکرد، بـەڵام رەشـیـدە یـەکـەمین کـۆبـوونـەوەی وەزارەتەکـەی بە سـەرپەرشـتـیی

خۆی ئەنجام دابوو، لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا لەگەڵ تیمە نوێیەکەیدا ئاژاوەیەک دروست بووبوو. راوێژکارەکان کە لە هۆڵەکە دەردەچن هەموو بەیەکەوە دەڵێن، تێنەگەیشتن وەزیرەکە چی لە ئێمە دەوێت، هیچ دانوستاندنێکی لەگەڵدا نەکردین، باسی مەسەلەیەکمان نەکرد، رامان و بۆچوونێکی تازەی نەخستە ئاراوە، کە تایبەت بێت بە بابەتە ناوەندییەکانی دادپەروەری؟!

یەکێک لە ڕاوێژکارەکان دەڵێت ئەو زوو زوو دەچێتە لای سەرکۆمار، لە هەموو دیمانەیەکدا بە سەرۆک دەڵێت، زۆر سوپاس بۆ ئەوەی منت بە وەزیر داناوە. وەک شاگردێکی گوێڕایەڵ هەڵسوکەوتی کردووە، هەموو جارێکیش کە لەلای سەرکۆمار دەهاتەوە بە ئێمەی دەووت:

(ئەگەر ئێوە کارەکانت باش ئەنجام دا و سەرکەوتن لە کاروبارەکانت سەرۆک رێزی ئەرک و ماندووبوونەکانت دەزانێت، بۆیە زۆر باش کار بکەن).

لە ناو هەندێ لە کارمەندەکانی وەزارەت زۆر گاڵتەیان بە ڕەچەڵەکە سامییەکەی وەزیرەکە دەهات، دەیانوت ئەو ژنە شایانی ئەو پۆستە نییە، بڕوا ناکەین بکارێت کارەکانی لەو وەزارەتە ڕاپەرێنێت، یەکێکیان دەگێڕێتەوە کەوا لەسەر مێزی کۆبوونەوەکان گاڵتەیان پێ کردووە، بەتایبەتی لەو کۆبوونەوەی لەگەڵ نائیبە عامەکان کردبووی، لەو دەمانەدا یەکێکیان پرسیبووی:

(دەبێ چیمان بۆ بهێنێت، قۆچە مامز یان کوپێک چای...؟).

رەوشەکەی ناو وەزارەتی داد گڕدار بوو، لەودەمانەشدا رەشیدە سەرقاڵی ئەوە بوو وتاری دەوڵەت لەسەر دادپەروەری ساز بکات کە بڕیار بوو رەشیدە لە دادگای بوبینیی لە ٢٢ی یونیۆی ساڵی ٢٠٠٧ پێشکێش بکات.

***

٦

## ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان ڕەشیدەو ڕاما یاد

ڕەشیدە ئێستا لە حکوومەتی فرەنسیدا وەزیری دادە، وەزیرە و جاروباریش چاو دەگێڕێت، بەو ئاکارانەی دەیەوێ سەرنجی کەسانی چواردەورەکەی ڕادەکێشێت، لە ناردنی تیلەی چاوێک و زەردەخەنەکانی ناکەوێت، لە ناو سالۆنەکانی وەزارەتدا هەرچی بێتە بەر زاری نایگێڕێتەوە، قسەی خۆی هەر دەکات. (میشیال دوبرین) زۆرجار ئامۆژگاریی ڕەشیدەی کردووە واز لەو هەڵسوکەوتانە بهێنێت، بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەرەکانی نەکات، ئەوانە فەرمانبەرن لای تۆ، تۆ وەک ئەندامێکی ناو خێزانەکەت لەگەڵیاندا دەجووڵێیتەوە، ناکرێ وا بیت، دەبێ نێوانێکی ڕەمزی لەگەڵ کەسانی دەرەوەت دابنێیت، بەڵام ژنە وەزیرەکە گوێی لەو قسانە نەگرتووە و تێبینییەکانی بەڕێوەبەری نووسینگەکەی بە هەند وەرنەدەگرت، بایەخی بەو ئامۆژگارییانە نەداوە، چونکە هەردوولا ئەوانە لە مامۆستا و گەورەکانیان فێر نەبووینە.

***

## قوتابخانە... سارکۆزی

ڕەشیدە زۆرجار ئەوەی دووبارە کردیتەوە، کە دەیوت:

(من هاتوچۆی قوتابخانەیەکی زۆر گران و زەحمەتم کردووە، لەوێش دەرچووم، ئەویش قوتابخانەی سارکۆزییە، هەمووتان وا باشە لەو قوتابخانەیە دەربچن، ئەوەی لەوێ دەربچێت سەردەکەوێت و تامیش لە سەرکەوتنەکان وەردەگرێت).

هەڵسوکەوتەکانی ڕەشیدە لەلایەن هەموو کەسە نزیکەکانی بە ناشیرین سەیر دەکرا، لەوانە بەڕێوەبەری نووسینگەکەی (میشال دوبرین)، کە لە جۆری کارکردنی ڕەشیدە بەهیچ شێوەیەک لە ڕاپەراندنی بەرنامەکانی وەزارەتەکەیان ڕازی نەبوو، هەروەها (سیرج بورتیلی)ی جێگری سەرۆکی دادگەی پاریس، ئەویش وەک قازییەک و کەسێکی نەقابی ڕەخنەی زۆری لەو وەزیرە هەیە.

***

## یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قازییەکاندا

کە دایکێکی فرەنسی لە دادگەی (متز) بە چەقۆ دەستی لە قازییەکی ئەو دادگەیە وەشاند، ئەو ڕووداوە ڕای گشتیی فرەنسی وروژاند کە تێدا ئەو ژنە قازی (جاک نوریس) دابووە بەر چەقۆیان و سکی هەڵزراندبوو، پاش ئەوەی بڕیاری دابوو کوڕەکەی بەند بکرێت. دایکەکە لە ئەنجامدا پەلاماری دەدا و ڕەوشی تەندروستیی قازییەکە مەترسیدار دەبێت، بۆیە ئەو گەیاندرابووە نەخۆشخانەی شارەکە. ئەو ڕووداوە نەک هەر ڕای گشتیی وروژاند، هەموو قازییەکانی ئەو دادگەیە ناڕەزاییان دەربڕیبوو کەوا ئەمنیەتی دادگە نەپارێزراوە و لاری لەو بابەتە و لەو لایەنە زۆرە و ئەوەش بە کەماسییەکی گەورە حیساب دەکرێت.

نیکۆلا سارکۆزی وەک پشتیوانییەکی حکوومەت و وەزارەت لە ڕەوشی دادگە و دادپەروەری زوو داوا لە ڕەشیدە داتی وەزیری داد دەکات لە نەخۆشخانە سەردانی قازییە بریندارەکە بکات، هەر بۆ پشتیوانی لە دادگە و کارمەندان و قازییەکانی دادگەش، داوا دەکات وەزارەت و کارمەندەکانی بەزووترین کات لە ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و زووش ڕاپۆرتێکیش لەسەر ڕەوشی ئاسایشی دادگەکانی بۆ ساز بکەن، ئەوەش بۆ ئەوەیە تا ئەو ڕووداوە ناخۆشە لە دادگەکان دووبارە نەبێتەوە. ئەو پێشهات و جموجۆڵانە تووڕەیی قازییەکان و دەزگا پشتیوانەکانی ئەو تویژەی سارد نەکردەوە، بۆیە ئەوان

خۆپێشـاندانێکیـان بۆ بەردەم کۆشکی داد ڕێکخستبوو. نەقیبی قـازییەکانی پاریس (ئیف ریبیکی) مەوعید لە وەزیر وەردەگرێت، پێی دەڵێت پاش ئەوەی لە خۆپێشاندانەکە تەواو دەبم من دەگەمە لات، ڕەشیدە بەو قسانە تووڕە دەبێت و بە بەڕێوەبەرەکەی دەڵێت پێوەندی بە نەقیبی قازییەکان بکە و تێی بگەینە با ئەو لەو خـۆپیشـاندانەدا بەشـداری نەکات، بە هـەڕەشـەوە بە بەڕێوەبـەرەکەی دەڵێت:

(ئەگەر نەقیبەکە بەشداریی خۆپیشـاندانەکە بکـات، من ئامـادە نیم پێشوازیی ئەو بکەم).

مـیشـال دوبرین لە ترسنـاکیی ڕەوشـەکە بـەو شـێوازە حـاڵی دەبێت، بۆیە بەناچاری خۆی دەچێتە ناو مـەسەلەکە، ئەگەرچی ڕەشـیدە بە توندیش قسەی لەگەڵدا دەکات، لە کۆتاییدا دەڵێت:

(کەواتە تۆ قسەت لەگەڵدا کرد، چی بە تۆووت؟).

بەو شـێوەیە کێشـەکە کۆتاییی هات و نەقیبی قازییەکانیش لەسـەر داوای وەزیر ئیـقناع بوو، پاش ئەوەی مـیشـال دوبرین زۆر بـەڕێزەوە قسـەی لـەگـەڵدا دەکـات. کـەسـە نزیکەکـانی ڕەشـیـدە دان بـەوە دەنێن کـەوا مـیشــال دوبرین پشـتـیـوانیی زۆری ڕەشـیـدەی کـردووە و بەردەوام لە مــەترسـیـیـەکـان پاراسـتـوویەتی، هـەر ئەو کـەسـە نزیکە لە ڕەوشـەکـە، ئاگـاداری سـەرەتای تێکچوونی نێوان ڕەشیدە و دوبرین بوو، دەڵێت:

(وەزیرەکەمان بەردەوام ڕای لەسەر سازکردن ئەو دۆسیەیانە نەبوو کە بۆمـان ئامـادە دەکرد، بەردەوام دەیوت ناتـەواوە و مـاویەتی، دەیویست هـەمـوو شـتـەکان زۆر پوخت و تێر بن، ئەو زۆریش دەسـەڵاتی بەسـەر دۆسـیـەکاندا نەدەشکا، بەبێ ئەوەی باشـیش بچێتە ناو کێشـەکان و زانیـاریی تەواوی هەبێت، بڕیاری لەسـەر شـتـەکـان دەدا، وەک ئەوەی لەگەڵ قـازییـەکـاندا ڕووی دا. لەوێ یەکێک لە قـازییـەکان پرسـیـار لە وەزیر دەکـات، ئەویش وەڵامی دروسـتی پێ نابێت، ئەو بە باسـکردنی بابەتی لاوەکی دەیویست ئاگری ناکۆکیی نێوان ئەندامانی سەندیکاکە

خـــۆش بکات، مـــەســـــەلەکـــەی دەبردەوە ســـەر بـابەتـی تایبـــەت بە ڕێکخـراوەکـەیان. لە کۆتاییی دیمانـەکـەی نەقیبـەکـە و وەزیرەکـە، ئەو دەیویست بەیانێک لە دژی وەزیر دەربچێت، ئەویش داوای لە ئێمە کرد ئەوان هێـور بکەینەوە و ڕەوشـەکـە ئارام ببـێتـەوە، ئەو ژنە زۆرجـار ئێمەی دەخستە ڕەوشی زۆر تەنگ و شەرمەزاری).

***

## شۆکی وتارەکە

لەسـەر ئاسـتی وەزارەتی دادا ڕەوشـەکە وای لـێ هـاتبوو تـەحـەمـول نەدەکرا، بۆیـەش ڕاوێژکـارەکـان بەڕێوەبـەری نووسـینگەی وەزیریـان ئاگـەدار کـردەوە ئەگەر ڕەوشـەکە بەو شێوەیە ڕێ بکات ئیستقالە دەدەن، ئەویش توانی کارێکی مـەزن بکات تا هـەمـوولایەک بە کـۆمـەڵ ئیـسـتـقـالـە نەدەن، چونکە بەوەیان مەسەلەکە ترسناک دەبوو.

لە سـەرەتای یۆلیـۆی سـاڵی ٢٠٠٧دا دەبـووایە ڕەشـیـدە پڕۆژەی یاسـایەک لەسەر ڕاگرتنی گەڕانەوە بەرەو تاوان ساز بکات، بۆیە داوا لە میشال دوبرین دەکـات لەگـەڵ ڕاوێژکـارەکـانـی تری پەیامـەکـەی بۆ بنووسنەوە، دەبووایە ئەو تیمە بە ٥٠ سـەعات ئەو وتارە سـاز بکەن، بۆیە بارێکی گرانیـان لەسـەر شـان بوو. لە کـاتـی دیاریکراودا وەزیر دانـەیەکی لە وتارەکـــەی دەگـاتـە دەست و پێوەندی بە بەڕێوەبەری نووسینگەکەی دەکات و دەڵێت:

(ئەوە چیـیـە بۆ منتـان هـێناوە، ئەو شـتـە نـاڕێکە و ناکـرێ چاکـیش بکرێت، من ناتوانم ئەو وتارە بخوێنمەوە).

کە دوبریە ئەو قسـەیە لە وەزیرەکـەی دەبیسـتێت تووشـی شـۆک دەبێت، نەک لەبەرئـەوەی قسـەکـانـی ڕەق و توند بوون، بەڵکو لەبەرئەوەی کـاتەکـەی درەنگ بوو، چونکـە داوای کردبوو بگاتە بارەگـەی وەزارەت تا لەوێ دووبارە دەقـێکی تر بنووسنەوە. لە نیوەی شـەودا وەزیرەکە بـە بەڕێوەبەرەکەی دەڵێت، پەیامـەکە بێ قـیـمـەتە، ئـەوەش ئەو سـەرسـام دەکـات، لەو ڕەوشـەدا وەزیر داوا دەکـات

پێوەندی بە برادەرێکی خۆی لە فرسای بکات کە لە رێزماندا زۆر شارەزایە و پێی بڵێت:

(زوو بگەرە فریامان، پێویستمان بە لێزانینی تۆ هەیە).

دوبریە بەوەزیرەکەی دەڵێت:

(ئێستا نیوەی شەوە کەی کاتی ئەو شتانەیە).

ئەویش دەڵێت:

(گرینگ نییە، تەلەفۆنی بۆ بکە).

هاوڕێیە زمانزانەکە لە ماوەی تەنیا یەک سەعات دەگاتە وەزارەتی داد، دەستکاری دەقەکە دەکات، لە رووی رێزمانەوە دڵنیاییی خۆی لەسەر نووسینەکەیان پێ دەڵێت، بەوەش رەشیدە لە دەقەکە رازی دەبێت، بۆ بەیانیش دەست لە ملی بەڕێوەبەری نووسینگەکەی دەکات و دەڵێت:

(ئەوەیان مەعقول نییە، پێش ئەوەی پەیامەکە چاپ بکرێت تۆ ئێمەت جێ هێشت و گەڕایتەوە ماڵەوە؟).

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:

(بەرێزم بەدەنگێکی بەرز پەیامەکەمان خوێندەوە، هەڵەکانی رێزمانیمان چاک کردەوە، پاش ئەو کارانە من گەڕامەوە ماڵەوە تا کەمێک بخەوم تا بتوانم ئەو بەیانییە چاپووک و هەندام رێک ئامادە بم، زۆریش بەپێویست و بە گرینگم نەزانی بمینێمەوە، دیارە لە وەزارەت کەسانی وا هەبوون پەیامەکە چاپ بکەن و بە دەستی شوفێرەکەت بۆت دەهێننە ماڵەوە).

***

## ئیستقالە بەکۆمەڵەکە

کێشە و ناکۆکییەکانی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی زۆرجاری تر دووبارە دەبوونەوە، تا جارێکیان دەچێتە کۆشکی ئالیزێ و لە داخی ئەو دەیەوێ

ئیستقاله بدات، بەڵام لەوێ راوێژکارە یاساییەکی سەرۆک سارکۆزی ساردی دەکاتەوە، بە قسەکانی ئەو پەشیمان دەبێتەوە و پێی دەڵێت:

(چەند ڕۆژێک بوەستە، سەرۆک خۆی قسەت لەگەڵدا دەکات).

بەڵام سەرۆک تێکەڵی نێوان وەزیری داد و بەڕێوەبەرەکەی نابێت، ئەویش ناچار دەبێت پەنا دەباتە بەر سیسیلیای هاوڕێی تا لەلای مێردەکەی قسەیەکی بۆ بکات، تا ئەو لەلای خۆیەوە کۆشش بکات دوبرین ئیستقاله بدات. دوبرین ژمارە یەکی کەسە ئیستقالەدەرەکان بوو، پاش ئەو ژمارەکە درێژە دەکێشێت، لەسەر شێوە و ناوەرۆکی ئیستقالەکەی ئەو رێکەوتن لەسەر ئەوەی بەو شێوەیە هەواڵ و هۆکارەکان بە میدیاکان رانەگەیەنن، گوایە پاش ئەو دانوستاندنە لەیەک زویربوون ئەویش ئیستقالەی کردووە.

(گوایە لە ٤ی مانگی ئۆگستسی ژن دەهێنێت؟

بەڵی جەنابی وەزیر.

ئێمەش هەر ئەوەندەمان بۆ دەمینێتەوە، کەوا هیوای ژیانێکی خۆشت بۆ بخوازین، دیارە کەوا هەر کەسێک بگاتە ئەو قۆناخە و لەو ژیانە نوێیەدا ناتوانێ لەگەڵ ئەو دوو جۆرە ژیان ڕۆژانە بەڕێ بکات، کاری بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری داد کاتی زۆری دەوێت، ئەوەش کاتت دەگرێت).

بەو سیناریۆیە رۆیشتن و ئیستقالەکەی دوبرینیان بە میدیاکان ڕاگەیاند، ئەویش بەو پەیڤە قسەی بۆ میدیاکان کردبوو:

(هۆی ئیستقالەکەم تەنیا هۆکاری تایبەتین و بەس، بۆیەش وازم لەو پۆستە هێناوە، من لەگەڵ بەڕێز رەشیدە داتی ئیشکردنم لا خۆش بوو، بە یەکەوە و هاوبەشانە و بە گیانێکی نوێخوازیدا کارمان کردووە، ئەو گیانێکی زیندوو و چالاکی کارکردنی تێدا بوو، دەزانم بەو ئاراستەش دەتوانی کارەکانی وەک وەزیرێکی سەرکەوتوو راپەرێنێت).

## پەلەکردن لە هەموو شتێکدا

دوبرین بە فرانس ئانفۆی ڕاگەیاندبوو کەوا مەسەلەکە گەورە مەکەن، کێشەکە کێشەی دەوڵەتێک نییە، ڕووداوێکی گچکەیە و ئەوەندە هەڵناگرێت، من لەگەڵ ئەو ژنە وەک وەزیری داد کارم کردووە، ئەو بۆ هەموو شتەکان بەپەلەیە، ئەو گای بە قۆچەکانەوە گرتووە، دەیەوێ بۆ وەزیفە دەستمان لە هەموو ژیان بشۆرین، من کە ئەو پۆستەم وەرگرت، بۆ ئەوەم نەبوو لە سەعات هەشتی بەیانییەوە تا نیوە شەو کار بکەم من ئەوەم ناوێت.

پاش ئەو پەیڤە و ڕوونکردنەوەکەی دوبرین میدیاکان سەرقاڵی زانینی ڕاستیی ئیستقالەکەی ئەو بوون، بەڵام کە چەند کەسی تر لە دوای ئەو لە وەزارەتی داد ئیستقالەیان دا، کێشەکەی گەرم کردەوە، لەوانە هەر چواریان ڕاوێژکار بوون لە نووسینگەی وەزیر، لەسەر ئەو ئیستقالە بەکۆمەڵە یەکێکیان وتبووی:

(دەمانەوێ بەخەڵکەکە بڵێین، کێشەیەک لە وەزارەتدا هەیە، ناوی ڕەشیدەیە، نەک دوبرین، کێشەکە وەزیرەکەیە نەک کەسانی تر).

ئەو ژنە کێشەی لە زۆر لایەنەوە هەبوو، کێشەکان تەنیا لەسەر ئاستی وەزارەتەکەی نەبوو، ئەو بە گشتی لە کەرتی داد کێشەی هەبوو، لەولاشەوە لە ناو خێزانەکەشی کێشە و گێچەڵیان بۆ دەنایەوە، ئەوەش پاش ئەوە هات کە دوو برای خۆی بەتاوانی کارکردن لە مادە هۆشبەرەکان گیران. لە ناو ئەو گێژەڵووکە دژوارە ڕەشیدە بە پێویستی زانی لەگەڵ سکرتێری گشتیی کۆشکی ئالیزێ کلۆد غیان کۆ ببێتەوە، لەو دەمانەش سەرقاڵی دۆزینەوەی بەڕێوەبەرێکی نوێ بوو بۆ نووسینگەی وەزارەتەکەی.

***

## هانای سەرۆک

کلۆد غیان کار دەکات کەسێکی شیاوی بۆ بەڕێوەبەری نووسینگەکەی ئەو بدۆزێتەوە، پاش وردبوونەوە لە کەسەکان بڕیار دەدات، (پاتریک جیرار)ی بۆ

دەستنیشان بکات، ئەو کەسێکی زۆر جیاواز بوو لەگەڵ دوبرین، ئەو یەکێک بوو لە هەوادارانی (جیسکار دیستان)و لە ناو پاریسدا چەند وەزیفەی دیبوو.

سکرتێری گشتیی کۆشکی ئالیزێ وای بەباش دەزانی دانانی کەسێکی سیاسی لە پۆستی بەڕێوەبەری نوسینگەی وەزیر باشترە بۆ ئەو لە کەسێکی قازی. رەشیدە بە رۆیشتنی بەڕێوەبەرەکەی و دەستەیەک لە ڕاوێژکارەکانی دڵتەنگ و شپرزە نەبوو، ئەو وەک سونبلێکی سەرۆک هەر دەمینێت و ئەو وەک هێمای هەمەڕەنگی و هەمەڕەچەڵەکیش دەمینێتەوە، بۆیەش بەردەوام ئەو دەبێتە جێگەی نیگاو ڕامانی هەموو راپرسییەکانی ڕای گشتیی فرەنسی. بەربەرە ناکۆکەکانی ئەو ژمارەیان زۆر دەبوون، ئەوەش نیگەرانی دەکرد، لەو دەمانەدا بە دوای ڕێگەچارەیەک و بۆ پشتیوانییەک سەوداسەر بوو، خاتوونی یەکەمی فرەنسا داوای لێ دەکات بەیەکەوە بچنە دەرەوە و بازاڕییەک بکەن، لەوێ بەیەکەوە لە کافتریایەکی پاریسیدا قاوەیەک بخۆنەوە. رەشیدە ئەو داوای سیسیلیای کۆنە هاوڕێی بەهەل دەزانی باسی کێشەکانی بۆ بکات. کە چۆن لە زۆر لایەنەوە دژایەتی دەکرێت، بەوەش رەشیدە زوو دەگاتە نیکۆلا سارکۆزی سەرکۆمار.

سەرکۆمار لە هەموو بۆنەیەک دەستی گەیشتبووایە میکروفۆنێک بە شانازییەوە باسی ئازایەتییەکانی رەشیدەی وەزیری دادی دەکرد، لە هەموو بۆنەیەکدا ناوی هاتووە و پەسنی کارە باشەکانی کردووە و بەردەوام وتوویەتی، ئەو ژنە لە هەموو وەزیرەکانی تری داد لە حکوومەتی فرەنسی کێشە و گرفتە ئاڵۆزەکانی چارەسەر کردووە و ئەرکەکانی مەردانە راپەراندووە و زۆریش سوپاسیشی ئاراستە دەکرد.

***

## سەرەتای چاکسازییەکان

وەزارەتی داد بڕیار دەدات نەخشەی قەزایی دەستکاری بکات، کە تەمەنی ئەو نەخشەیە بۆ ٥٠ ساڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام کەسێکی وەک (پاتریک ئاوار)

لەسەر ئاستی کۆشکی ئالیزێ دژ بەو بۆچوونە بوو، بەڵام وەزیری داد لەسەر چاکسازییەکە بەردەوام بوو، بۆیەش لە پایزیساڵی ٢٠٠٧دا گەشتێکی مەیدانیی لە ناو هەموو وڵاتا کردووە و باسی پرۆژە چاکسازییەکەی بۆ فرەنسییەکان دەکرد، پاش ئەوەی گەشتەکەی تەواو بوو پارێزەرەکان ناویان لەو گەشتە نابوو، گەشتی داتی، کە تێدا دادگەی بیرون لە نەخشەکە رەش دەکاتەوە، ئەو دادگەیەی کە خۆی تێدا قازی بووە.

***

## لەزگەی سەرۆک

یەکێک لە کارمەندانی دەزگاییەکی سەر بە بۆرسەکە بەوە سەرسام بوو کە یەکێک لە نووسینگەی رەشیدە داتی بە تەلەفۆن پێوەندییەک دەکات و تێدا دەڵێت:

(وەزیرەکەمان دەیەوێ لە کاتژمێری هەشت سەردانی هوتێلەکەتان بکات، تا لە باڵکۆنەکەی وێنەیەک وەرگرێت و دیمەنێکی جوانی شاری مەراکشی تێدا دەربچێت).

بەو تەلەفۆنە دەزانن رەشیدە لەگەڵ وەفدەکەی سەرکۆماری فرەنسایە بۆ وڵاتی مەغریب.

زۆرجار لە سەفەرەکانی سەرۆکدا شتی سەیر و نامۆ دەقەوما، بەتایبەتی لەگەڵ برادەرە جوانەکەدا. بەپێی رێنوێنییەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار کە ئاراستەی شانەی دیپلۆماسیی کۆشکی ئالیزێ کرابوو، لەبەرئەوەی رەشیدە داتی وەزیری داد هاورێی سیسیلیا هاوسەری سەرۆکە، بۆیە دەبێ لە هەموو سەفەرەکانی سەرۆک بۆ دەرەوەی وڵات ئەو لەگەڵ گەشتەکاندا بێت. بۆ هەموو جارێکیش بۆ وەڵامدانەوەی ژوورنالیستان، کەوا بۆچی وەزیری داد هاوشانی سەرۆکە، ئەوان زوو بیانووێکیان بۆ سەفەرەکەی ئەو دەدۆزییەوە و تا بکرێتە ئەندامێکی تاقمەکەی سارکۆزی، ئەگەر بوونی ئەو هیچ پێوەندیشی بە رۆژەڤی سەردانەکەش نەبووبێت. لە مانگەکانی یەکەمی حکوومیدا سارکۆزی ژنە

جوانەکانی لە ناو فرەنسا و لە دەرەوەش بە خەڵکەکە نیشان دەدا، تیمە مێینەکەی ئەویش بریتی بوو لە (راما یاد و کریستین لاگارد و ڤالیری بیکریس و ناتالی کوسکیوسکۆ موریزات و رەشیدە داتی) بەوانە تیمەکەی تەواو دەکرد (رەنگەکانی سارکۆزیی یەکگرتوو). ئەو تیمە مێینەیە لە حکوومەتەکەی سارکۆزی پۆستی هەستیاریان هەبوو، ئەوەش ئاراستەی کارکردنی ئەو بوو لە حکوومەدا، بۆیەش کە وەزیری داد هاوشانی ئەو دەبوو هیچ قسە و بیانوویێکیان دەست نەدەکەوت بۆ سووککردنی هەردوولایان، بەتایبەتی ئەو ژنە لەگەڵ خانمی یەکەمدا دۆستایەتیی پتەو و دێرینی هەبوو، ئەوە لەلایەک لەسەر ئاستی دیپلۆماسیش ئەگەر ناڕەزاییش هەبووایە ئەوە تەنیا دەنگێکی کەم و شەرمنانە و بەدزییەوە هەبوون.

***

## ڕووبەڕووبوونەوەی ژنانە

ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی لە ئەنجامی گەشتەکانی سارکۆزی بۆ دەرەوەی وڵات روویان دەدا، هەموویان لە گۆشە لاتەریکەکانەوە بوو، دووریش بوون لە رووناکی، گرژی لە نێوان راما یادی سکرتێری دەوڵەتی راسپێردراو بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ رەشیدە داتی وەزیری داد هەبوو، رەشیدە وای دەزانی راما یاد رکەبەری ئەوە. لە دووریی چاوەکانی میدیاش راما یاد دەیوت، لەگەڵ رەشیدە نێوانیان باش و گەرم نییە، لە پایزی ساڵی ٢٠٠٧دا لەلای یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ئەو وتبووی:

(ئەوەیان هیچ گومانی تێدا نییە، ئەو منی خۆش ناوێت، کە دەگەینە لای یەکتری هیچ بابەتی هاوبەشمان بەیەکەوە نییە، بۆیە بەردەوام باسی مۆدە دەکەین، ئەو بەردەوام خۆی بە من دەشوبهێنێت، تا من ڕۆژێکیان پێم وت، من هەست ناکەم لەگەڵ تۆدا لە حاڵەتی پێشبڕکێدا بین، ئەوەیان مەسەلەی نەوەکانە، من دەمویست ئەو ئیحراج بکەم).

ئەگەرچی ئەو دوو ژنە لە هەموو گەشتەکاندا هاوشانی سارکۆزی

سەفەریان دەکرد، بەڵام بەردەوام لەگەڵ یەکدا ناکۆک بوون، بەیەکەوە هەڵیان نەدەکرد، لە سەفەرەکەیان بۆ جەزائیر رەشیدە کە تێ گەیشت نێوان سارکۆزی و سکرتێرەکەی مافی مرۆڤ زۆر ساز و خۆشە، ئەو زۆر نیگەران بووبوو. لە کاتی دابەزینیان لە فڕۆکەخانەی شاری قستەنتینەی خۆرهەڵاتی جەزائیر رەشیدە هۆشداریی دابووە ژنە هاوڕێیەکەی لەبەر رێنوێنییە دیپلۆماسییەکان پێش ئەوە دانەبەزێت، ئەو پۆستی باڵاترە، بۆیە وتبووی:

(من وەزیرم، تۆ سکرتێرەیەکی دەوڵەتی).

لێرەدا برادەرە جوانەکە هەموو وردەکارییەکانی ئەتکێت جێبەجێ دەکات و رێزی زۆریشی دەگرێت. لەو سەفەرەیاندا هەریەک لە سەرۆکی جەزائیر عەبدولعزیز بوتفلیقە و سارکۆزی وتبوویان با وێنەیەک لە نێوان ئەو دوو ژنە جوانە بگرین، مەبەستیان هەریەک لە راما یاد و ملکیە بن ئەلعرەبی بوو، بەوەش رەشیدە دەموچاوی سووردەبێتەوە و زۆریش تووڕە دەبێت، بەڵام لەو گەشتەیدا دەتوانێ دەرهێنەری جوولەکە (ئەلکسندرا ئاکرادی) ناس بکات، کە پاشان بوویتە یەکێک لە کەسە زۆر نزیکەکانی ئەو.

***

٧

## لەبەر گەمە گچکەکانی، ئەو زۆر خۆشەویست نەبوو

لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٧دا سکرتێرەکەی دەوڵەت بۆ مافی مرۆڤ بە ژوورنالیستانی وتبوو:

(دەزانم من بەردەوام کێشەم هەیە، ناکرێ بێدەنگ بم و هیچ نەبێژم، ئەوان دەڵێن سوودی چییە ئەگەر قسەیەکیشم کرد، دەڵێن من بوومەتە سەرئێشە بۆ سارکۆزی).

ڕێک لەو دەمانەدا ڕاما یاد تەلەفۆنێکی لە سەرۆک سارکۆزییەوە بۆ دەکرێت، پاش تەواوبوونی تەلەفۆنەکە، دەگەڕێتەوە لای ژوورنالیستەکان و بە ڕوویێکی خۆشەوە پێیان دەڵێت:

(سەرۆک پێ وتم، لەو ڕۆژانە سەفەری وڵاتی چین دەکات منیش لەگەڵ خۆیدا دەبات).

بەڵام پاش چەند ڕۆژێک لە میدیاکانەوە دەبیستێت، کەوا سەرۆک بۆ سەفەرەکەی وڵاتی چین لە جیاتی ئەو ڕەشیدە داتی لەگەڵ خۆیدا دەبات، لەوێش لە جیاتی ڕاما دیا ڕەشیدە خەڵاتی مافەکانی مرۆڤیش لەلایەن دەستەیەک لە پارێزەرانی پەکینیشەوە وەردەگرێت. یاد کە ئەو قسەیە دەبیستێت، یەکسەر دەگاتە لای کلۆد غیان، لەلای ئەو گلەیی لە سەرۆک دەکات، کەوا سەرەتا پێی وتبوو، لە سەفەرەکەی چین تۆ هاوڕێیەتیم دەکەیت، ئێستاش دەرکەوت ڕەشیدە لە گەڵ خۆیدا دەبات، لەوێ ئەویش لە جیاتی من خەڵات دەکرێت. بەڵام سکرتێرەکەی کۆشکی ئالیزێ نەیتوانیبوو، وەڵامێکی دروست و ڕوونی لە دەستی بنێت. ئەگەر کلۆد غیان قسەیەکی ڕاستی لە

دەستی نەنابوو، ئەوا سەرۆک سارکۆزی خۆی لە ڕۆژی ٢٣ی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٧ قسەی لەگەڵ دەکات، باس لە بەهرە و تاقەتەکانی کارکردنەکانی دەکات، بە گەرمی دەستخۆشی لێ دەکات، باسی ناودەرهێنانەکەشی لە وەفدەکەی چینیشی بۆ دەکات، پێی دەڵێت:

(من داوات لێ دەکەم، باسی مەسەلەکە مەکەرەوە، لە من تێ بگە، وا باشە ئەوە لەبیر خۆت ببەیتەوە بڕوام پێ بکە، دەزانم تۆش بڕوا بە من دەکەیت، نامەوێ فرمێسک لە چاوەکانت ببینم، من ئێستا دەسەڵاتی هیچم نییە، ناتوانم و نیگەرانیش مەبە و ئەو مەسەلانە ئەوەندە زۆر ناخایانێت، ئەوە رووی دا منیش لەسەر ئەو کارانە زۆر شەرمەزار دەکرێم، خۆت راگرەو من دەزانم تۆ چەند بەتوانایت و بەهرەکانت زۆرن گوێ مەدەرێ).

***

## حیساباتی سیاسی

ئەگەرچی راما یاد وای دەزانی دەرکردنی ناوی ئەو لە وەفدەکەی چین بە دەستی رەشیدە بوو، لەوەیاندا یاد هەڵە بوو چونکە مەسەلەکە حیساباتی سیاسیی تێدا بوو، چینییەکان بە بوونی سکرتێری دەوڵەت بۆ مافەکانی مرۆڤ لە وەفدەکەی سەرۆکۆمار سەغڵەت دەبوون، چونکە سارکۆزی لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و لە سەروبەندی دەرچوونی ئەودا باسی مافەکانی مرۆڤی لەگەڵدا کردبوون، باسی پێوەندیی باشی دووقۆڵیی فرەنسی چینی بۆ کردبوون. هەموو کەسە نزیکەکانیش لەو بازنەیەدا دەیانزانی نێوان ئەو دوو ژنە باش نەبوو، ئاگەدار بوون سەرۆک لە دەرەوە باندۆری زۆری لەسەرە، یەکێک لە کەسە نزیکەکان لە سەرۆک سارکۆزی وتبووی:

(ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کەوا رەشیدە داوای کردبێت ناوی یاد لە وەفدەکە لابردرێت و ناوی خۆی لە شوێنی ئەودا دابنێن، ئەوەیان شێتییە).

بەڵام راما یادی سکرتێری دەوڵەت سوور بوو لەسەر ئەوەی ناو لابردنەکەی ئەو لە وەفدەکەی چین دەستی رەشیدەی تێدایە و هیچ گومانی لەو رامانە نەبوو، زۆرتریش دڵنیا بوو پاش ئەوەی زانی لە ساڵی ٢٠٠٨ رەشیدە نەیهێشتبوو راما یاد وەزیری مافی مرۆڤ و خێزانی هیند ببینێت.

راما یاد دەڵێت:

(لەو دەمانە و تا دوا ساتەکان زۆر خۆم راگرت، لەبەر خۆمەوە وتم، هێمن بە با بۆ یەکجاریش بێت، تەنیا ئەو جارە خۆت هێمن بکە).

رەشیدە کارێکی باشی بۆ سکرتێری دەوڵەت راما یاد کردبوو، چونکە هیندییەکان خۆیان ئارەزووی دیتنی ئەویان نەکردبوو.

برادەرە جوانەکە زۆر بەشانازییەوە باسی پێوەندییەکانی لەگەڵ نیکۆلا سارکۆزی دەکرد، زۆریش لە پێش ژوورنالیستان وتبووی، من لەبەر سارکۆزی هاتوومەتە ناو کاروباری پۆلیتیک، هەردەمێک ئەو داوام لێ بکات من دەسبەرداری سیاسەت دەبم. پاش ئەوەی سیسیلیا و سارکۆزی لە یەکتری جیا دەبنەوە، رەشیدە نهێنیی ئەو خێزانەی زۆر لەلایە، لەبەرئەوەی ئامادەیە نهێنییەکان بپارێزێت، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو زۆر لە کەسایەتیی سەرکۆمار بێتە پێشەوە و بچێتە ناو بازنەی یەکەمی ئەو. ئەگەر قسە و پروپاگەندەکانی رۆژنامە میللییەکان و هەواڵەکانی تۆری نێت و قسەکانی ئەو و ئەولا بروا بکەین، ئەوا رەشیدە داتی پاش سیسیلیا دەبێتە خاتوونی یەکەمی فرەنسا، ئەو سەرچاوانە ئاماژە بەو دەدەن کەوا ئەو حەزی لەو پۆستە نوێیە و چاوی لە خاتوونی یەکەمە. برادەرە جوانەکە بیر لەوە دەکاتەوە، بۆچی لە سەفەرەکەی جەزائیریان و پێش نانخواردنی نیوەڕۆیان سارکۆزی گوڵێکی سپیی پێشکێش کردووە. لە سەفەرەکەی سارکۆزی بۆ واشنتۆن لە رۆژانی ٦و٧ی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٧ قسەی زۆر کرا، کەوا رەشیدە لە هەنگاوی یەکەمدایە بۆ لووتکەی دەسەڵات.

***

## مەسەلەی فستانەکە

هەموو شتەکان لە سالۆنی شەرەفی فڕۆکەخانەی رواسی دیار بوو، چونکە هەریەک لە وەزیری ئابووری (کریستین لاگارد)و سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری خێزان (نادین مورانو) و (رەشیدە داتی) وەزیری داد و (راما یاد)ی سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ، بەیەکەوە رەوشێکی مێینانەیان لە چواردەورەی نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکە ژن تەڵاقدراوەکە خولقاندبوو. وەفدەکە ساز و ئامادەی فڕین بوو بۆ پایەتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام سەرۆک لەو دەمانە سەرقاڵی رازیکردنی ماسیگرە مانگرتووەکان بوو لە غیلفیناک. چەند دەقەیەک بۆ فڕینی فڕۆکەکە مابوو رەشیدە دەموچاوی تێک دەچێت، ئەوەش لەلایەن (نادین مورانو)وە هەستی پێ دەکرێت، بۆیە لە رەشیدە دەپرسێت:

(چی بووە؟).

رەشیدەش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

(تازە زانیومە دەبێ ئێمە لە کۆشکی سپی لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا فستانی درێژ لەبەر بکەین، منیش تەنیا بەدلەیەکی سموکینگم پێیە).

کە نادین مورانو ئەو قسەیە لە رەشیدە دەبیستێت، دەڵێت:

(دیارە تۆ گاڵتە دەکەیت، بەرژەوەندیی پرۆتۆکۆلەکان دەیان جار وتی، ئێوە هەمووتان بەدلەی ئاهەنگ و دەرچوون لەبەر دەکەن، تەنیا تۆ نەبێت لەبەرئەوەی وەزیری دادیت دەبێ بەدلەی سمۆکینگ لەبەر بکەیت، چەند جار ئەو قسەیان دووپات کردەوە لە بیرت چوو!).

هێشتا وەفدەکە لە ناو فڕۆکە بوون بەرەو واشنتۆن، بەرژەوەندییە دیپلۆماسییەکان خەریکی رێگایەک بوون بۆ دابینکردنی فستانێکی نازدار بۆ وەزیری داد تا لە شەوەکاندا لە واشنتۆن ئەو لەبەری بکات. لەو دەمانەی سارکۆزی لە سەفارەتەکەیان خەریکی دوا کارکردنی بوو لەسەر وتارەکەی کە

بڕیار بوو ئەو پێشکێشی ڕەوەندی فرەنسی لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەمەریکای بکات، ڕەشـیـدەش لە سـالۆنەکـەی سـەفـارەت سـەرقـاڵی پرۆڤـە و دوا دەستکارییەکانی فستانە دیورەکەی بوو، وەزیرەکان چەپڵەیەکیان بۆ سازدانی وتارەکـەی سـارکـۆزی لێ دا، لەو دەمـانـەدا سـارکـۆزی ڕەشـیـدەی نەکـەوتبـوو بەرچاوان چونکە ئەو لە ژوورەکـەی تەنیشـتیـان لەگـەڵ سـەردەسـت و قۆڵەکانی فستانەکەی لە شەڕدا بوو.

***

## دواکەوتنە بەئەنقەستەکەی

بەرپرسی پـرۆتـۆکـۆلەکـان (جـۆن بیـار ئازفـارادوریان) داوای لە وەزیرەکـان کـردبوو لە کـاتژمـێری یەکـدا هـەمـوو لە سـالۆنی هـوتێلەکـە کـۆ ببنەوە، تا بەیەکـەوە بەرەو کـۆشکی سـپی بەڕێ بکـەوین، کە لەوێ ئـاهـەنگی ئێـوارەیان بۆ سـاز دەکەن، بـە وەزیرەکانیـشی ڕاگـەیاندبوو بواری ئەوەش نییـە کەسـتـان لەو مـەوعـیـدە دوا بکـەون، بۆیە وەزیرەکـان بۆ خـۆسـازکـردن لەگـەڵ زەمـەندا لە پێشـبڕکێدابـوون. لەو دەمـانـەدا نادین مـورانو ئەوەی بەبیـردا هـاتـەوە کـە ئەو ڕۆژە ڕۆژی بوونی ئەوە و ئەو وتبووی:

(ئێمە تەنیا بیست و پێنج دەقەمـان لە پێشدا بوو خـۆمان بشـۆرین و قژمـان دابـهێـنین و مـاکیـاژیش بکـەین، پاشـان فسـتـانەکانمان لە ناو جانتاکـانمان دەربـهێنین، دیارە ئەو فستانانەش لەو سـەفەرە گەچراون و ئوتووکردنیشیان دەوێت).

مورانو دوا دوگمەی فستـانەکەی لاگاردی دادەخست، ئەویش لە سـازکردنی فستـانەکـەیدا یارمـەتیی یادی دابوو، هـەمـوو لە سـالۆنەکە و لە پێش سـەرۆکی پرۆتۆکـۆلەکـان کـۆبوونەوە، لەوانە تەنیـا ڕەشـیـدە داتی ئامـادە نەبوو، هـێشـتـا لەگـەڵ بەرگـدوورەکـە خـەریکی ڕتوشـەکـانی فـسـتـانـەکـەی بوو، هـەمـوو لە دواکەوتنەکەی ڕەشیدە تووڕە بووبوون، ئەویش دەیویست بەو کاتەی لە دەستی مـاوە فـسـتـانـەکـەی سـازتر بـکـات. کـریسـتـین لە هـەمـوویان زۆرتر لە ڕەشـیـدە

تووڕەتر بووبوو، بۆیەش یەک بەدەنگی خۆی هاوار دەکاتە سەری و دەڵێت:

(کیژەکان دەزانن بۆچی ڕەشیدە خۆی دوا دەخات تا هاوکات لەگەڵ سەرۆکدا بێتە دەرەوە، مەبەستی ئەو، تەنیا ئەو خۆدەرهێنانەیە، ئەوەشی لە سەردانەکەمان بۆ مەغریب کرد، ئەو ژنە فێرە و ئەو گەمە گچکانە باش دەزانێت و زۆریش شارەزایە).

لەلای خۆشییەوە ڕاما یادیش هەستی بەهەمان شت کردبوو، بەڵام هیچ ناڕەزاییی دەرنەدەبڕی، تا لەگەڵ ڕەشیدە دیسان نەکەوێتە ململانێیەکی نوێیەوە.

***

## بایەخدانەکەی بوش

بوش و هاوسەرەکەی بەتەنیا پێشوازییان لە سارکۆزی کرد، واتە سارکۆزی خاتوونی یەکەمی خۆی لە کۆشکی سپی لەگەڵدا نەبوو، لە دەرگایەکی تەنیشتەوەش وەزیرە ژنەکانیش هاتنە ژوورەوە، بەڵام برادەرە جوانەکە سوور بوو لەسەر ئەوەی لە دەرگە سەرەکییەکە بچێتە ژوورەوە، لەو دەمانەش وێنەگرەکان سەرقاڵی وێنەگرتنی ئامادەبووان بوون. سەرۆک بوش بە بایەخەوە سەیری پرۆفایلی ڕەشیدە داتی کردووە و لە سارکۆزیی پرسیوە:

(نیکۆلا، ڕاستە لە ستافی حکوومەتەکەتان وەزیرێکی ژنی موسڵمانتان هەیە، ئەوەیان ڕاستە، ئێمە چەند وەزیرمان لە ڕەچەڵەکی ڕەشەکاندا هەیە، بەڵام وەزیری موسڵمانمان نییە، دیارە وەزیرەکەت جوانە و زۆریش جەماوەری هەیە، دەکرێ سەیرێکی بکەم؟).

سەرۆکی فرەنسی بانگی ڕەشیدە دەکات و دەڵێت:

(وەرە پێشەوە ڕەشیدە سەرۆک بوش دەیەوێت تۆ ناس بکات).

دیارە کەوا ڕەشیدە و سەرۆک بۆش بەیەکەوە چەند قسەیەک دەکەن.

پاش ڕۆیشتنی سیسیلیا و دوورکەوتنەوەی لە کۆشکی ئالیزێ و لە ماڵی سەرۆک هەموو لایەک باسی ئەوەیان دەکرد، کەوا بۆچی ڕەشیدە داتی زۆر و هەموو جارێ سەرۆک سارکۆزی لە هەموو گەشتەکانی دەرەوەیدا لەگەڵ خۆیدا دەیبات. دیوانی سەرۆکایەتی بڕیار دەدات ئەو ڕەوشە ئەو پێشهاتە نوێیە باش کۆنترۆڵ بکەن، دیارە ئەو بەرنامەیەش کاتی دەوێت، بەڵام ئامانجیش ئەوە بوو سنوورێک بۆ جووڵەکانی ڕەشیدە دیار بکەن. پیاوەکانی سەرۆک دەیانویست ئەو ژنە ڕاگرن، بەڵام ئەو کەسە لە خۆدزینەوە و خۆشاردنەوە و دەربازبوون لەوان شارەزاتر بوو، دەرۆیشت و نەدەگەڕایەوە، هەموو شتێکی بۆ بەدیهێنانی مەبەست و هیواکانی دەکرد. یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی کۆشکی ئالیزێ وتبووی:

(کەم کەسم وەک ئەو ژنە دیوە ئەوەندە لەسەر شتەکان سوور بێت، ڕەشیدە لە گەمەکردنەکاندا زۆر وریا و پسپۆڕ بوو، لە ناو هەموو پاریسدا بۆ یەک زانیاری یان بۆ هەواڵێک دەگەڕا).

***

## ڕکابەرایەتییەکی نوێ

لە یەنایری ساڵی ٢٠٠٨ نیکۆلا سارکۆزی لەگەڵ ژنە مۆدەنمایشکەرەکە (کارلا برونی) پێوەندی دەکات، لەو ڕۆژەوە برادەرە جوانەکە ململانێیەکەی بە ڕووی ئەودا شکست دهێنێت، چونکە کارلا برونی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و لە ناو چینە ناودارەکانیش دیارە و زۆر باشیش دەتوانێت کۆنترۆڵی هەموو ئەتەکێتەکانی چینە ئورستوقراتییەکانیش بکات، لە ڕەفتارەکانیان شارەزایە و لەو ڕەوشەش دەوەشێتەوە. لەو سەفەرەی وڵاتی هیندیان دەرکەوێت کەوا پێوەندییەکانی کارلا بە سارکۆزی چوویتە پێشەوە، چونکە لەوێ سارکۆزی لەگەڵ ڕەشیدە و وەزیری خوێندنی باڵا (ڤالیری بیکریس) زۆر لە یەک نزیک دەبن، بەتایبەتی کە بەیەکەوە لەگەڵ دەستەیەک لە ژوورنالیستان سەردانی شوێنەواری (تاج محل) دەکەن. لەوێ دیارە کەوا کارلا دیار نییە و ڕەشیدە و

ڤاليریش زۆر بەیەکەوە کۆکن، بۆیەش هەواڵی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کەوا ئەو دوو خاتوونە ناکۆکن. لە سەردانەکەیاندا بۆ تاج محل رەشیدە کۆشش دەکات لە سارکۆزی دوور بکەوێتەوە، ئەوەشی بەئەنقەست دەکرد تا ڕۆژنامەنووسەکان قسەیەکی نوێیان بۆ هەڵنەبەستن، بەتایبەتی کە کارلا دیار نەمابوو، لەوێ سارکۆزی بانگی رەشیدە دەکات و پێی دەڵێت:

(وەرە نزیکم لێرەوە دیمەنەکە جوانتر دیارە).

کە رەشیدە گوێی لەو قسەیە دەبێت، کە لەو نزیک دەبێتەوە بە گوێی ڤالیری بیکریس دەچرپێنێت و دەڵێت:

( کۆشش دەکەم لەو دوور بکەومەوە، تا کامێراکان وێنەمان نەگرن و چی تر قسەمان بۆ هەڵنەبەستن، لەسەر من و سارکۆزی قسەی زۆر کرا).

***

## ١٢ پاڵێوراو بۆ رەشیدە

لە پێش هەموو هاوڕێیەکاندا، سارکۆزی بە رەشیدە دەڵێت:

(هەر کەسە و لەگەڵ دەسگیرانەکانیان دەگەنەوە یەک).

سارکۆزی زۆرتر روو لە رەشیدە دەکات و بەپێکەنینەوە بە برادەرە جوانەکە دەڵێت:

(بەهەرحاڵ تۆ ئێستا ١٢ پاڵێوراوت هەیە، ئەوانە هەموویان ئامادەن بتبەنە تاج محل).

لەو دەمانەدا ڤالیری بیکریس لە پێش سەرۆکەوە بە رەشیدە دەڵێت:

(هەمoومان ئەوە دەزانین، ئەڤینی تاقانەی تۆ تەنیا بۆ سارکۆزییە).

بەو قسەیە رەشیدە تاقەتی دەچێت، ئەو گاڵتەیەی پێ قبووڵ ناکرێت، بۆیە بەو جۆرە وەڵامی ڤالیری دەداتەوە:

(ئەوەیان مەعقول نییە، ئەو جۆرە قسانە مەکە، نابینی ئەو هەموو

کامێرا و مایکرۆفۆنانە لێرە کۆبوونەتەوە).

ڤالیری بەو وەڵامە توندەی رەشیدە زۆر سەرسام بوو، بۆیە لە رەشیدە نزیک دەبێتەوە و دەستی دەخاتە سەرشانی و داوای لێبووردنی لێ دەکات، بەوەش رەشیدە راستەوخۆ وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

(هیچ نییە گاڵتە بوو، خۆت مەخەرە ناو ئەو کێشە و کۆسپانە).

***

## ئامۆژگارییەکانی سارکۆزی

لەو رۆژەی پێوەندیی نێوان سارکۆزی و کارلا برونی ئاشکرا بوو، رەشیدە تێ گەیشت ئەو کەسە نوێیەی هاتە مەیدانەکە لە دوارۆژدا سەرئێشەی بۆ پەیدا دەکات، لەو دەمانەشدا حکومەتی فرەنسی بە قۆناخێکی ناسک و هەستیاریش تێ دەپەڕی، بەتایبەتی پاش ئەوەی نیکۆلا سارکۆزی لە پرێس کۆنفراسێکدا بەئاشکرا وتبووی، خەزینەکانی دەوڵەت بەتاڵە.

ئەوە لەسەر ئاستی دەوڵەت، لەسەر ئاستی کەرتی دادپەروەریش چەندان ئاماژەش دیاربوون کەوا رەشیدە کێشەی زۆری لە پێشە، لەو دیمانەیەی لەگەڵ (نیوز ماگازین) و بۆ ئیستگەکاندا هەست دەکرا، رەشیدە زمانی دارین بەکار دەهێنێت، زۆریش لەو رۆژنامانەدا دوور دەکەوێتەوە و مەیل زۆرتر دەداتە میدیا میللییەکان. ئەگەرچی سەرۆک زۆر ئامۆژگاریی رەشیدەی دەکرد، تیشک نەخاتە سەر ژیانی تایبەتی و بۆ میدیاکان باسی خودی خۆی نەکات، بەڵام ئەو گوێ لەو قسانە رانەدەگرت. سەبارەت بە چاکسازییەکانی بوار و کەرتی دادپەروەریش پرسی بە کەس نەدەکرد، بەتایبەتی کە بڕیار دەدات نەخشە قەزاییەکان بگۆڕێت. یەکێک لە راوێژکارەکانی وتوویەتی کەوا رەشیدە لە کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانیدا وتوویەتی:

(من بۆ بڕیارەکانم تەنیا پرس بە سارکۆزی دەکەم، کەسەکانی تر چ ئەوانەی هەڵبژێردراون یان حزبەکەمان، من پشتیان پێ نابەستم).

***

## ئەو گۆریە و مکیاجەکانی بە پارەی دەڵەوت کڕیوە

ئەگەرچی ئەو یەکێک بوو لە ئەستێرە هەرە دیارەکانی حکوومەتی فرەنسی، بەڵام هێدی هێدی ئەستێرەی پرشنگدارەکەی رەشیدە لەلایەن رای گشتیی فرەنسی و کۆشکی ئالیزێ دادەبەزی و کز دەبوو، بەڵام ئەو بەوە بەختیاربوو هێشتا لەگەڵ سەرۆک سەفەری دەکرد، لەو سەفەرانەدا چەندان دۆسیەی بە شێوازەکانی خۆی چارەسەر دەکرد.

ئەوەی لە ئاهەنگەکەی شاژن ئیلیزابێت لە کۆشکی ویندسوور کە لەسەر شەرەفی سارکۆزی رێک خرابوو، بووبووە قسەی سەرزاری خەڵکەکە، بۆیە حەقتانە بزانن لەو ئاهەنگە و لەو شوێنەدا چ رووی داوە، فرەنسییەکان هەواڵەکەیان لە میدیای بریتانییەوە زانیبوو، کەوا لەوێ کارلا لەگەڵ سارکۆزی بینراوە. لەسەر خوانی ئێوارەکەش رەشیدە سەرقاڵی وردەکارییەکانی ئاهەنگێکی وەزارەتی داد بوو کە لە پایزی ساڵی ٢٠٠٧ کرابوو، کە مەسرەفەکەی گەیشتبووە سەد هەزار یۆرۆ، ئەوەش میدیای فرەنسی لایەنێکی بەرچاویان بۆی تەرخان کردبوو.

رەشیدەی وەزیری داد سەبارەت بەو مەسرەفەی لە ئاهەنگی داوەتکردنی ٧٠ وەزیری دادی وڵاتانی فرانکفۆنییەی بەئاسایی باس دەکرد، بۆ وەڵامی ئەو قسانەی لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنیی میدیابار لەسەر کڕینی وەزیری داد چەندان گۆریە و دەستە مکیاج بە پارەی دەوڵەت، ئەوانەی هەموو بە درۆ خستووەتەوە، دڵنیا بوو کەوا پارەی دەوڵەتی بۆ شتی تایبەتی سەرف نەکردووە.

لە ئاهەنگەکەی کۆشکی ویندسوور لەوێ رەشیدە سەرۆکی جیهازی پێشوازییەکانی ناوخۆ (برنار سکوارسینی) بە ناوی (سکوال)ەوە دەناسرا، ئەو کەسە زۆر لە سارکۆزییەوە نزیک بوو ئامادە بوو، کە لەلایەن هاوپیشەیی بریتانییەکەیەوە داوەت کرابوو.

لەوێ رەشیدە لە سکوارسینی نزیک دەبێتەوە و لێی دەپرسێت:

(چ دەکەیت.؟ دەبینی ئەوانە لەسەر مەسروفاتی ئاهەنگێک شەرم پێ

دەفرۆشن؟ ئیشی تۆیە بەرگریم لێ بکەیت؟ دەبێ کارێک بکەیت ئەو وتارەی ساز کراوە لە (لۆکانار ئونشینی) بڵاو بکرێتەوە، راگیرێت و بڵاو نەبێتەوە، ئەوەم بۆ بکە!).

دیارە کەوا رەشیدەی وەزیری داد زانیبووی ئەو رۆژنامەیە بەرنامەی بڵاوکردنەوەی دۆسیەیەکی گەورەیە لەسەر ئەو ئاهەنگە و مەسروفاتەکانی هەیە. ئەگەرچی رەشیدە بە سۆزو بە تووڕەیییەوە قسەی بۆ کەسی ژمارە یەکی ئیستخباراتی ناوخۆی فرەنسی دەکرد، کە کەسێکی لێزانیشە لە قەڵاچۆکردنی ئیرهاب، وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

(ئەزیزم رەشیدە، ئەوەیان کاری من نییە).

پاش ئەوەی کەسە ژمارە یەکەکە بەو وەڵامە توندە وەڵامی دەداتەوە، رووی لەو وەردەگێڕێت، روو لە کەسە هاوپیشە بریتانییەکەی دەکات کە ئاگەداری دەکاتەوە بۆ دیمانەی شاژن و ناسینی چەند کەسێک لە ئامادەبووانی ئاهەنگەکە ساز بێت.

***

## ٨

### ڕەشیدە وەڵامی تەلەفۆنەکانی سیسلیا ناداتەوە

بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی ناوچەکە لە پاش ڕووداوەکانی ڕۆژەڤ و کۆبوونەوەکانی دۆحە، سارکۆزی لە مانگی یۆنیۆی ساڵی ٢٠٠٨ سەردانی لبنان دەکات، کارەکەی سەخت بوو، چونکە گرەوەکانی ئاشتبوونەوەکانی لایەنە لبنانییەکان ئاسان نەبوو. بۆ یەکەم جار سەرۆک سارکۆزی بۆ هاوشانی وەفدەکەی ژمارەیەکی زۆری لە گەورە بەرپرسانی حزبەکانی داوا کردبوو، دەیویست وەفدەکەی بۆ بەیرووت لە هەموو لایەکەوە جیاواز بێت لە وەفدەکانی تر، کە شانە دیپلۆماسییەکە ناوی ئەندامەکانی لە پێش سەرۆک دادەنێت، ئەو دەست دەداتە قەڵەمەکە و ناوی ڕەشیدەش زیاد دەکات. لە دوای هەڵبژاردنی ئەو بۆ سەرۆکایەتی بۆ یەکەم جاریش سەردانی ئیسرائیل دەکات، ئەو سەردانەش بە دەرفەتێک دەزانی، چونکە ئەو وڵاتی ئیسرائیل بەوڵاتێکی دۆست وەسف دەکات، لە پێش کەنیستی ئیسرائیلدا وتارێکی زۆر دۆستانەش پێشکێش دەکات.

***

### پرۆسەی لوبی جوولەکە

سارکۆزی دەیویست وەفدەکەی بۆ ئیسرائیل هاوشانی دەبێت، بە کەسایەتیی سیاسی و هەڵبژێردراو و هونەرمەندان و نووسەران دەوڵەمەند بێت، لیستی ناوەکان دوور و درێژ بوو، بەڵام سارکۆزی هەست دەکات ناوی ڕەشیدەی تێدا نییە، ئەگەرچی لە ئاهەنگە تایبەتییەکەی کۆشکی ئالیزێ کە لەسەر شەرەفی (شمعون پێرس)ی سەرۆکی ئیسرائیل ساز کرابوو لەوێ

ڕەشیدەش ئامادە بوو. ئەو ژنە لەگەڵ ڕەوەندی جوولەکە پێوەندیی خۆش بوو، لەو دەمانەی ڕەشیدە پەیڤداری سارکۆزی بوو، لەگەڵ مانگنامەی (تیربیون جویف) دیمانەیەکی کردبوو، لەوێ وتبووی:

(من خۆم لەگەڵ جوولەکەیەک بە جیاواز نازانم).

پاش ئەو لێدوانە لەسەر تۆڕێکی ئەنتەرنێت هەڕەشەی زۆریان لە ڕەشیدە کرد و ناویان بە بەکرێگیراوی لوبی جوولەکە ناو بردبوو. لە ڕۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشیدە داتی بەرێککەوت سترانبێژی بەڕەچەڵەک جوولەکە (ئانریکو ماسیاس) دەبینێت، بەیەکەوە زۆریان قسە کردبوو، لەوێ ئانریکو بە ڕەشیدەی وتبوو:

(ڕەشیدە تۆ کەسێکی نایابی، ڕۆژێک لە ڕۆژان من ئاهەنگێک بۆ قازانجی سارکۆزی ساز دەکەم).

ئانریکو لە ناو کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە دیجۆن گۆرانیی وتبوو، هەر بەبۆنەی سەرکەوتنی سارکۆزی لە هەڵبژاردنەکاندا لە ڕۆژی ٦ی مایۆ ئەو ئاهەنگێکی ساز کردبوو، هەروەها ڕەشیدەی وەزیری دادی فەرەنسی لە چەندان بۆنەدا پشتیوانیی خۆی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیی دەزگە جوولەکەکانی ناو فرەنسا ڕاگەیاندبوو، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو وتبووی ئێمە ئیلتزاممان بەقەلاچۆکردنی دژایەتیی سامییەت هەیە. بۆیەش و لەبەر ئەو چالاکییانە دەبێ ڕەشیدە لەگەڵ وەفدە فەرەنسییەکەدا بێت کە دەچێتە ئیسرائیل. ڕەشیدە توانی ناوی خۆی بخاتە ناو ئەو وەفدەی بە هاوشانی سەرۆک بەرەو ئیسرائیل دەچێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە پەرلەماندا گفتوگۆ لەسەر هەموارکردنی دەستوور دەکرا، بۆیە ناچارە ئەو سەفەرەکەی ئیسرائیل نەکات، چونکە ئەوو وەزارەتەکەی لە چەندان لایەنەوە ڕەخنەی گەورەی لێ گیرابوو.

***

## بۆ ئیسرائیل

ئەگەرچی رەشیدە لە سەفەرەکەی پێشوو لەگەڵ سارکۆزی بۆی نەکرا سەردانی ئیسرائیل بکات، کە تێدا وەفدەکە ژمارەیان ٤٠ کەس بوو، لەوانە سیاسەتمدار و رووناکبیر و هونەرمەندانیشی تێدا بوو، کە تێدا سەرۆکی فرەنسی وتاری لە کەنیست دەدا و ئەوەش تایبەتە بە داوەتی سەرۆکی وڵاتان، ئەو لە سەکۆیەکی تەلئەبیبەوە داوەتێکی بۆ هاتبوو کە تێدا بابەتێک بەناونیشانی (ئەو فرەنسایەی کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە) پێشکێش بکات.

برادەرە جوانەکە بڕیار دەدات سەردانی ئیسرائیل بکات، بەڵام کلۆد غیان راستەوخۆ دەگاتە ناو بازنەکە و بەرنامە وەزارییەکە کەم دەکاتەوە کە لەلایەن وەزارەتی دادەوە بەرنامەڕێژی بۆ کراوە، بۆیەش رەشیدەی وەزیر ئەو بانگی نووسینگەکەی خۆی دەکات. سکرتێری گشتیی کۆشکی ئالیزێ بە وەزیرەکە دەڵێت:

(کەس لە گرینگی و پێویستیی ئەو سەردانە تێ ناگات، وا باشترە سەفەرەکە و بەرنامەکە لە پاریس ساز بکەن باشترە).

رەشیدە دەگاتە تەلئەبیب، کە دەزانی سەرۆکی فەلەستینی بۆ بەشداری لە کارنامەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەفەری کردووە و لە نیویۆرکە و ئەو وەک سەرۆکی فەلەستینی پێشوازی ناکات، زۆر تووڕە دەبێت. لە ئیسرائیل لە سەفەرەکەیدا رەشیدە بەهەڵە چوو بوو، چونکە رەشیدە خۆی لەسەر سەکۆی کەنیست نەدۆزییەوە و لەوێ قسەی نەکرد، بەڵام میدیای ئیسرائیلی زۆریان دیمانە لەگەڵ وەزیرە مێوانە فرەنسییەکە کردبوو، کە ئەو زۆر تێنووی ئەو جۆرە دیدارانەیە.

کە سەرۆک لە زۆر لە سەفەرەکانیدا رەشیدەی لەگەڵ خۆیدا نەدەبرد و هاوشانییەکەی ئەو دەگمەن بووبوون، ئەو خۆی سەفەری کردووە، سەردانی سووریا و لیبیای کردووە، لەبەر چەندان هۆکاری دیپلۆماسی بۆ سەفەرێکی ئەو بۆ دەرەوە کۆشکی ئالیزێ ڤیتۆی لە دژی بەکار هێناوە، بە کورتی ئەو

وەک جاران سارکۆزی راستەوخۆ پشتیوانیی گەرمی ناکات.

***

## رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارلادا

بەهاتنی کارلا برونی و بوونی ئەو بە خاتوونی یەکەمی وڵات، هەموو پارسەنگەکانی برادەرە جوانەکە دەگۆڕێت، بۆیەش ئەو بەناچاری لە بەدیلێکی تر دەگەڕا تا پارێزگاری بکرێت. بۆ ئەوەی دۆستایەتی لەگەڵ هاوسەرە نوێیەکەی سارکۆزی بکات، دەبێ هەموو پێوەندییەکانی بە سیسیلیای کۆنە هاوڕێی ببڕیت، ئەوەش مەرجی سارکۆزی بوو بۆ هەموو یاریدەرەکانی خۆی، سارکۆزی ئەگەرچی چەند ڕۆژێکی کەم بوو کارلای دەگوازێتەوە، بەقسەی (لۆنۆفیل ئاوبسرفاتور)، سارکۆزی نامەیەکی تەلەفۆنیی بۆ سیسیلیا ناردووە و لە نامەکەدا نووسیویەتی:

(ئەگەر تۆ دەگەڕێیتەوە، ئەوا من ئەو پرۆسەیە و هەموو شتەکان هەڵدەوەشێنمەوە).

کە سارکۆزی هیچ وەڵامێک لە کۆنە هاوسەرەکەی بەدەست ناگات، ئەو بڕیار و مەرجەی سەرەوە لەسەر هەموو یاریدەرەکانی دەردەکات.

هەموو لایەک ئەوە دەزانن ئەو هەواڵە بە چی کۆتایی هات، سەرکۆمار داوایەکی قەزائی لە دژی ئەو کۆوارە بڵاو دەکاتەوە، کە ئەو هەواڵەی بڵاو کردیتەوە و سەرکۆنەی نووسەرەکەشی کردبوو، ئەوەشیان پاش ئەوە هات کە نووسەرەکە سەرچاوەی نامە تەلەفۆنییەکەی بۆ ئاشکرا کردبوو. لەو کەسەدا ژوورنالیست (ئایری روتیی) تاوانبار کرابوو، بەڵام لەسەر داوای هاوسەرە گۆرانیبێژەکەی سەرۆک ئەو داواکەی لە دادگە دەکێشێتەوە. لێرەدا پرسیارەکەش ئەوەیە سەرچاوەی هەواڵەکە کێ بووە، کێ ئەو گەمە ترسناکەی بە کۆواری (لۆنۆفیل ئوبسرفاتور) کردبوو؟

***

## ڕەشیدە و مەلەوانگەکە

کارلای خاتوونی یەکەمی فەرەنسا لەلای یەکێک لە هاوڕێیە نزیکەکانی خۆی، سەبارەت بە نامە تەلەفۆنییەکە وتبووی:

(بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دەزگاکانی پۆلیس دوو شتمان بۆ دەرکەوتووە، یەکەمیان هاوسەرەکەم نامەی تەلەفۆنیی بۆ کۆنە ژنەکەی نەنووسیوە، دووەمیشیان ئەوەمان بۆ روون بوویتەوە کەوا ئەوەی گەمەکەی بە کۆوارەکە کردووە و ژوورنالیستەکەی چەواشە کردووە، کەسێکی نزیکە لە سیسیلیا و لە کۆشکی ئالیزێیش پۆستێکی دیار و گرینگی هەیە، دیارە پاش جیابوونەوەی سارکۆزی لە سیسیلیا ئەو زۆر هەست بەلاوازی دەکات، بۆیەش ئەو کارە ناشیرینەی ئەنجام داوە).

ئەو نامەیە تەلەفۆنییە هەموو کۆنە هاوڕێیەکانی سیسیلیای دوور دەخاتەوە و پێوەندییەکان دەپچڕێنێت.

سەرەتا ڕەشیدە ناچێتە بن باری فەرمانە نوێیەکانی سارکۆزی، بۆیەش یەکسەر ئەو قسەیەی پێ دەڵێت:

(من خۆم بڕیار نادەم، بەڵام ئەگەر دەخوازیت دوورم بکەرەوە).

هەندێ لە سەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان ئاشکرایان کردووە کەوا پێوەندیی نێوان ئەو دوو ژنە هاوڕێیە ساردە، وەک سیسیلیا ڕەشیدەی بەناوی (خوشکە) ناو دەبرد، وتوویەتی ئەو زەمانە خوشکە نامەکانم وەڵام ناداتەوە، ئەوەش یەکەمین نیشانەیە کەوا ڕەشیدە مەبەستیەتی خۆی لە سیسیلیا دوور رابگرێت، بۆیەش ڕەشیدە لە ئاهەنگی گواستنەوەی سیسیلیا بۆ دەستگیرانەکەی (ریتشارد ئیتیاس) ئامادە نەبووبوو، کە لە ڕۆژی ٢٤ی مارس لە نیویۆرک ئاهەنگی زەماوەندیان ساز کردبوو، کە زووتر وتبووی لەگەڵ هنری بروجیلو بەشداریی ئاهەنگەکەی دەکەین. پاش چەند هەفتەیەک لە شووکردنەکەی خۆی سیسیلیا ئامادەییی بەشوودانی کیژە گەورەکەی لە کەرتی حەوتەمی پاریس دەکرد، لەوێش ڕەشیدە بەڵێنی دابوو وەک شاهێدێک

ئامادە بێت، نەک هەر بەشداریی ئەو بۆنانەی سیسیلیا نەبووە ئامادەش نییە وەڵامی تەلەفۆنەکانیشی بداتەوە. رەشیدە لەسەر ئەو مەسەلەیە وتوویەتی، گوایە مێردە نوێیەکەی سیسیلیا خۆی کار بۆ ئەوە دەکات کۆنە هاوڕێیەکانی لە ژنەکەی دوور بکەونەوە.

***

## ژیانی سارکۆزی دەگۆڕێت

رەشیدە دەیویست دووبارە هەڵسێتەوە سەرپێیان، بۆ یەکەم جار و دووبارە لەگەڵ سەفەرەکەی سەرۆک سارکۆزی بۆ وڵاتی تونس بەشدار دەبێت، بەڵام کارلا برونی سەفەری سێیەمی بوو لەگەڵ سەرۆکی هاوسەری، زووتر لە سەفەرەکانی ئەفەریقیا و بریتانیای سەرکۆمار ئەو بەشداریی کردبوو. ئەگەرچی رەشیدە سەردانی زۆری دەکرد، بەڵام سەردانەکانی هیچ مەسلەحەتی ئەوی تێدا نەبوو، ئەوجارە لەگەڵ کارلا دەکەونە سەر یەک مێز و لەسەر یەک خوان دەبن، یەکێک لە ئەندامانی وەفدەکە گێڕاوتییەوە کە ئەو دوو کەسە دەکەوتنە بەرامبەر یەک، بەهیچ شێوەیەک کارلا چاوی لە رەشیدە نەدەکرد. کە کارلا رووی نەداوەتە رەشیدە، ئەو لەگەڵ ستاف و مێوانەکەی خاتوونی یەکەمدا قسەی دەکرد، لەوانە یەکێکیان مۆدەنمایشکەر و هاوڕێیە کۆمیدیاکەیان (مارین دالتارم)، کە لە مەراسیمی زەماوەندەکە بەشدار بووبوو. یەکێک لە کەسە نزیکەکانی سەرۆک نیکۆلا سارکۆزی وتبووی:

(کەوا رۆژێکیان رەشیدە داوای ژمارەی تەلەفۆنی مۆبایلەکەی خاتوونی یەکەمی کردبوو).

ئەویش کە وەڵامی داوەتەوە، وتوویەتی:

(نامەوێ بەیانییان نامەی تەلەفۆنی بۆ نیکۆلای هاوسەرم رەوانە بکەیت).

هەروەها خاتوونی یەکەم وتبووی:

(شێوازی ژیانی سەرۆک گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەک جاران نییە،

ئەوانەی ئێستا لەو نزیکن و هاوڕێیەتیی دەکەن، دەتوانن هەموو جۆرەکانی ئیسراحەتی بۆ دابین بکەن، ئەو پێویستی بەکەسی تر نییە).

***

## قوربانیی مۆدەکە

میدیای فرەنسی پەرۆشی ئەوە بوو بزانێت وەزیرەکان کاتی پشوودانەکانیان لە کێ بەسەر دەبەن، سەبارەت بە کات بەسەربردنە هاوینییەکانی رەشیدە زانرا کەوا ئەو بەشێک لە کاتەکانی لە کۆت دازور دەمینێتەوە، کە سارکۆزی و کارلاش دەچنە ئەوێندەرێ، بەڵام دەرچوو قسەکان راست نەبوون، چونکە دەرکەوت ئەوان بە هیچ جۆرێک رەشیدەیان داوەت نەکردبوو، بەڵام ئەو بەرووقایمی خۆی دەیویست بگاتە شوێنەکەیان. کارلا دەیویست سنوورێک بۆ ماوەی پاراستنەکانان دابنێت، هەروەها کارلا پشتیوانی هەردوو ژنە نەیارەکەی رەشیدەی دەکرد، بەوەش راما یاد و فەزیلە عمارە وەک دوو کەسی لەسەر ئاستی حکومەت بەورە و بەهێز دەردەکەوتن. یەکێک لە ئەندامانی دیوانی سەرۆکایەتی وتوویەتی:

(لە ناو قەرەباڵغییەکاندا راما یاد و کارلا لە ناو خەڵکەکە دوور دەکەوتنەوە و خەریکی جگەرەکێشان دەبوون، لەپەنا پەردەکانەوە تریقەی پێکەنینان دەهات، بەوەش رەشیدە زۆر تووڕە دەبوو).

فەزیلە عمارەش لەگەڵ کارلا زۆر باسی قەڵاچۆکردنی برسییەتییان دەکرد، داواکار بوون فرەنسا بەرنامەسازییەک بکات بۆ بنبڕکردنی رەوشە ناڵەبارەکەی گەڕەکە میللییەکان. دیارە کەوا فەزیلە خەمخۆری گەڕەکە میللییەکان بوو، یان وەک نوێنەرێکی کەمینەکان خۆی نیشان دەدا، لەولاشەوە رەشیدە بووبووە قوربانیی مۆدەکان و زۆرتر بیری لە دوا مۆدەکان دەکردەوە.

ئەو سیاسەتەی خاتوونی یەکەمی فرەنسا دەرحەق بە رەشیدە داتی پەیڕەوی دەکرد ژیانی ئەوی رەش کردبوو، ئەو بووبووە دێوەزمەیەکی ترسناک

له ڕۆژانەی ئەودا، ئەو زۆریش ناڕازی بوو کە راما یاد و فەزیلە عەمارە هاتوونەتە ناو ستافی حکومەت، کەسی یەکەمیان لەلایەن (فریدیریک لیڤیفر)ەوە کە چەندان ساڵ لە زانکۆکاندا رۆڵی هەبووە و کەسێکی پوولداریشە، دەستی گرتووە. کەسی دوومیشیان بە پارێزگاری بریس هۆرتفوو بە شەرعیەتی خەباتەکەی گەیشتبووە ئەو پێگەیە. کارلا وەک سیسیلیا دەستی لە کاروباری دامەزراندنی کارمەندەکاندا نەبوو، بەڵام ئەگەر رەشیدە پۆستەکەی لە وەزارەتی دادەوە بکرێتە وەزارەتی کولتوور ئەوا دەست و راسپاردەی ئەوی پێوە دەبوو، بۆیەش یەکێک لە کەسە ئاگەدارەکان دەڵێت:

(وەزارەتی کولتوور بۆ کەسێکی وەک رەشیدە زۆر باشترە، ئەوەی لەو وەزارەتە بێت دەتوانی تا درەنگانی شەوانیش نەخەوێت، ئەو کەسە دەبێتە میراتگری هونەرمەندان و ئەکتەرەکان و ئاوازدانەرەکان).

بەڵام یەکێک لە کەسە نزیکەکان لە سەرۆک سارکۆزی، وا دەزانێ ئەگەر کارلا ئەو کارە بکات و رەشیدە بگۆڕێت، دیارە مافی ڤیتۆی بەکار هێناوە.

***

## پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە تەواو نەبووە

لە ڕۆژی ٣ی مانگی یۆنیۆی ساڵی ٢٠٠٨ رەشیدەی وەزیری داد دووچاری کێشەیەکی گەورە دەبێتەوە. کە دادگەی شاری (لیل) کۆنتراکتی هاوسەرگیرییەک پەسند ناکات، چونکە کیژەکە وتبووی من پاکیزەم، پاشان دەرکەوت بووکەکە کیژ نەبوو بگرە ژن بووە. لەسەر ئەو کێشەیە وەزیری داد داوای لە نائیبی گشتی کردبوو دۆسیەکە ئیستئناف بکەنەوە، بەڵام زووتر پشتگیریی لە بڕیارەکەی دادگە کردبوو، پاشان پەشیمان دەبێتەوە و لەسەر ئەو مەسەلەیە وتبووی:

(هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەکە هەڵەیەکی ئیشتراکییەکان بوو، هەروەها هەڵەی سیاسەتی میگراشوونیش بوو کە هۆکاریش بوو لە گەڕانەوە و پاشەکشەی رەوەندەکانیشی لێ کەوتەوە، کیژەکانی گەڕەکە

میللییەکانیان تەنیا جێ هێشتووە، براکانیان بە ئارەزووی خۆیان گەمە بە چارەنووسیان دەکەن، ئەوە بوو ئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانیان، هەموو شکستی هێنا، وا ئێمەش باجەکەی دەدەین).

پەیڤدارەکەی سارکۆزی باس لە شێوەی بەشوودانەکەی خۆی دەگێڕێتەوە، کەوا ئەو لە تەمەنی ٢٦ساڵیدا بەزۆر لە ئەندازیارێکی تەلارسازی جەزائیرییان مارە کردووە. ئەو زووتر لە پاریسدا پێوەندییەکی دڵداریی گەرم و بەجۆشی هەبووە، بەڵام لە ماڵەوە بەزۆر بەشوویان داوە، لە کاتی مارەکردنەکەشیدا بەزۆری و بەناڕازیدڵییەوە وشەکەی بەڵێی رەزامەندیی دەربڕیوە، بۆیەش ئەو کەسەی پرۆسەی مارەکردنەکەی دەکرد، داوای کردبوو رەشیدە دەنگی بەرز بکاتەوە.

رەشیدە بەو جۆرە رۆژانەکەی خۆی دەگێڕێتەوە و وردەکارییەکان زۆرتر بۆ کەسە نزیکەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە، کە ئەوەیان لە ئەنجامدا لەسەر خوانێک لە دیجۆن کۆتاییی پێ هاتووە. ئەو لە شەوی یەکەمی بەزاوابوونیاندا لەگەڵ هاوسەرەکەی دەبێتە شەڕیان، شەڕەکە درێژە دەکێشێت و شەوە هەنگوینییەکەیان نەبووە. رەشیدە بەهۆی کۆمەڵێک پێوەندی و دۆستایەتیی زۆری کێشەکە دەبڕێنێتەوە. بۆیەش ئەو کێشەیە وەک کێشەکەی خۆی دەدۆزێتەوە. کە رەشیدە سەرۆک دەبینێت، رامانەکەی دەگۆڕێت و بەپێچەوانەی قسەکانی پێشووتری قسە دەکات، لەو رۆژەوە شەڕی لەگەڵ ئیشتراکییەکان دەست پێ دەکات، کە زووتر ئەو هێرشی توندی کردبووە سەریان.

***

## بالادور: ئەو کەسێکی بەتوانا نییە

پاش چەند هەفتەیەک لە رووداوەکە سەرۆکی دەستەی ڕاسپێردراو بۆ هەمووارکردنی دەستوور ئیدوارد بالادور چەندان رەخنەی ئاراستەی وەزیری داد دەکات، ئەو بە کەسە نزیکەکانی خۆی وتبوو:

(ئەو وەزیرە کەسێکی بەتوانا نییە).

لەو ڕۆژەوە چەندان داوا و ڕاسپاردە ئاراستەی سارکۆزی و فرانسوا فیون دەکرێت، کۆشش بکەن ڕەشیدە لەو پۆستە دوور بخەنەوە، وەزیرەکەی پێشووش مەرجی ئەوەی لە ڕۆژانی گفتوگۆیەکان دانابوو لە پێگە تایبەتییەکانی ستافی حکوومەت دانانیشێت. فیون بوار دەداتە وەزیرەکەی کە لە گفتوگۆکان بەشداری بکات، بەڵام ئەو خۆی لە جیاتی وەزیرەکە وتارەکان لە هەردوو ژوورەکە پێشکێش دەکات. میدیای فرەنسی ئەو هەڵوێستەی بالادور لەسەر ڕەشیدە داتی زوو دەقۆزنەوە، بۆیەش ڕەشیدە وتبووی، وەزیری یەکەم ویستبووی بە تەلەفۆن داوای لێبووردنم لێ بکات، منیش وەڵامم نەداوەتەوە.

***

## ٩

### کێ ژنە وەزیرەکەی ئاووس کردووە

نیکۆلا سارکۆزی لە ١٠ی سپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٨دا لە ئاهەنگێک کە لەسەر شەرەفی ژنە وەزیرەکان لەلایەن (میشال ئالیوت ماری)یەوە ساز کرابوو لەوێ ئەو وتبووی:

(من دەزانم منداڵەکەی رەشیدە باوکی کێیە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەواتە ئەوەی رەشیدەی ئاووس کردووە یەکێکە لە ئەندامانی حکوومەتەکەیان).

هەموو لایەک پرسیاری ئەوەیان دەکرد، بۆچی سەرکۆمار لەو کاتەدا و لە ناکاو ئەو مەسەلەیە دەورووژێنێت؟ دیارە ناوی باوکی کۆرپەکەی رەشیدە تەرجمەی ئەوەیە کەوا مەسەلەکە بابەتێکی نیشتمانییە، نیکۆلا سارکۆزیش یەکێکە لەو کەسانەی ناتوانێت بێدەنگ بێت و قسەی خۆی دەکات ئەگەر بزانێت مەسەلەکە بە فەرەنسییەکانەوە گرێدراو بێت.

رەشیدە لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا سکی دەبێت، کە سکەکەی بەدیار دەکەوێت، مەسەلەکە دەبێتە قسەی سەرزار و کەرەستەیەکی چەوری میدیا میللییەکان، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەو ژنە دۆستایەتیی لەگەڵ هیچ پیاوێک هەستی پێ نەکرابوو، بەرەسمی ئەوەیان ئاشکرا نەکراوە، ئەو کەسەش جێگەی گومانی هەموو لایەک بووە، بەتایبەتی کە پاش ئەو تەمەنە ئەو ژنە ئاووس دەبێت. پرسیارەکەش ئەوەیە، ئایا ئەو ئاووسبوونە بۆ رەشیدە گرینگ بووە؟

ئایا پاش ئەوەیان ئەو دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، پێگەکەی لاواز

نابێت، بارەگەکەی لە گۆڕەپانی فۆندوم کە بارەگەی وەزارەتی دادی تێدایە ناهەژێنێت؟

پێش ئەوەی باس لەو مەسەلەیە بکرێت دەگەڕێینەوە زنجیرەی رووداوەکان، لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨دا دەزگەکانی راگەیاندن باسیان لەوە کردبوو کەوا سکی ئەو ژنە بەرز بوویتەوە، مەمکەکانی گەورە بوون، ئەو قسەیەش خێرا دەگاتە ساڵۆنەکانی ئەنجوومەنی وەزیران.

***

## سەرەتاکانی ئاووسبوونەکە

نادین مورانو چوارشەمەیەک لەسەر هەڵگرتنەوەی منداڵ سیمینارێکی هەبوو، لەوێ لە ناو کۆبوونەوەکەدا وەزیری داد لەسەر پارچە کاغەزێک ئەو چەند دێرەی دەنووسێت، پسوولەکەی بۆ رەوانە دەکات، کە تێیدا نووسیبووی:

(دەبووایە ناوی منتان لە سیمینارەکە بە برادەر هێنابووایە).

لەبەرئەوەی نادین مورانوی سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری خێزان، قەڵەمی پێ نەبوو، بۆیە بەو چەند وشەیە زارەکییە وەڵامی رەشیدەی وەزیری داد دەداتەوە:

(برادەرەکەم رەشیدە، پیرۆزباییت پێ دەڵێم، بەپێی تێبینییەکانی رۆژنامەنووسان دەڵێن مەمکەکانت گەورە بوون، دەستخۆش و ئافەرین، رۆڵی باش دەبینی لە گەشەی دیموگرافیی فرەنسا).

رەشیدەش بەو قسەیە وەڵامی سکرتێرەکە دەداتەوە:

(دیارە دەتەوێ من بۆ بەڕێکردنی سیاسەتی خێزانی بەکار بهێنیت، ئەوەش باش پراکتیزە دەکەیت).

لەبەرئەوەی ژنە ئاووسەکە وەزیری دادە و دەبێ بەهەر شێوەیەک بێت وەڵامی پڕپاگەندەکان بداتەوە و مامەڵەیەکی واقیعییانە بکات، بۆیە پرسیارەکەش ئەوەیە ئەو وەڵامی چییە؟ وەڵامی کێ بداتەوە؟ بەکام شێوەش

وەڵام بداتەوە؟ لەبەرئەوەی لە چەندان لاوە باس لە وەزیری داد دەکرا، کێشەی زۆری دەهاتە پێش، بۆ چارەسەرکردن و بەدواداچوونی کێشەکان وەک هەموو جارێک سارکۆزی هاوڕێی خۆی ( بیار شارون)ی راسپاردبوو خەریکی چارەسەری کێشەکانی رەشیدەش بێت. ئەو راوێژکارەی سەرۆک بابەتەکەی لا خۆش نەبوو، بەڵام سەرۆک رووی لێ نابوو، لەبەر خاتری ئەو دەچێتە ناو ئەو کێشەیە. ئەوەی زۆرتر کابرای سەخڵەت کردبوو، ئەو دوژمنی هەر گەورەی رەشیدە بوو، دیارە شارون ئازایەتیی دەیویست ئەو مەسەلەیە لەگەڵ دەزگەکانی میدیا بەڕێ بکات، ئایا ئەوەی لە دەست دەهات؟!

***

## رێنوێنییەکانی سارکۆزی

سارکۆزی هیچ بژاری بۆ پیاوە پێناوەکەی رەشیدە ناهێڵێتەوە، ناچاری دەکات ئەو ئەرکەی بۆ تەواو بکات. کەسێکی وەک (گای سافی) هەریەک لە سارکۆزی و رەشیدە نیوەڕۆیەک داوەت دەکات، لەو داوەتە هەر کەسە و بوخچەکەی خۆی دەکاتەوە و هەڵدەستن دەڕۆنەوە. لەوێ سارکۆزی وتبووی:

(گوێ راگرە، من هەر چیت پێ دەبێژم بەگوێم بکە، لەگەڵ بیار شارون قسە دەکەیت، دەبێ بە بڕیار و چارەسەرییەکانی ئەو رازی بیت، چۆن لەگەڵ مندا قسە دەکەیت، بەو شێوەیەش قسە لەگەڵ ئەودا دەکەیت، یان ئێستا هەڵدەستی دەڕۆیت، یان دەمینێیتەوە و لەگەڵ ئەو پیاوە گفتوگۆ دەکەیت).

رەشیدە وەڵامی داوەتەوە و وتوویەتی:

(دیارە عەیبەیەک لە مندا دەبینیت ؟).

گەورەکەی کۆشکی وتبووی:

(من دەمەوێ هەڵوێستێکی بەهێزت هەبێت).

رەشیدە بە سارکۆزی دەڵێت تۆ چۆن بیر لە من دەکەیتەوە، من لە کارکردنم

لەگەڵ (لۆرانس لاسیر)ی سەرپەرشتیاری وەزارەتەکانت نارەحەتم، ئەو زۆر ماندووم دەکات.

لەو دەمەوە سارکۆزی زوو بڕیار دەدات، ئەو سەرپەرشتیارە واز لەو بهێنێت.

لۆرانس لاسیر ژنی پێشووی (لارنود داسی)ی بوو، ئەویش کوڕی یەکێک لە گەورە بەرپرسانی کۆمەڵگەی تی ئێف ١بوو، ئەو پاش ئەوەی لەلایەن سارکۆزییەوە داوای لێ کرا، واز لە رەشیدە بهێنیت وتبووی من لەمێژە حەزم دەکرد لەو کارە دوور بکەومەوە و ماوەیەک بۆ خۆم بژیم.

***

## وتارێکی لوبوان

پاش چەند ڕۆژێک شارون دەست بەکارەکەی خۆی دەکات، لەگەڵ کۆواری لوبوان رێک دەکەوێت دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز بکات، لەوێ شارون ئەوە رادەگەیەنێت کەوا رەشیدەی وەزیری داد ئاووسە. وتارەکە بڵاو دەبێتەوە و ژوورنالیستەکەش وتارەکە بە لێدوانێکی رەشیدە کۆلاژ دەکات کە تێیدا وتبووی:

(من وەک ژنێک ئەزموونی پێوەیست بە پرۆسەی دایکایەتیی زۆرم دیوە، ئەودەمانە تەمەنم نەگەیشتبووە بیست و پێنج ساڵ، بێگومان ئەو ساتانە جوانترین ساتەکانی ژیان بووم).

ئەو رستەیەی سەرەوە کە لە کۆوارەکە لە ڕۆژی ٤ی سپتەمبەر بڵاو کرایەوە، لە دواڕۆژدا کاردانەوەی هەبوو، ئەوە و لە چەندان کۆوار و ڕۆژنامە و بەرنامەکانی رادیۆیی زووتر باس لەو مەسەلەیە کرابوو. برادەرە جوانەکە بە هەموو شێوەکان منداڵی دەویست، ئەوەی بەئاشکرا بە میشال ئالیوت ماری وتبوو:

(لە هەموو حاڵەتێکدا من دەمویست منداڵێک پەروەردە بکەم، ئەگەر هی خۆشم نەبێت).

سەبارەت بەوەی باوکی کۆرپەکەی کێیە وتبووی:

(ئەوەیان کارێکی تایبەتی خۆمە و ژیانی منیش زۆر ئاڵۆزە).

***

## گرفتەکانی سکەکەی

ئەو لێدوانە لە چەندان ڕۆژنامەی فەرەنسی بڵاو کرانەوە، بەڵام (بیار ئایف)ی راوێژکاری ڕۆژنامەگەری کە لەلایەن بیار شارونەوە دەستنیشان کرابوو، وتبووی، وەزیرەکە لە لێدوانەکەدا باسی ژیانی تایبەتی خۆی نەکردبوو، بۆ نموونە ئەو نەیگوتبوو من ژیانێکی ئاڵۆزی تایبەتیم هەیە، ئەو وتبووی ژیانی ئاڵۆز. رای گشتیی فەرەنسیش لە سەرەتای هاوینیساڵی ٢٠٠٨ەوە باوکی کۆرپەکەی رەشیدەیان لا مەبەست بوو، ناوی زۆریان لە باوکی کۆرپەکە نابوو، لەوانە (دومینیک دیسانی) کە پیاوێکی قۆزی دەوڵەمەندە و بەرپرسی کۆمەڵگەی (بارییر)ە و هاوڕێی تایبەتی سەرۆک سارکۆزییە.

رەشیدە و دومینیک یەکتریان دەبینی، پیاوەکەش ڕێزی زۆری بۆ ژنەکە هەبوو، ڕۆژنامەنووسان شانە ڕۆژنامەگەرییەکەی دەزگاکەی ئەویان بەردەوام هەراسان کردبوون، دەیانویست قسەیەک لەو مەسەلەیە بەهۆی ئەو شانەوە بزانن، بەڵام سەرۆکەکەیان بە راوێژکارەکانی خۆی وتبوو:

(من ئامادە نیم کەسێکی ڕۆژنامەنووس بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەخیفانەی ڕۆژنامەنووسەکان تەرخان بکەم).

ئەوە کەسی یەکەم، دووەم کەسیش کە ئەگەری ئەوە هەبوو کەوا باوکی کۆرپەکەی رەشیدە بێت، بێژەری تەلەڤزیۆنی (ئارتور) بوو، ئەویش پیاوێکی دەوڵەمەند و کاریگەر بوو، ئەو لە سەرکۆماریش نزیک بوو. ناوی یەکێکی تریش دەهات، ئەویش سەرۆک حکوومەتی ئیسپانیی پێشووش (خۆزی ماریا ئازنار) بوو. ئەو هەواڵەش بەدڵنیاییەوە لەسەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنیی مەغریبی (ئوسارڤاتیر ئێم ئای)یش بڵاو کراوەتەوە.

## قۆناخی پڕوپاگەندەکان

میدیای ئیسپانیزوو هەواڵەکە بڵاو دەکاتەوە، تەلەڤزیۆنی تیلیسانسۆش وێنەی رەشیدە داتی و خۆزی ماریا ئازنار بەیەکەوە بڵاو دەکاتەوە، ئەوەی بەبیر دەهێنێتەوە کە بەیەکەوە لە ئێوارەخوانێکدا ئەو دوو کەسە لە ١٩ی دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٧ لە بریستول دانیشتوون. لەو خوانەئێوارەیەدا هەریەک لە نیکۆلا سارکۆزی و کارلا برونی و خوزی ماریا ئازیار و فرانسوا فیون و سترانبیژ خولیو ئاگلسیاس و رەشیدە ئامادە بوون.

ڕۆژنامەیەکی تری ئیسپانیبەناوی (ئاستریلا دیجتیال) نووسیبوی:

(خوزی ماری ئازنار بۆ جاری دووەم لە پاش پازدە ڕۆژ لە ژووانەکەی رابردوو، دووبارە بەڵام ئەمجارە بەتەنیا بوون لە رێستورانتی پلەداری لو دیفیلاک بەیەکەوە لەگەڵ ئەودا دانیشتبوون).

میدیای فرەنسیش هەواڵەکەی بەگەرمی وەردەگرێت، کە هەواڵەکەش لە هەفتەنامەی (بوان دو فو) کە زۆر هەواڵ و بەدواچوونەوە لەسەر بەرپرسان بڵاو دەکاتەوە، لەوێ وردەکاریی لەسەر ئەو دەنگۆیەی رەشیدە زۆرتر تێدا بوو، پاش دەرچوونی سارکۆزیش لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە لاپەڕەی یەکەمیدا هەواڵی سیاسەتمدارانی ژن و پیاوەکان بڵاو دەکاتەوە. بەڵام خۆزی ماریا ئازنار زوو بە رەسمی هەواڵەکە بەدرۆ دەخاتەوە و دەڵێت:

(هەواڵەکە تەنیا درۆیەکە و بەس).

خۆزی بەوەندە ناوەستێت و داوا لە پارێزگارەکانی دەکات، رێورەسمی یاسایی لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە درۆیانە بکەن، زووتریش سەرۆکی پێشووی حکوومەت هەمان هەڕەشە لەو دەزگە راگەیاندنە ئیسپانیایە میللییانە دەکات، کە هەواڵی بوونی کریسێک لە نێوان ئازنار و ژنەکەی ئانا بۆتیلا بڵاو دەکەنەوە.

***

## بەدرۆخستنەوەکەی ئازنار

هۆکاری هەڵبەستنی ئەو هەواڵەش زۆر بوون، لەوانە رەشیدە خۆی لەلای چەند کەسێکی نزیکی خۆیدا وتبووی من لەگەڵ خۆزیدا چیرۆکێکی جوانمان لە نێواندا هەیە، بەتایبەتی لەلای ڕاوێژکارەکانی لە کۆشکی ئالیزێ، هەندێ نامەی تەلەفۆنیشی کە زمانی ئیسپانینووسرا بوون نیشان دابوون. ئەوەیان هۆکاری یەکەم، دووەمیشیان کە سارکۆزی لە خۆزی ماریا ئازناری پرسی بوو، ناسنامەی باوکی کۆرپەکەی سکی رەشیدە کێیە، ئەو وتبووی من باوکی کۆرپەکەم.

ئایا خۆزی درۆی لەگەڵ سارکۆزی کردووە؟

ئەگەر هەواڵەکەش راست بوو، بۆ قسەکەی خۆی بەدرۆ دەخاتەوە؟

بەپێی هەواڵێک لە لووتکەی دەسەڵاتەوە خۆزی لە ترسی رێکخراوی ئیتای جوداخوازدا هەواڵەکەی بۆ پاراستنی گیانی وەزیری داد بەدرۆ خستووەتەوە، چونکە ئەوان هەڕەشەیان لە بنەماڵەکەی کردبوو، هەمان سەرچاوە بە دەزگەکانی میدیای راگەیاندبوو، کەوا ئەو بەدرۆخستنەوەیە بەرەزامەندیی برادەرە جوانەکە بووە و ئەویش دەستکاری چەند دەستەواژەیەکیشی کردبوو. چەند کەسێکی زماندرێژیش وتبوویان کەوا ئازنار ویستبووی بگەڕێتەوە ناو بازنەی سیاسەت، بەڵام دەستەی هەڵبژێردراوی کاسۆلیک کە دەنگ بۆ ئەو دەدەن، ئەوان بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابن، ئەو لە گەڵ ژنەکەی جیا بێتەوە و لەگەڵ دۆستێکی فرەنسیی موسڵمان بەڕەچەڵەک مەغریبی بژیت. ئەگەرچی وەزیری یەکەمی ئیسپانیی پێشوو هەواڵەکەی بەدرۆ خستووەتەوە، بەڵام لە چەندان ماڵپەڕی ئەلکترۆنی لە ناوەندی مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٨دا، نووسیبوویان کەوا ئیستخباراتی مەغریبی بەڵگەی ڕوونی هەیە، کەوا باوکی کۆرپەکەی سکی رەشیدە کۆنە سەرۆک حکوومەتی ئیسپانیایە، مەملەکەتی مەغریبیش لەبەرئەوەی خۆی بەدوژمنی خۆزی دەزانێت بۆیە زۆر بەوردی سۆراخی مەسەلەکەی کردبوو.

## کێ لە ئێمە باوکەکە نییە

لە ڕۆژنامەکانیش ناوی هەردوو سکرتێری دەوڵەت (برنار لابورت) و (ئایریک بیسون)یان وەک باوکی کۆرپەکە ناو بردبوو، بەڵام ئەو دوو پیاوە هەواڵەکەیان بەدرۆ خستووەتەوە. داتی و لابورت یەکتریان ناسیوە، هەموو لایەکیش هەستیان بەوە کردبوو ئەو دوو کەسە زۆر لەگەڵ یەکدا کۆکن. لە ئاهەنگی پاڵەوانانی یەکێتیی ئەوروپای ٢٧میندا ڕەشیدە سەرسام دەبێت کە لایورت لە لێدوانێکدا دەبێژێت من باوکی ئەو کۆرپەیە نیم کە لە سکی ڕەشیدەدایە. لەو کۆبوونەوەی کە ڕەشیدە وەک سەرۆکی کەرتی حەوتەم ئامادەی بووبوو، لەوێ کابرا ئەو لێدوانەی داوە، بۆیەش ڕەشیدە زۆر نیگەران بووبوو. کەس نەیانزانی مەبەستی ئەو پیاوە لەو لێدوانە هەر گاڵتەیەک بوو، یان مەبەستی ڕوونکردنەوەیەکی ڕاستییەکان بوو. پاش چەند ڕۆژێک ڕەشیدە لەلای چەند کەسێکی نزیک لە خۆیدا وتبووی لێدوانی برادەرەکەی زۆر ئیحراجی کردبوو، لەولاشەوە ئەو بۆیە ئەو قسەیەی کردبوو، مەبەستی بوو مەسەلەکە بۆ منداڵەکانی روون بکاتەوە. لەسەر تۆڕی نێتیش مەسەلە و گەمەی (کێ باوکی ئەو کۆرپەیە؟) بووبووە گەمەی (کێ باوکەکە نییە). پاش ئەوەی بیار شارون پشتیوانیی لەو دەکرد، ئەو لە فرانس ٢دا وەڵامی زۆر پرسیارەکان دەداتەوە.

یەکێک لە ئەندامانی دیوانی ئالیزێ وتوویانە ئەو ڕۆژە، ڕەشیدە بەردەوام پسکویتی دەخوارد و زۆریش دادەنیشت و هەڵدەستایەوە، لەو دەمانەشدا بیار داوای دەکرد کە لەگەڵ (ئارلات شابوت) قسەی دەکات کۆنترۆڵی لەسەر خۆیدا هەبێت، چونکە ئەو وەک مێوانەکان ڕاوەستا بوو، بۆیە ژوورنالیستەکە لە کاتی دیمانەکە داوای کردبوو، ڕەشیدە لە شوێنێک دابنیشێت، چی تر بەپێوە ڕانەوەستێت.

بەڕێوەبەرەکەی فرانس ٢ حەزی نەدەکرد باسی سیاسەت بکات، دەیویست زۆرتر باسی مەسەلە بایەخدارەکەی وەزیری داد بکات، ئاماژە بەوە بدەن،

باوکی کوڕپەکەی ڕەشیدە کێیە ڕەشیدەش وتبووی، ئەوەیان بەتەنیا من نەمکردووە، ئەو قسەیەش زۆر گران لەسەری دەوەستێت. لەو دیمانەیەدا دەرکەوتبوو کەوا وەزیری داد زۆر سەرفراز نییە، لە قسەکانیشیدا تەنیا وەڵامی نووسینەکانی لاپەڕەی یەکەمی کۆواری باری ماشی دەدایەوە، خۆشی بە فستانە دیورەکەی دەرهێنا بوو.

***

## هەستکردن بە تەنیایی

پاش ئەوەی لەسەر داوای سارکۆزی ڕەشیدە پێوەندیی بە ریتشارد ئیتاس و سیسیلیا نامینێت، ڕەشیدە لەگەڵ (ئیمانویل هۆڤمان ئیتاس)ی ژنی پێشووی ریتشارد ئیتاس نێوانی خۆش کردبوو، ئەو ژنە پارێزەرێکی پسپۆڕ بوو لە بەرگریکردن لە مارکەکان. ڕەشیدە لە نووسینگەکەی خۆیدا چاوی دەکەوێت بە ئیمانویل. لەوێ پێی دەڵێت:

(من دەمەوێ پێوەندی بە ریتشارد و سیسیلیا پەیدا بکەمەوە، من پەشیمانم لەوەی ڕووی دا، دەکرێ ئێوە لە من تێ بگەن، من لە وەزعێکی باش نەبووم، دەکرێ ئەو قسەیەم بەوان بگات؟).

ژنە پارێزەرەکە بەو قسەیە زۆر سەرسام دەبێت و دەڵێت:

(هەست ناکەم من بەکەڵک ئەو جۆرە کار و ئەرکانە بێم).

پاش چەند هەفتەیەک ڕەشیدە خۆی ئازا دەکات و نامەیەکی دوور و درێژ بۆ سیسیلیا دەنووسێت، لەوێ تێیدا دەنووسێت، کەوا ئەو ئاووسە. بەڵام ئەو تەنیا بەیەک وشەی پیرۆزە وەڵامی دەداتەوە. بەو جۆرە پێوەندیی ئەو دوو ژنە لەو شوێنەدا دەپچڕێت، بۆیەش کە کیژە گەورەکەی سیسیلیا منداڵی دەبێت، ئەویش بایەخ بەمەسەلەکە نادات. پرسیارەکەش ئەوەیە بۆچی ڕەشیدە دەیەوێ قسەی سارکۆزی بشکێنیت و کار بۆ ئەو دەکات لە سیسیلیا نزیک دەبێتەوە؟ لەو کارەش چ قازانج دەکات؟

یەکێک لە کەسە نزیکەکان لە ڕەشیدە دەڵێت:

ئەو ژنە هەستی دەکرد تەنیایە، بۆیەش ئەو کۆششە دەکات، حەزی دەکرد هەموو ماڵەوەی بەدیارەوە بووایە، کە خەریکی بەخێوکردنی منداڵەکەی دەبوو، کەسانێک هەبووایە جلی منداڵەکەیان لەگەڵ هەڵبژاردبووایە، یەکێکی لەگەڵ بووایە لەو رووداوانە هاوشانی بووایە، چۆن وەڵامی میدیاکانی بداتەوە، بۆیەش وەک دوا نوا پەنای بردووەتەوە بەر سیسیلیا، دیارە کەوا بێ ئاکام بووە.

***

## ١٠

## سەردانە زۆرەکانی ئەو بۆ شاری دۆحەی قەتەری

سیسیلیا لە شاری دوبەی دەژیا، دیارە کەوا ئیمارەتی قەتەر لە پاریس زۆر نزیکەو پێوەندییەکانیشیان گەرمە، بۆیەش رەشیدە زۆر سەردانی قەتەری دەکرد. لە ٢٨ی ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٩ رەشیدە بەشداریی کۆڕێکی کردبوو کە لە دۆحە گیرابوو، لەوێ وتارێکی پێشکێش کردبوو، کە تێیدا وتبووی:

(جێگەی خۆشحاڵیمە لەو کۆڕە ئامادە بم کە تایبەتە بەدادپەروەری لە جیهانی عەرەبیدا).

رەشیدە لە وتارەکەیدا ستایشی رۆڵی نائیبی گشتیی قەتەری (عەلی بن فەتیس ئەلمری) کردبوو، کە یەکێکە لە گەورە بەرپرسەکانی دەوڵەوت لەوێدا ئەو دەڵێت:

(هەمووتان ئەوتان لێوە دیارە -رووی لەو دەکات- بە ئازایەتی و خۆراگریی ئێوە بوو، ئێمە لە ماوەی تەنیا چەند مانگێک توانیمان ئەو تیمەو ئەو پڕۆژەیە دامەزرێنین، کە تایبەتە بە سکرتاریەتیی دائیمی بۆ ئەو کۆڕە کە دەیراسەتی هەڕەشەکان ئیرهاب و تاوانی بەبەرنامە لەسەر کۆمەڵگەکانمان دەکات).

پاش ئەو دیمانەیە و پاش ئەو دیدارە رەشیدە بەردەوام دەچێتەوە دۆحە، تا وای لێ هات مانگانە سێ جار سەردانی ئەو ئیمارەتەی کردووە، واتە زۆر لە پشوودانەکانی کۆتاییی هەفتە لەوێ دەبوو. دکتۆرەکان لە دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٨ەوە ئامۆژگاریی رەشیدەیان کردبوو کەمتر سواری فڕۆکە ببێت، بۆیەش ئەو سەفەرەکانی دۆحە کەم دەکاتەوە، بەڵام بۆ دیمانەکان ئەو جارە نائیبە

قەتەرییەکە سەردانی پاریس دەکات. سەرچاوەیەک کە لە لووتکەی دەسەڵاتەوە نزیکە وتوویەتی:

(رەشیدە دۆستایەتییەکی گەرمی لەگەڵ ئەو نائیبە گشتییە قەتەرییەی هەبوو).

ئەگەرچی پێوەندییەکەو دۆستایەتییەکە ئاشکرا بوو، بەڵام کەس بۆی نەدەکرا دزە بکاتە ناویان، بۆیە وەزیرێکی پێشوو لە ئاهەنگێکی ئێوارەدا لە پاریس وتبووی:

(من دەزانم کێ باوکی ئەو کوڕپەی سکی رەشیدە، نائیبە قەتەرییەکەیە).

ئەو قسەیە لەسەر تۆڕەکانی نێتەوە بڵاو نەکرایەوە، بەڵام لە ناو رای گشتیی زۆر زانرا، بۆیە ئێمەش زۆر لەسەر هەواڵەکە دەوەستین و هەڵوەستەیەک دەکەین.

***

## رەشیدە و ئەلری

بەپێی سی ڤی کەسی ژمارە دوو لەو هاوکێشەیەدا، ئەلری تەمەنی ٤٣ ساڵە، کە دەکاتە تەمەنی رەشیدەش، لە زانکۆی سۆربوونی فرەنسی یاسای نێودەوڵەتیی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٩٧ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە، ئەو کەسێکی باڵای فرانکفۆر نییە. ئەلری پیاوێکی کورتەباڵایە، سمێڵی تەنکە و لە ناو دەزگە دیپلۆماسییەکانی فرەنساش ناسراوە، لە گەیشتن بە مەرامەکانی هەموو هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە و لەوەیان دوودڵ نییە. برادەرە جوانەکە چەندان جار داوا لە سەرۆک سارکۆزی دەکات پێشوازی لەو نائیبە گشتییە قەتەرییە بکات. سارکۆزیش تا سینگی رەشیدە بکاتە بەفر بۆ ئەو مەبەستە دیمانەیەکی لەگەڵ ساز دەکات. کە ئەلری هاتووەتە پاریس لە ساڵۆنی تایبەتی هوتێلی گای سافورای داوەتی ئێوارانی کردووە، دیارە سارکۆزیش حەز لە رێستورانتی ئەو هوتێلە دەکات.

که ئێمەی نووسەرانی ئەو کتێبە خەریکی دوا ستوونەکانی بووین، لە چەندان سەرچاوەی ئاگەدار، ئاگەدارییان کردینەوە دەبێ لەسەر ئەو دۆستایەتییە هەڵوەستەیەک بکەین، یەکێک لە کەسە زۆر نزیکەکانی سارکۆزی بە ئێمەی راگەیاند کەوا:

(واتە کاتی منداڵبوونەکەی رەشیدە نزیک بوویتەوە، لە هەشت مانگ و چەند رۆژێکدا پاش دوا سەفەری رەشیدە بۆ قەتەر، رێک لەو رۆژە بەدواوە دەبینین، ئەنگوستیلە و دیاریی جوان و گرانبەها لە زێڕ و ئەلماس بەو ژنەوە دیارە، دیارە پارەی زۆری دەست کەوتووە و ئەوەشی زۆر پێوە دیارە).

کە رەشیدەش ناوی (زەرە)ی بۆ کۆرپەکەی داناوە، مانای ئەوەیە باوکی منداڵەکە موسڵمانە، هەمان سەرچاوەی پێشوو وتبووی:

ئێمە لەو بژارەی رەشیدە لە هەڵبژاردنی ناوەکە حاڵی دەبین، دیارە کە باس لەو پیاوە دەکرێت، ئەو خەڵکی ولاتی قەتەرە و ئەو ولاتەش شەریعەتی ئیسلامی پەیرەو دەکات).

***

## کەواتە باوکەکە لە نێوان ئازنار و ئەلمرییە؟!

بەپێی زانیارییەکانی بازنەی یەکەم لە کۆشکی ئالیزێ، کە لە نزیکەوە و بە پەرۆشییەوە بەدواچوونەوە لەو مەسەلەیە دەکەن، چونکە زۆر بوون ئەوانەی دڵنیابوون کەوا رەشیدە لەلایەن کۆنە سەرۆک وەزیرانەکەوە سکی پڕ کراوە، لەوانە سارکۆزیش ڕای وابوو، بۆیەش بە سارکۆزییەوە نەیاندەویست باوکی راستەقینەی زەرە ئاشکرا بکەن.

***

## پاشەکشە لە ڕاپرسییەکاندا

فرەنسییەکان لە وەرزی پایزدا سەرقاڵی ئەو تەنگژە ئابوورییە بوون کە

ڕەنگدانەوەی لەســەر وڵاتەکــەیان هـەبوو، هـەروەها زۆریش بـەو هـەژانـەی ناو حزبی ئیشتراکی سەرقاڵ بوون، بۆیەش هەموو لایەک ئاگایان لە مەسەلەی ئاووسبوونەکەی وەزیری داد ڕەشیدە داتی نەماوە، پاش ئەوەی کە لە ژووری نەشتەرگەریی منداڵبوونەکەی دەرچووە، یەکسەر و ڕاستەوخۆ گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی. یەکێک لەو کەسانەی زۆر بە ڕەشیدە موعجەب بوو، ئایف بورنازل وتوویەتی:

(من سیمای کەسایەتیی سیاسیی گەورە و بەهێز لە ڕەشیدەدا دەبینم، وەک شیراک و سارکۆزییە، ئەو هێزەش لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە).

ڕەشیدە لە ٢ی یەنایری ساڵی ٢٠٠٩ لە کلینکی مویات منداڵەکەی بوو، ئەو کلینکە دەکەوێتە ناوچەی هەشتەم، وەک مەسەلەیەکی تەقلیدیش ناوێکی عەرەبیشی لە منداڵەکەی ناوە.

***

## دواڕۆژێکی نادیار

دیارە منداڵبوون بۆ ژنان سەربەخۆیی و ئازادی دەگەیەنێت، بەڵام بۆ برادەرە جوانەکە بەختی دووەم دەگەیەنێت. پرسیارەکەش سەبارەت بەڕەشیدە ئەوەیە، ئایا ئەو ژنە کاروانەکەی وەک دایک کۆتایی هات؟ هەندێ لە ناسیارەکانی دەڵێن، ئەو ژنە سەلماندوویەتی کەوا وەک دایکێک وزەی نەماوە و تەواو، هەندێکی تریش وا دەزانن، بڕیارەکە لەلای سارکۆزییەوە، لەوانە (میشال برزخ) ڕای وایە، کەسانی واش هەیە دەڵێن، ئەو منداڵبوونە ژیانی ڕەشیدەی سەروبن کردووە، یەکێک لە هاوڕێیەکانیشی دەڵێت، من وا دەزانم ڕەشیدە دەستبەرداری هەموو شتەکان دەبێت و خەریکی منداڵەکەی و هاوڕێیەکەی دەبێت و ژیانی بۆ ئەو دوو کەسە تەرخان دەکات.

بەرپرسی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای تۆتال (کریستوف دو مارجوی) دەڵێت، من لە پایزی ساڵی ٢٠٠٨دا پۆستێکم لەو کۆمپانیایە پترۆڵەمان بۆ

ڕەشیدە دانا، بەڵام پۆستەکەی ڕەت کردەوە، بەڵام بەرپرسەکە دەڵێت، هێشتا پێشنیازی پۆستەکەمان بۆ ئەو ماوە. لە ڕاستیدا هێشتا دواڕۆژی برادەرە جوانەکە دیار نییە، ئەوانەی حەز لەو ناکەن دەڵێن، ڕەنگە ئەو ژنە بکرێتە ڕاوێژکارێکی گچکە لە دیوانی وەزارەتێک، بەڵام ئەو ئالیان شالوندونی شەیدا کردبوو، خۆی بە سارکۆزیش گرتبوو، گەیشتبووە ناو دڵی سیسیلیاش و نەیارەکانیشی شکاندبوو.

لە ناو سالۆنەکانی دەسەڵاتەوە پرسیارێک زۆر گەرمە، ئەویش ئەوەیە، ئایا ڕەشیدە دووبارە هەڵدەستێتەوە؟

پاش ئەوەی شەڕی سەرکردەی ئیدارەکانی دەکرد چ ڕوو دەدات؟ ئەو ژنە هەستیار و بەهێزە کە زۆر لە بنەماڵە سیاسییەکەش ڕقیان لێیەتی، وا هەست دەکرێت لە ناو خەڵکیش کەسایەتی و ناوەکەی بەرەو لاوازی دەڕوات. بەپێی ڕاپرسییەک لە ٣٠ی سپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ کرابوو، ڕێژەی ٢٥٪ حەز ناکەن لە دەسەڵاتدا بمینێتەوە، بەڵام ٤١٪ دەیانەوێت ئەو ژنە لە دەسەڵاتدا بمینێتەوە. بەڵام ئەو چۆن پێوەندییەکانی لەگەڵ فرەنسییەکان ڕادەگرێت، ئەوانەی پەرۆشن گیانبازییەکانی لەسەر ماڵپەڕەکان، یان لە ناو وێنەکاندا بزانن؟ دەبێ ئەو ژنە لە ناخی قووڵی خۆیدا چ بکات؟

***

## ڕاستی و درۆیەکانی میدیا

ئێمەی نووسەری ئەو کتێبە ویستمان ڕەشیدە ببینین، حەزمان دەکرد چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەک ئامادەیی نەبوو دیمانەکەمان قبووڵ بکات، پاش ئەوەی چەندان پێوەندیمان کرد و کۆششمان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کرد، تەنیا نامەیەکی ڕاوێژکارە ڕۆژنامەگەرییەکەی (بیار ئایف بورنازال)مان بەدەست گەیشتبوو، کە تێیدا نووسرا بوو:

(ئەو ناخوازێت نووسەرانی ئەو کتێبە ببینێت، ئەو ئێوە ناس دەکات).

ئەو چەند دەقەی لەگەڵ ئەو پیاوە ماینەوە، تێگەیشتین ئەو کەسە لە کار و

بەرنامەی خۆشی لەو وەزارەتە دڵنیا نەبوو، حەزی کردووە وەزیرەکەی بە ناوی (چاوی مـۆسکۆ) ناوی بهـێنێت، چونکە کـار و بەرنامـەی تەنیـا ئەوە بوو چاودێریی بەردەوامی بکات و ڕێگە نـەدات دەزگەکانی میـدیا لەو نزیک ببنەوە. لەو سـەردانەمـاندا و دیمانەمـان لەگەڵ ئەو پیاوە بۆمـان روون دەبێتـەوە کـەوا ڕەشیـدە لەگەڵ کارمـەندەکان باش گوزەران ناکات، زوو زووش دەیانگۆڕێت، لە ماوەی سێ ساڵدا سێ بەڕێوەبەری گۆڕیوە و ١٨ یاریدەری گۆڕیوە و زۆریشی لەسـەر کار دەرکردووە. شـارەزایانی کەسایەتییەکانی حکوومـەتی فرەنسی دەڵێن هـەردوو کەسایـەتیی سارکۆزی و ڕەشیدە لە ڕووی وزە و دینامیکیەتی و تاکڕەوەیدا زۆر لـەیەک نزیکن، زۆر شتیـان لەیەک دەچێت. برادەرە جـوانەکە لە لۆجـیک دوور دەکـەوێتـەوە، سیمـۆن ڤای ئەو ژنە قـازییـە ناودارە و سـەرۆکی یەکێتـیی ئەورووپی زۆر بەرگـری لەو دەکات، بەهیـچ شـێوەیەکیش لـەسـەر ئەو پێشـهاتانەش ئامادە نەبوو قسـەیەک بـکات و هـەڵوێستی خـۆی ڕانەگەیاند. کە لە ئێسـتگەی یۆروب ١ لەسـەر مـەسـەلـەی بەربەرەکانیی نێـوان وەزیری داد و قازییەکان لە پایزی ساڵی ٢٠٠٨ پرسیاری لێ کرابوو ئەو وتبووی:

(من کەسێکی قازیم، ئەوەیـان کێشـەیەکی ئاڵۆزە، من ناخـوازم لەسـەر ئەو تەنگژەیە قسـەیەک بکەم).

بەڵام دوور لە چاوی میدیا ئەو ژنە دەیوت:

(ڕەشیـدە کـەسێکی سـەیرە بڕوا بەهـەمـوو قسـەیەک دەکـات، بڕوا بە درۆکانیش دەکات).

***

## درۆیەکانی ڕەشیدە

ڤای لەلای یەکێک لە کەسە نزیکەکانی خۆی وتبووی:

(ڕەشیدە لەسـەر بڕوانامەکەی درۆی لەگەڵ مندا کردبوو، تەنیا منم لەو مەسەلەیە ئاگەدارم و هـەر منیش ئەوەیان دەزانم).

ڕەشـیـدە ڕازی نەبوو لـە قـوتابـخـانەی نیـشـتـمـانیی قـەزا دۆسـیـەکـەی

بڵاوبکرێتەوە، پاش ئەوەی گۆواری لیکسپرێس لەسەر مەسەلەی دۆسیەی تایبەتییەکەی بابەتێکی ورووژاندووە. رەشیدەش پاش ئەو رووداوە دۆسیەکەی خۆی لە قوتابخانەکە دەکێشێتەوە، بەوەش دیارە لەوە ترساوە لایەنێکی شاراوەی لێ ئاشکرا بێت، پرسیارەکەش ئەوەیە دەبێ لە ناو دۆسیەکەی شتێک هەبووبێت؟ بۆیەش لەبەر بڕیارەکان و لەبەر رۆشنایی ئیدارەی قوتابخانەکە بڕیار دەدات ئیعادەی ساڵێکی خوێندنی ئەو بکاتەوە کە ریزبەندیی ١١٦ بوو لە کۆی ١٥٧ی دەرچووانی ساڵی ١٩٩٧دا.

***

## مەزندە ناکۆکەکان

ئێمە کە خەریکی دوا دێرەکانی نووسینەوەی ژیاننامە راستەقینەکەی ئەو ژنە بووین، چەندان ئاماژەی دەردەکەوتن کە زۆریان مەزندەی ناکۆک و قسەی زۆر روون نەبوون.

هەندێک لە کەسە نزیکەکانی سارکۆزی دەبێژن، ئەو ئامۆژگاریی رەشیدەی کردووە، چەندان گۆڕان و هەڵوەستەی پێویست لە زۆر شتەکان بکاتەوە، ئامۆژگاریی کردبوو لە سەرەتادا، یارییەکان لەگەڵ نەیارەکان سارد بکاتەوە، وەک لەگەڵ (بریس هورتفۆ) و (پارتیک ئاوارت) و (ئیدوارد بالادور).

یەکەم دەرس کە نیکۆلا سارکۆزی رەشیدەی فێر کردبوو، کەوا ئەو پشت لە هاتوهاواری شارەکە و میدیاکان بکات، بەو جۆرە قسەی لەگەڵدا کردبوو:

(رەشیدە گوێ لە قسەی کەس راگرە، لەگەڵ قازییەکانی خۆت کارکەر بە و لەگەڵ دەستە گچکەکان ئیش بکە و شەوانە لە ناو خەڵکدا دەرمەکەوە).

ئەوەیان دەرسی یەکەمی سارکۆزی بوو بۆ رەشیدە، دەرسی دووەمیشی باسی ئەوەی کردبوو، ئەو خەریکی پرۆژەیەکی سیاسی بێت. لەو رۆژەوە وەزیری داد پشتی لە پێگە مىللییەکانی گەڕەکەکان کردبوو، ئێستاش سەرقاڵی بزاڤێکی نوێیە و کە ناوکەکەی لە چەند کەسێکی دڵسۆزی خۆی و

چەند تیمێکی رەسمیی سەر بە وەزارەتی داد پێک هاتووە، ئەو بزاڤەی ئەو رابەرایەتیی دەکات، ناوی ناوە (نەوەی بەختی دووەم).

***

## لە ناو لیستەکەدا

رەشیدە دەڵێت سارکۆزی هەرگیز پشتی من بەرنادات، بەڵام ماوەیەکە هەست دەکرێت هێدی هێدی لەو دوور دەکەوێتەوە، ئەویش لەو ڕۆژانەدا کەسێکی تر پشتیوانیی دەکات، ئەو کەسەش لە بەرچاوان دوورە، کەوا کەسێکی تایبەت و گرینگە بۆ برادەرە جوانەکە، ئەویش فرانسوا سارکۆزی برا گەورەی سەرکۆمارە، لەو ماوەیەی ئەو لە سۆفی هاوسەری جیا بوویتەوە، ئەو دوو کەسە زۆر لەیەک نزیک دەبینرین، یەکێکی نزیک لە سیسیلیا ئیتاس دەڵێت:

(بەڵێ لەو دەمانەدا رەشیدە زۆر بەتواناوە هاوشانی ئەو پیاوە دیارە).

برادەرە جوانەکە هەرگیز ئەو ستراتیجییە ناگۆڕیت کە زووتر تێدا سەرکەوتوو بووە، لەگەڵ فرانسوا سارکۆزیش بە تەلەفۆن بەردەوام نامە بۆ یەکتری دەنووسن. فرانسوا جێگری سەرۆکی (بیوالیانس)ی تایبەتە بە کەرتی پیشەسازیی دەرمانسازە، بێجگە لەوەش ئەو دکتۆری منداڵیشە، لە یەکەم ساتی منداڵبوونەکەیدا و پاش بەخۆهاتنەوە و بەردانی بەنجەکەی لەشی زوو بەنامەی تەلەفۆنی رەشیدە ئاگەداری کردیتەوە. ئەویش لە کلینکی مویات لە ڕۆژی یەکشەمی پاش منداڵبوونەکە سەردانی کردووە. ئەو نزیکبوونەوە بۆ ئەو زۆر گرینگ بوو، پاش ئەوەی سەرکۆمار بە دەستپێشخەری کارلا برونی لەگەڵ براکەی ئاشت بوونەتەوە، کە لە سەرخوانێکی رێستورانتێکی ئاسیایی بوو لە پاریسدا. لە ئاهەنگی سەرە ساڵی ٢٠٠٨ زۆر بەدرەنگەوە رەشیدە داوەتی سەرۆک و خاتوونی یەکەمی لە ڕۆژی ٣١ی دیسمبەر بەدەست دەگات، کە تێدا رەشیدە دەکەوێتە تەنیشت سارکۆزی و هاوسەرەکەی و دایک و باوکی دادوو ماریزا و بییر شارون و هاوسەرەکەی و ژمارەیەک لە هاوڕێیەکانی خاتوونی

یەکەم. پاش ٤٨ سەعات لە منداڵبوونەکەی رەشیدە ئەوە دەسەلمێنێت کەوا هێشتا ئەو لە ناو بازنەی یەکەمی سەرۆکە، تا ئەو ساتەش لە ئەنجامی هەموو توێژینەوەکاندا دیارە کەوا ئەو بەردەوام چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت کاری لە ناکاو و سوپرایز بکات و ئەو کارانەی لێ دەوەشێتەوە.

کۆتایی

# پاشکۆ

ئەو وتارە لە ڕۆژنامــەی ئەلقــەبەسی کــوێتی ڕۆژی ٢٥ی ئاداری ٢٠٠٩ بڵاو کـراوەتەوە، کـە لە بـابەتی کـتـێـبـەکـەش نزیکە بـۆیە وەرگـێـڕانی ئەوەشـمـان بەپێویست زانی.

***

## مـن باوکی منداڵەکەم ئاشکرا ناکەم

پاریس: حەسەن ئەلحەسەنی

ڕەشیدە ئازایانە هێرشکی توند دەکاتە سەر ئەو کەس و لایەنانەی دەخوازن و کارکەرن پرشنگی ئەستێرەکەی سست و کز بکەن، هەروەها وەڵامی ئەوەش دەداتەوە کەوا سـارکـۆزی دەسـبـەرداری ئەو نـەبووە و ناچاریش نـەکـراوە لە حکوومـەت دەربـچێت تا بەشـداریی هەڵبـژاردنەکانی ئەوروپی بکات. ڕەشیدە لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆ ژوورنال دو دیمانیش وتوویەتی:

(ئەو دەخـوازێت بۆ پەروەردەکردنـی کـیـژەکەی دەسـبـەرداری پۆسـتـە وەزارییـــەکـــەی بێت، ئـەگـــەرچی ئـەو ڕازی نەبوو مـــۆڵەتـی تایبـــەتی منداڵبوونیش وەگرێت، هەر زوو گەڕاوەتەوە سەر کار و لە پاش ٥ ڕۆژ لە منداڵبـوونەکەی لـە کۆبوونەوەی ئەنجـوومـەنی وەزیراندا بـەشـداری دەکات).

پاش دەرچوونی کتێبەکە (برادەرە جـوانەکە) کە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی ئەلقـەبەسـدا بـڵاو کـراوەتـەوە، ئەو دەڵێت ئەو قـســانەی لەو کـتـێـبـەدا بڵاو کراونەتەوە، دوورن لە ڕاستی و زۆریش بەرگریی لە مۆراڵەکانی خۆی کردووە، خۆشی وەک کەسێکی خەباتگێڕ دەناسێنێت و دەڵێ من کەسێکی فزوولی نیم.

## ژنەکە

پرسیار:

تۆ ژنێکی لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا، تازەش منداڵت بووە، دیارە بەنیازیت کارنامەت بگۆڕیت، لە ناو ئەو گۆڕانە نوێیانەدا، لەبەر ئەو هۆکارانە چۆن کارەکانت هەڵدەسەنگێنیت لەو ماوەی لە حکوومەتدا بوویت، چیمان بۆ هەڵدەبژێریت؟

وەڵام:

رووداوی یەکەم لە ژیانی مندا منداڵبوونەکەمە، من بۆ ماوەیەکی زۆر وام هەست دەکرد من ناتوانم منداڵم ببێت، ئەوەش بۆ من گۆڕان و سپرایزێکی نوێ و زۆر خۆش بوو. من ئەگەر کارنامەشم بگۆڕم بەرەو هەڵبژاردنەکانی ئەوروپی تەنیا بەرپرسیاریەتییەکانم دەگۆڕم، کارەکانم ناگۆڕێت، من بەردەوام لە خزمەتی فرەنسییەکاندا دەمینێمەوە، زۆریش شەرەفمەندم کە لە پۆستی وەزیری دادا دەمینێمەوە، لە وەزارەتێک کە کارنامە و ڕۆژانەکەی تەژییە لە ژان و ناخۆشی و تەگەرە. من لە هەموو دەمێکی تر حەز لە کاری سیاسی دەکەم، کەواتە من هەست بە ژیانی خەڵکەکە دەکەم، زۆریش بەهێزم لە پەرچدانەوەی ئەو هێرشە نارەوایانەی بەردەوام ڕووبەڕووم دەبنەوە، هەر بەهێزم، لە جاران بەهێزترم.

***

## بۆن و بەرام یان چاکسازییەکان

پرسیار:

لەو ماوەیەی تۆ وەزیری دادیت، سی جار لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان دەرکەوتوویت، شێست جاریش وێنەت لە بەرگی یەکەمی کۆوارەکان دراوە، هەموو باسەکانیش تەنیا بە ئاراستەی شەخسییەوە بوون، زۆر باس لە بۆنەکانت کراوە، باس لە ئەڤینداریت کراوە، ئەوەندە روویان لە چاکسازییەکان نەکردیتەوە؟

وەڵام:

لەبەرئەوەی من وەزیری وەزارەتێکی حەساس بووم، بۆیەش دەزگەکانی ڕاگەیاندن چاویان لەسەر من بوو، سارکۆزی ئەوەشی بۆ ئەوە کردبوو، تا بەهێزیی کۆمەڵگەی فرەنسی نیشان بدات، ئەویش ڕازی بووە لەسەر ئەوەی دەزگەکانی ڕاگەیاندن roویان لەو بووە.

***

## چیرۆکە ڕاستییەکە

پرسیار:

ئایا ژیانی تایبەتی خۆت زۆر لە میدیاکان ڕەنگی نەداوەتەوە؟

وەڵام:

هەموو لایەک خەون و قەرەباڵغییەکانی خۆیان لەسەر من بەتاڵ دەکرد، بەڵام ئەوەی لە میدیاکان بڵاو کرانەوە ڕاستییەکانی تێدا نەبووە، من بۆ سەرکەوتن، کۆششی بەردەوام و زۆرم کردووە، هەر دوو وشەی کۆمار و ئازایەتی لە کاروانەکەی مندا جێگەی بەرچاوی هەیە، ژیانی منیش بەشێک نییە لە حکایەتی ئەفسانە و ئەجندەکان. کە بەو شێوە کاریکاتێرییەش باسی ژیانی من دەکەن، من تووڕە ناکات، بەڵام بەداخەوە پاش ئەوەی من بەو جۆرە دەبینن، خەڵکی کۆڵانە میللییەکانم لێ هەڵدەخەڵەتێنن، من لە بەردەم نەوەی نوێدا بەرپرسم، ئەوانە ڕامانێکیان هەیە کەوا ئیعتراف بەو کارانە ناکەن.

***

## باوکی کیژەکە

پرسیار:

زۆر کەس لەوانە سارکۆزیش تۆ وەک ستارێک سەیر دەکەن... (لەگەڵ پێکەنینی ڕەشیدە پرسیارەکە دەبڕیت)، دەتوانی ناو باوکی منداڵەکەتمان بۆ ئاشکرا بکەیت، دەکرێ چەند وێنەیەکتان پێکەوە بگرین؟

وەڵام:

من هەرگیز ژیانی تایبەتیم ناخەمە بەرچاوی میدیا، لە ئێستاشەوە دەست پێ ناکەم، نامەوێ بزانم ئەگەر ئەوەیان بکەم و ژیاننامەی خۆم بڵاو بکەمەوە، پاشان چ دەبێت.

پرسیار:

ئایا ئەو بێزارکردنە ئازارت دەدات و تووشی شۆکت دەکات؟

وەڵام:

من زۆر کەم بێزار دەکرێم، بۆ وروژاندن و چاوەڕوانیکردن کار ناکەم، سەبارەت بە باوکی منداڵەکەم، وەک لە ڕۆژنامەکاندا بینیووتە، لە کۆوارەکاندا خوێندووتەوە، دەمەوێ ڕێز لە کیژەکەم بگیرێت، ڕێز لە باوکی ئەویش بگیرێت، لەو دەمانەدا سەرچاوەیەکی میدیا بە ماتۆڕسواریدا بێزاری کردووم، ئەوەیان زۆر هەراسانی کردووم.

پرسیار:

دیارە پێوەندییەکی عاتیفیی باشت لەگەڵ هاووڵاتییاندا هەیە، ئەوانەش دەیانەوێ چەند لایەنێکی ژیانت بزانن؟

وەڵام:

نامەی زۆرم بەدەست دەگات، بڕوا ناکەم هیچ وەزیرێکی تری داد بەقەد من نامەی بۆ ڕەوانە کرابێت، لە نامەکاندا ناوم بە گچکەیی دەنووسن، یان نامەکانیان بە ئەزیزەکەم ڕەشیدە دەست پێ دەکەن. زۆر کەس لە شەقامەکاندا پرسیاری کیژەکەم دەکەن، ناپرسن ناوی باوکی چییە. منیش بەدڵنیاییەوە خەونم بەوە دەبینی منیش خێزانێکی تەقلیدیم هەبووایە، بەڵام ژیان شتێکی تری بۆ من هێناوەتە دی.

***

## بۆ نموونە

پرسیار:

کێ لە ژنان دەکەیتە نموونەی خۆت؟

وەڵام:

بێگومان لەوانە سیمۆن ڤای، فرانسواز جیرو و ماری کۆری، من بەردەوام بە ژنانی چالاک سەرسامم، حەزیش دەکەم لەگەڵ ژناندا کار بکەم، زۆریش کارم بۆ ئەوە کردووە ژنان لە وەزارەتەکەماندا پۆستی باڵایان هەبێت. دوو ژنم لە پۆستی ئیدارەی ناوەندی وەزارەت دانابوو، زۆریشم کردبووە مودعی گشتی. من لە ناو بنەماڵەیەک گەورە بووم ژنی زۆر تێدا بووە، ژیان لە ماڵە میللییەکان ئەوەی خۆشە کەوا هاوکاریی ژنانەی تێدا گەرموگوڕە.

***

## ئازادی گرینگترە

پرسیار:

دەزانی فرەنسییەکان بەوە سەرسام بوون، کە تۆ پاش پێنج ڕۆژ لە منداڵبوونەکەت هاتوویتەوە دەوام لە وەزارەت؟

وەڵام:

(بەبزەیەکەوە)، چ بڵێم، ئەو دەمانە زۆریش باش نەبووم، بەڵام دەمتوانی دەوام بکەم، من لە ڕێنوێنییەکانی دکتۆرەکەشم دوور نەکەوتبوومەوە، بڕوا بکەن ئەو دەمانە ماندووش بووم، وا نەزانن من ئاسایی بووم. خۆ منیش گچکە نیم و تەمەنم بیست ساڵێک نییە، دوایی من وەزیری دادم و کار و فەرمانم هەیە، من وا دەزانم مەسەلە ئەساسییەکانی مافەکانی ژنان ئازادییە.

پرسیار:

ئایا پشتیوانییەکەی کاندیدی ئیشتراکییەکان بۆ سەرۆکایەتیی سیگولین رویال بەبایەخەوە وەرت گرتبوو؟

وەڵام:

من لەگەڵ بژارە سیاسییەکان لەگەڵ ئەودا جیاوازم، بەڵام ڕێزی ئەو دەگرم، ئەو ژنێکی ئازایە.

***

## پێڵاوی پاشنە بەرز

پرسیار:

کە لە نەخۆشخانە دەرچووبوویت، خەڵکەکە لەسەر پێڵاوە پاشنە بەرزەکەت و تەسریحەی قژت قسەیان هەبوو؟

وەڵام:

من هیچ ساتێک لە مێینەی خۆم دانابڕێم، ئەوەش لەگەڵ توانا پیشەییەکانم ناکۆک نییە، جارێکیان (ئیلیزابێت گنفۆ)ی ژنە وەزیرە ئیشتراکییەکە باسی کێشەکانی ڕۆژانەی خۆی بۆ گێڕامەوە و وتی، کە وەزیر بووم کە گەیشتبوومە ماوەی کۆتاییی پۆستەکەم مکیاجەکەم کەمتر دەکردەوە، تەنوورەی کورتم چی تر لەبەر نەدەکرد. بەڵام من نامەوێ هیچ شتەکانم بگرم، بڕیاریش لەسەر کەسانی تر نادەم لەبەر ڕۆشناییی بژارە تایبەتییەکاندا، بۆیەش نامەوێ خەڵکیش بڕیار لەسەر ویستە تایبەتییەکانم بدات.

پرسیار:

جلی ئاهەنگی دیور بۆ نموونە؟

وەڵام:

من هەڵەیەکی گەورەم کردبوو کە شەوێکیان چوومە ئاهەنگێکی شەوانەی خانەی نمایشی مۆدەی فەرەنسی، کە تێدا چەندان وەزیریش ئامادە بوون لەوانە سەرۆکی حکوومەتیش، لەوێ تەنیا لەسەر من گران کەوتەوە. من بێجگە لە خوانە شەوینەکانی ڕەسمی و حکوومی کە بۆ مێوانە بێگانەکان ساز دەکرێن، حەز لە دانیشتنی کەسانی ناودار ناکەم، من زۆر کەم و بەدەگمەن

ئێواران دەردەچم. من لە ئاهەنگێکی وەزارەتی داد ئامادە نەبووم کە لەسەر شەرەفی سەرۆکی گەورە کۆمپانیاکان سازمان کردبوو، وەک هەندێ کەس دەڵێن گوایە من لەوێ بووم.

***

## خوانی بەیانییان لەگەڵ ناودارەکان

پرسیار:

بەڵام لە جیاتی ئەوەی پێشوازی لە نوێنەری سەندیکای پاسەوانی بەندینخانەکان بکەیت، تۆ بەیانییەکەی لەگەڵ ئالبیری ئەمیری موناکۆ نانتان خواردووە؟

وەڵام:

ئەو قسەیە زۆر تیژ و ناڕاستە و زامدارم دەکات، ئەوەیان قسەی کەسە ناحەزەکانم بوو، ئەوانە پڕوپاگەندەی لەو جۆرەم بۆ هەڵدەبەستن. من لەگەڵ ئەمیری موناکۆ لە ئیمارەتی موناکۆ بۆ هاوکاریی قەزائی کۆبوونەوەیەکمان کردبوو، بۆ ڕۆژێکی تر لەگەڵ نوێنەری ئەو سەندیکایانە دیمانەمان بوو. قسەی نادروست و زۆرم لەسەر دەنووسرێت، بۆ نموونە نووسراوە کەوا وەزارەتی داد بوویتە داینگەی منداڵان، ئەوەشیان درۆیە من و کیژەکەم لە دەرەوەی وەزارەتدا دەژین.

***

## کتێبەکەم نەخوێندیتەوە

پرسیار:

ئایا ئەو کتێبەی بەناوی (برادەرە جوانەکە) لەسەر تۆ دەرچووە خوێندووتەوە، کە باس لە تۆ دەکات و لە کتێبخانەکانیش فرۆشتنی گەرمە؟

وەڵام:

نەخێر، من رقم لەو جۆرە کتێبانەیە کە هێرش دەکەنە سەر خەڵک و

سەرچاوەکانیشیان تەنیا کەسانی نادیارن، ئەو جۆرە کتێبانە کێشەی ئەخلاقیشم بۆ دروست دەکات.

پرسیار:

ئەگەر کتێبەکەشت نەخوێندبێتەوە، دیارە کەوا ناوەکەی لە رۆمانێکی موباسان وەرگیراوە کەوا باس لە ژنێکی پلانگێڕ دەکات چۆن دەگاتە دەسەڵات، راستە تۆش توانیوتە سەرنجی کەسە گەورەکانی دەسەڵات بۆ لای خۆت راکێشیت؟

وەڵام:

دەبێ لە واتەی وشەکان حاڵی بین. دیارە کەوا لەو بوارەدا ژنان زۆر هێرشیان دەکرێتە سەر، دەستەواژەی ژنە پلانگێڕەکە، ژنە سووکەکە دەگەیەنێت، منیش ئەوەیان رەت دەکەمەوە، من ژنێکی پلانگێڕنیم، من بە دڵسۆزی و بە جدی کار دەکەم، بۆ من زۆر گرینگ بوو مەسرەفی ڕۆژانەی خۆم دەربهێنم، دەبووایە بژیم.

پرسیار:

تۆ بەهرەی ئەوەت تێدایە دیمانەکانت سەرکەوتوون، دەزانی چۆن کەسە بەهێزەکان بۆ لای خۆت راکێشیت؟

وەڵام:

من دیمانەی جوانم لەگەڵ کەسانی گەورە بووە، لەوانە کەسێکی وەک ئالبان شالوندون (وەزیری دادی پێشوو لە حکوومەتی شیراک و یەکێکیش بوو لە وەزیرەکانی دیگۆل) ئەو زۆر یارمەتیی دام تا بتوانم بچمە سەر پشتی ئەسپەکە. لەوانە سیمون مای (وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ڤالیری جیسکار دیستان) و جاک ئاتالی (راوێژکاری میتران). ئەوانە و کەسانی نەناسراویش وەک مامۆستایەکی زمانی فرەنسی کە فێری کردم رێنووسم خۆش بووێت، یان بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەک کە یەکەمین جار لە ژیانمدا هەلی کارکردنی بۆ من دۆزیوەتەوە. مەسەلەکە مەسەلەی بەخت نییە،

بگرە مەسەلەکە عینادی و هێز و کارکردنە، من خۆم بە قەرزاری هەموو ئەو کەسانە دەزانم کە یارمەتیی منیان داوە.

***

## کێ گوتی

پرسیار:

کەس ناتوانی بەرهەڵستی تۆ بکات؟

وەڵام:

هەموو گاڤێ بەمن ناڵێن ئافەرین، منیش زۆرجار سەرنەکەوتووم، من بەردەوام کۆششم بۆ ژیان کردووە، ویستوومە ئازاد بم، من باشم دەزانی بەکارکردن دەتوانم ئازاد بم.

پرسیار:

دەڵێن سیسیلیا سارکۆزی تۆی گەیاندووەتە حکوومەت، دیارە ئێستاش پێوەندییەکانتان ساردە و باش نییە؟

وەڵام:

کێ ئەو قسانەی بە تۆ گوتووە؟ من هەرگیز قسەی لەو جۆرەم نەکردووە، من زۆر قەرزارباری ئەو ژنەم.

پرسیار:

زۆر لەبەر ناوی رەشیدە تۆیان چەوساندیتەوە، تۆش لەبەر ناوەکەت هەستت بەنەژادپەرستی کردووە؟

وەڵام:

بەراستی نەخێر، من هەستم نەکردووە کەسانێک هەبن رقیان لە من بێت، ئەگەر ئەوەش هەبێت مانای ئەوە نییە، ئەوەیان جۆرێکە لە نەژادپەرستی؟ بڕوا ناکەم.

پرسیار:

کەی لە حکوومەت دوور دەکەویتەوە؟

وەڵام:

تا ئێستاش مەوعیدێک نییە بۆ ئەوەی من لە حکوومەت دەربچم، من دەبێ لەسەر ئەوەش بوەستم تا نوێنەرەکانمان دەنگ لەسەر یاسای بەندکراوەکان بدەن، کەوا بڕیارە ئەوەیان لە مانگی مایۆ تەواو بێت.

پرسیار:

دوو ساڵ بۆ گۆڕانی زۆر قووڵ، ئایا ئەوەیان ماوەیەکی کورت نییە؟

وەڵام:

لەو دەمانەی دانوستاندن لەسەر یاسای بەندکراوەکان گەرمە، بەرنامەی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار نیکۆلا سارکۆزی ئامانجەکانی دەپێکێت، دیارە کەوا چاکسازییەکانیش مەسەلەیەکی وا ئاسان نییە، بەڵام لە ماوەی ٢٤ مانگدا توانرا ٣٠ پرۆسەی چاکسازی بکرێت. پاش چەند ڕۆژێکی تر یاسای سزای تایبەت بە کەماسیش دەردەچێت، گرفتی ئەوەشمان لە پێشە بۆ لابردنی پۆستی قازیی لێکۆڵینەوە.

پرسیار:

سەرکۆمار پێش تۆ کۆششی کردبوو، ئەو پۆستە نەهێڵێت...؟

وەڵام:

لە سەرەتای دەستبەکاربوونم لە وەزارەتی داد من داوای ئەوەم کردووە، لەمێژە من ئەوە داوا دەکەم، لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی پارەوە من داواکارم، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکم پێک هێنابوو، کە بەروونی داواکاربوون: یاسای سزا و یاسای ئیجرائاتە سزاییەکان بگۆڕێن، دوا بەشی ئەو یاسایە پۆستی قازیی لێکۆڵینەوەیە. پاش هەردوو ڕووداوی ژوورنالیستەکەی ڕۆژنامەی لیبراسۆن و سستەرەکەی نەخۆشخانەی سان ڤانسان وای کرد سەرکۆمار توندڕۆیانە داوای ئەو گۆڕانانە بکات.

پرسیار:

تۆ لەگەڵ قازییەکاندا پێوەندیی ئاڵۆزت هەیە، هەروەها لەگەڵ یاریدەرەکانیشت، کە بەشێکیان دەستیان لەکار کێشایەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە تۆ زوو توورە دەبیت و هەڵدەچیت؟

وەڵام:

بڕوا دەکەیت ئەگەر من کەسێکی توند و توورەم، دەگەیشتمە ئەو پێگەیە، من لە تۆ دەپرسم؟ من بڕوام نەدەکرد پیاوێک هەبێت ئەو جۆرە قسانە ڕووبەڕووی ژنێک بکاتەوە. بەپێچەوانەوە ژنان پێش هەموو شتێک، پێش بڕیاردان زۆر بیر دەکەنەوە، بەڵام لێرە کێشەیەک هەیە، من خاوەن دەسەڵاتم، لە کۆتاییدا ئێوەن بڕیار دەدەن ئایا چاکسازییەکان سەرکەوتوو بوون، ئەگەر فەشلمان هێنا بێت، فەشەلەکە دەگەڕێتەوە ئەستۆی ئێوە.

***

## تۆ و سەرۆک

پرسیار:

لەبەر نزیکبوونت لە سەرکۆمار کێشەت لە کارەکانتدا بۆ دروست نابێت؟

وەڵام:

من هەرگیز و بەهیچ شێوەیەک گوێم بەو مەسەلەیە نەداوە، من ڕێزی زۆری سەرکۆمار دەگرم، من زۆر قەرزاری جوانییەکان و پشتیوانیی ئەوم، بەڵام من زۆر سنوورم بۆ ئەو مەسەلەیە داناوەو زۆرتر شۆڕ نەبوومەتەوە، چونکە ئەو سەرۆکی دەوڵەتە.

***

## ژن و سیاسەت

پرسیار:

بۆ کاری سیاسیت هەڵبژارد؟

وەڵام:

من لە ساڵی ١٩٨٣ بەکالۆریام وەرگرتووە، ئەو دەمانە بوو لە نەژادپەرستی و مافەکانی جیاوازیدا رزگارمان بووبوو. من نەمویستووە کەسێکی جیاواز بم، من هەستم کردووە من کەسێکی فرەنسیم. لەگەڵ ملکیەی خوشکم یارمەتی هاوولاتییانی گەڕەکە میللییەکانمان دەدا تا داوا رەسمییەکانیان پێشکێش بکەن، لەو دەمەدا و بەبێ ئەوەی ئاگامان لە خۆمان بێت لە سیاسەت کارمان کردووە. ئەوانەی کە دەیانویست کیژێک بەزۆر بەشوو بدەن، دەچوونە لای باوکی کیژەکە و زۆرمان لەبەری دەخوێند تا واز لە بەزۆربەشوودانی کیژەکەی بهێنێت. من لەبەر رۆشنایی و دژایەتیکردنم بۆ ستەم و ناڕەزاییەکان کەوتوومەتە ناو سیاسەت.

پرسیار:

ئێستا ڕۆژی گەشەی هەمەڕەنگی بوویتە مۆدە، ئەوەیان بۆ تۆ گرینگە؟

وەڵام:

بێگومان وایە، بەڵێ لەبەر رۆشنایی ئاسۆکانی هەڵبژاردنەکانی ئەورووپی داهاتوو، لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی دڵسۆز کە چەند ساڵە بەردەوام هاوشانی من بوون، بەیەکەوە هەڤاڵبەندی ئیلتیزامی هاونیشتمانیمان هەبووە و بەیەکەوە لەگەڵ نیکۆلا سارکۆزی بەشدارییان هەبوو، کۆمەڵەیەک دادەمەزرێنین، دەمەوێ گەنجی گەڕەکە میللییەکان چی تر هەست نەکەن ئەوان لەو وڵاتە غەریبن، حەز دەکەم لە بواری سیاسیدا بێنە پێشەوە و کار بکەن.

پرسیار:

ئایا ئێستا کار بۆ حیسابی خۆت دەکەیت؟

وەڵام:

مەسەلەکە بەو جۆرە و بەو شێوەیە ناکرێت، من هەموو قناعات و کەسایەتی و ناودارییەکەم بۆ خزمەتی خۆم تەرخان دەکەم، بەو شێوازەش بەردەوام دەبم، کۆشش دەکەم گەنجان و ژنان لە خۆم کۆ بکەمەوە، ئەوانەش چاوەڕوانی

پڕۆژەیەک دەکەن، من زۆر سەرسام دەبم کە لە هەندێ لەو گەنجانە لە گەڕەکە میللییەکان دەبیستم، باس لە فرەنسییەکان دەکەن، کەچی ئەوان خۆیان فرەنسین، دەمەوێ هەست بە ئینتیمابوونی خۆیان لەو وڵاتەدا بکەن.

پرسیار:

ئایا حەز دەکەیت ببیتە ئەندام پەرلەمانێکی ئەوروپی، یان ئەوەت لە ناچارییەوە قبووڵە؟ یان بەبژارێکی خراپی دەزانیت؟

وەڵام:

پاش ئەوەی کیژەکەم لەدایک بوو، کە لە نەخۆشخانە هاتمە دەرەوە، لەگەڵ سارکۆزی بەیەکەوە قسەمان کرد، باسی دوارۆژمان کرد، ئەو منی ئیقناع کرد کەوا ئیلتزامی سیاسی بەگۆڕینی شێوەکان دەوڵەمەند دەبێت و دەژیت.

پرسیار:

کەواتە تۆ ئارەزووەکانت لەدەست نەداوە؟

وەڵام:

لەو دەمانەی باس لە نەمانی ئارەزووەکانم دەکرێت، من دەبێ بچمە بن ئەرزەوە، ئەگەر ئەوەیان راست بێت. من بەو ژیانە تایبەتییەی خۆم و شانازی دایک و باوکم هەست دەکەم سەرفرازم، ئەوانەی هەرگیز بیریان لەوە نەکردیتەوە ڕۆژێکیان کیژەکەیان ببێتە وەزیری دادی دەوڵەتێک کە لە ساڵی ١٩٦٤دا پێشوازییان لەوان کردووە.

پرسیار:

لەوە ترست هەیە ڕۆژێکیان هیچت لە دەستدا نەمینێت؟

وەڵام:

نەخێر، بەهیچ شێوەیەک بیر لەوە ناکەمەوە، چونکە من لەو بەرنامەیەی خۆم بەردەوام دەبم، من بەردەوام قۆڵ و باسکم لە کارکردن هەڵدەکەم و کار دەکەم، دوایی من پیشەیەکم هەیە، من قازیم.

پرسیار:

چوونت بۆ پەرلەمانی ئەوروپی و گەیشتنت بە ستراسبۆرگ (پەرلەمانی ئەوروپی)، مانای فەشلت ناگەیەنێت؟

وەڵام:

نەخێر، ئەوەشیان هەنگاوێکی نوێیە، من ئەو دەمانە هەست دەکەم کەوا فاشیلم، ئەگەر منداڵم نەبووایە و نەزۆک بووام.



رەشیدە و سارکۆزی



رەشیدە و سارکۆزی یەکتری ماچ دەکەن




رەشیدە لە خۆزتی سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیای پێشوو



رەشیدە لە پێش دیواری گریانی جوولەکەکان لە ئۆرشلیم



وەستا موبارەکی باوکی رەشیدە



رەشیدە زەهرەی کیژی لە باوشدایە




رەشیدە بەجلی شەوانەی دەرچووندا